ئارمین نەوابی

# بۆچی خوا بوونی نییە

وەڵامە سادەکان بۆ
٢٠
بەڵگەی باو لەسەر بوونی خوا

وەرگێڕانی
کەمال ئەحمەد

ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

بۆچی خوا بوونی نییە • ئارمین نەوابی • وەرگێڕانی: کەمال ئەحمەد • ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

Atheist Republic

**ناوی کتێب:** **بۆچی خوا بوونی نییە؟**
بابەت: ...
ناوی کتێب بە زمانی سەرەکی: **Why There Is No God**

نووسینی: **ئارمین نەوابی**
وەرگێڕانی: **کەمال ئەحمەد**
دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆک: **مراد بەهرامیان**

ISBN_978-91-985822-3-9

پێشکەشە بە باوکم،
**کە نرخی فێربوونی پیشاندام.**

پێشکەشە بە دایکم،
**کە نرخی بایەخدان و سۆزی پیشاندام.**

# پێڕست


**پێشەکی** ........................................ ٧
ئەم کتێبە بۆ کێیە؟
تێگەیشتنی ئەرکی سەلماندن
ئایا دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین خوا نییە؟
ئایا گفتوگۆ هیچ سوودێکی هەیە؟
مەبەستمان لە خوا چییە؟
ئێمە کێین؟
بابەت و گفتوگۆی زیاتر
**وەرزی یەکەم** ........................................ ١٣
«زانست ناتوانێت ئاڵوزی ورێکوپێکی گەردوون روون بکاتەوە، دەبێت خوا ئەم جیهانە بەم جۆرە دروست کردبێت»
ئاڵۆزبوون نیشانەی بوونی دیزاینەر نییە
ئەگەر ئاڵۆزبوون پێویستی بە خوا هەیە، ئەی کێ خودی خوا دروست کردووە؟
**وەرزی دووەم** ........................................ ١٧
«بوونی خوا لە رێگەی کتێبە پیرۆزەکان سەلمێنراوە»
بەڵگەکان ناتوانن متمانە بدەن بە خۆیان
دەقە ئایینییەکان زۆر ناکۆک وە هەڵەن
دەقە ئایینییەکان بەدەست مروڤ نووسراون وە ئاساییە هەڵەی تێدابێت
**وەرزی سێیەم** ........................................ ٢١
«هەندێک رووداو نائاسایی وە وەک موعجیزەن وە ئەم موعجیزانە بوونی خوا دەسەلمێنن
هۆکارێکی نەزانراو نابێتە بەڵگەی دەستێوەردانێکی خوایی
زۆربەی رووداوەکان لە جەوهەرەوە بێ مانان
ڕووداوە نامۆیەکان نیشانەی بوونی دەستێکی دەرەوەی سروشتی نین
**وەرزی چووارەم** ........................................ ٢٨
«ڕەگی ئەخلاقیات لە بوونی خواوە دێت وە بە بێ خودا ئێمە ئینسانی باش نین.»
ئەخلاقیات دەگۆڕێن وە لە مۆد دەکەون
مەتەڵی ئیتیفرۆن
خوودا یان بێ هێزە یان نیازخراپە وە یان هەرلە بنەرەتدا بوونی دەرەکی نییە
ڕوونکردنەوەیەکی سروشتی بۆ ئەخلاقیات
**وەرزی پێنجەم** ........................................ ٤٠
«خواپەرەستی تا ئەم رادەیە فراوان نەدەبوو ئەگەر خوا نەبوایە.»
باوەڕەکان هیچ کاریگەریان نییە بەسەر جیهانی ماددی
ئایینەکان لە هەموو جیهان هەن، بەڵام باوڕێکی تایبەت جیهانی نییە

وەرزی شەشەم .............................................................................................................. ٤٤
«خوا وەڵامی دوعاکان دەداتەوە، کەواتە هەیە»
پێبژار کردن بۆ پشتڕاست کردن
خودی جەوهەری دژەیەکی دوعا
کاریگەریە خراپەکانی دوعا
وەرزی حەوتەم .............................................................................................................. ٤٩
«هەست دەکەم پەیوەندیەکی تایبەتیم لەگەڵ خوا هەیە، بۆیە دەزانم خوا هەیە»
بەشی لاجانگی مێشک وە ئەزموونەکانی ئایینی و عیرفانی
تەنها ئەوەی پێتان خۆشە دەتانەوێت ببینن
ئەرکی سەلماندن
وەرزی هەشتەم .............................................................................................................. ٥٤
«باشترە باوەڕمان بە خوا هەبێت نەک هەڵە بین و بچین بۆ دۆزەخ.»
هەلبژاردنی خوای دروست
زیان چییە؟
وەرزی نۆیەم .............................................................................................................. ٥٨
«خوا سنووردار وە شیاوی تێگەیشتن وە روون کردنەوە نییە، پێویستە بە سادەیی باوەڕمان بە خوا هەبێت.»
پووچ بوونی بەکارهێنانی ئیمان وەک بەڵگە
خودا روون ناکرێتەوە
ناپەیوەست بوونی ئیمان
وەرزی دەیەم .............................................................................................................. ٦٢
«هیچ بەڵگە و نیشانەیەک بۆ رەت کردنی بوونی خوا بەردەست نییە»
بەڵگەهێنانەوەکانی هەڕەمەکی
بێ باوەڕبوون بەواتای باوەڕهەبوون بە شتێکی تر نییە
وەرزی یانزدە .............................................................................................................. ٦٦
«ئەگەرخوا نییە ئەی ئەم گەردوونە چۆن دروست بووە؟ تەنها خوا دەتوانێت بەرپرسی دروست بوونی ئەم جیهانە بێت.»
پاڵنەری سەرەکی
خراپ تێگەیشتن لە فیزیا
بەڵگەی گەردوون ناسین هیچ شتێک سەبارەت بە خوا ناڵێت
وەرزی دوانزدە .............................................................................................................. ٧١
«خوا / ئایین زۆر یارمەتی منیان داوە،چۆن دەبێت راست نەبن.»
ئەزموونە باشەکان بوونی خوا ناسەلمێنن
ئەی ئەو کەسانەی خوا رزگاریان ناکات چی؟
وەرزی سێنزدە .............................................................................................................. ٧٥
«خوا خوشەویستیە، خودا وزەیە»
پێناسەکانی خودا
وشـەکان کەل وپەل نین
وەرزی چواردە .............................................................................................................. ٨٠

«یاساکانی لۆژیک بوونی خوا دەسەلمێنن.»
بەڵگەی بەرزتربوون لەراستیدا چی دەڵێت؟
بەهەڵەدابردنی هاوشێوەبوون
رەخنەکانی تر لەسەر بەڵگەی بەرزتربوون
**وەرزی پانزده** ........................................ ٨٥
«باوەڕهەبوون بە خوا مانا و ئامانج دەداتە ژیان. بە بێ خوا ژیان بێ مانا دەبێت.»
بانگەشە ئایینییەکان، بە بەڵگە و شاهید هەژمار ناکرن
ڕاستیەکی تاڵ باشترە لە درۆیەکی ئارام بەخش
ئێمە ئازادین لە خولّقاندنی پێناسەکانی خۆمان
**وەرزی شانزده** ........................................ ٨٩
«خەلکانێکی زور لە پێناو خوا و ئایین گیانیان لەدەست داوە. بە دڵنیاییەوە خوا هەیە.»
خەلک گیان فیدا دەکەن لە پێناو ئەو شتەی باوەڕیان پێیە
ڕاستی شەڕە ئایینییەکان
**وەرزی حەوده** ........................................ ٩٣
«بە بەراورد لەگەڵ ئایینەکان، بێ خودایی خەلکانێکی زۆری بە کوشتن داوە، کەواتە هەڵەیە.»
بێ خودایی هیچ مەکتەب و بنەمایەکی دیاری کراوی نییە
ئایینی کەسی
**وەرزی هەژده** ........................................ ٩٨
«کاتێک پێویستت بە خوا هەبێت،ئەوکات باوەڕی پێ دەهێنی».
ئایا بە راستی لە سەنگەرەکان هیچ کەسێک بێخودا نییە؟
ئەو مێشکەی خەریکی مردنە ،جێی متمانە نییە
ئیمان هیچ کاریگەریەک لەسەر راستییەکان نییە
**وەرزی نۆزده** ........................................ ١٠٤
«مرۆڤە ژیرەکان وهەندێک زانای بە ناوبانگ وەک فلان زانا ئیمانیان بەخوا هەبووە، کەواتە دەبێت خوا هەبێت.»
مرۆڤە ژیرەکانیش تووشی هەڵە دەبن
پشت بەستن بە دەسەڵات
بێ خودایی، خویندەواری وە ئەقل
**وەرزی بیستەم** ........................................ ١٠٩
«لە راستیدا چۆن دەکرێت لە بابەتێک زور دڵنیا بین؟»
چۆن دەکرێت ئێمە لە بابەتێک دڵنیا بین؟
دروست بوونی باوەڕەکان شیاوی هەڵسەنگاندنن
من راستیەکەی تۆ رەت دەکەمەوە وە راستیەکەی خۆم لەجیاتی دادەنم
«گەڕان بە دوای خودا»
مێشکێکی کراوە
بابەت و گفتوگۆی زیاتر
**وەرزی کۆتایی** ........................................ ١١٥
**وشەکان** ........................................ ١٢٣

# پێشەکی

ئامانج لەم کتێبە دەستەبەرکردنی دژە بەڵگەکانی ورد، روون وە ئاسانە لە بەرامبەر بەڵگە باوەکانی بابەتی بوونی خوا. هەر وەرزێک بە روونکردنەوەیەکی کورت و سادە لەسەر بەڵگەکە دەست پێدەکات وە دوای ئەو رەخنەکان و سەفسەتە جەوهەریەکانی روون دەکاتەوە. بەڵگە باسکراوەکانی ئەم کتێبە بناغەیەکی پتەوتان پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی بتوانن بۆچوونە تایبەتیەکانی خۆتان سەبارەت بە خوا لەسەری دابمەزرێنن.

## ئەم کتێبە بۆ کێیە؟

ئەم کتێبە بۆ بێخوداکان، خواپەرەستەکان وە ئەوانەی هێشتا بڕیاریان نەداوە لەسەر بوون یا نەبوونی خوا نووسراوە. بۆ ئەو کەسانە کە مانای خوا بەو رادەیە لایان گرنگە کە شایانی گفتوگۆو و شیکردنەوەی رەخنەگرانە بێت. ئەم کتێبە بە شێوەی سەرەکی کومەڵێک بابەتی بەرچاو سەبارەت بە چەمکی بوونی خوا دەخاتەڕوو وە خوێنەر بە سوود وەرگرتن لەم بابەتانە دەتوانێت باشتر ئامادە بێت بۆ گفتوگۆو کردن و دۆزینەوەی بیرۆکەی نوێ وە تایبەت بە خۆی لەسەر بابەتی خوا.

بۆ ئەوانەی خۆیان وەک بێخودا یەکلاکردووتەوە، ئەم کتێبە یارمەتیان دەدات بۆ ئەوەی لە کاتی گفتوگۆ لەگەل خواپەرەستەکان بە شێوەیەکی باشتر باسی بۆچوونەکانیان بکەن وە رێنیشاندەرە بۆ روونکردنەوەی بۆچوونەکانی بێخودایی بە باشترین رێگە. وەک بێ باوەڕێک ئێوە بەهەر حال لەکاتی رووبەرووبوونەوە لەگەل کەسێکی باوەڕدار بەناچاری تووشی بەشێک یا هەموو بەڵگەکانی باسکراو لەم کتێبەدا دەبن، بۆیە ئاشنابوون و خوێندنەوەی وردی لێکدانەوەکان وە هەروەها بۆ هەبوونی هەڵسوکەوتێکی لۆژیکی و گونجاو لەکاتی گفتوگۆکانتان بەسوود دەبێت.

وەک کەسێکی خواباوەڕ، لەوانەیە دژی زۆربەی لێکدانەوەکانی ئەم کتێبە بن وە ئەمە شتێکی ئاساییە، بەڵام لە رێگەی خوێندنی ئەم کتێبە لەگەڵ بیرۆڕای خەلکی بێ باوەر وە هەروەها پرسیار و رەخنەکانیان لەسەر باوەڕەکانتان زیاتر ئاشنا دەبن. ئەگەر دڵنیان لەوەی کە دەتانەوێت بەرگری لە باوەڕەکانتان بکەن، بێگومان ئەم کتێبە یارمەتیدەر دەبێت بۆ زانینی هۆیە سەرەکیەکانی بێ باوەڕ بوونی خەلکانی

تر. بابەتەکانی ئەم کتێبە هاوکاریتان دەکات تاکۆ لە بارێکی وشیارترەوە دیبەیت بکەن وە تەنانەت بۆ لایەنی بێ باوەڕی بەرامبەرتان جێگای رێزو سوپاسە بۆ ئەو کاتەی تەرخانتان کردووە بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتنی بەڵگەکانیان. ئاشنا بوون وە درک کردنی بۆچوونەکانی لایەنی بەرامبەرتان رێگا خۆشکەرە بۆ هەبوونی گفتوگۆیەکی بەسوود وە پڕ بایەخ لە سەر بابەتی بوونی خوا.

بابەتەکانی ئەم کتێبە بۆ ئەوانەی دوودڵن لەسەر بوون و نەبوونی خوا وە هێشتا بڕیاریان نەداوە، هاوکار دەبێت بو دروست کردنی قۆناغێکی سەرەتایی گونجاو بە مەبەستی گفتوگۆو و لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر بابەتی بوون و نەبوونی خوا. بە پێداچوونەوەی زۆربەی باسە باوەکان سەبارەت بە سەلماندنی بوونی خوا وە رەت کردنەوەیان، بناغەیەکی پتەوتان دەبیت بو ئەوەی بتوانن وەک بنچینەی شیکردنەوە وە لێکوڵینەوە وە بۆگواستنەوەی بۆچوونەکانتان سوودیان لێ وەربگرن.

## تێگەیشتنی ئەرکی سەلماندن

یەکێک لەو رستانە کە بەردەوام لەم کتێبەدا دووبارە دەبێتەوە بیرۆکەی «تێگەیشتن و قەبوڵ کردنی ئەرکی سەلماندنە». لە گشت دیبەیتەکاندا بەرپرسیارەتی سەلماندن دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەو لایەنەی کە ئیددیعایەک دەکات وە پێویستە بە بەڵگە و شایەت و هۆکارەکانی گونجاو، راستی ئیددیعایەکەی بسەلمێنێت. بێگومان زۆر بێمانایە کاتیک لایەنێک بە بێ پێشکەش کردنی بەڵگە و ئەساس بانگەشەی شتێک بکات وە داوا لە لایەنی بەرامبەری بکات تاکۆ نادروست بوونی بانگەشەکە بە بەڵگە بسەلمێنێت. بۆ زیاتر ئاشنا بوون لەگەل چەمکی «قەبوڵکردنی ئەرکی سەلماندن» با نموونەی مەت دیلاهانتی Dillahunty Matt لە بەرنامەی تەلەڤیزیونی The Experience TV بهێنینە بەرچاومان؛ وادابنێن کە شوشەیەک پڕ لە فاسولیاتان بدرێتێ. نازانن ژمارەی فاسولیاکان چەندە، بەڵام دەزانن کە ژمارەکە یان دەبێت جووت بێت یان تاک. بە بێ هیچ بەڵگەیەکی بەهێز ناتوانن بە هیچ جۆرێک دڵنیا بن لە جووت یا تاک بوونی ژمارەی فاسولیاکان. ئەگەر بڵێن جوتە یا خۆد تاک ئەوە پێویستە هۆکار یا بەڵگەی لۆژیکیتان پێ بێت بۆ پشتڕاست کردنەوەی قسەکەتان، بە پێچەوانە ئەم وتەیە تەنها پێش بینییەکی بە رێکەوتە.

باری سەلماندن بە بێ بەرچاو گرتنی بابەتی نیقاشەکە بەشی سەرەکی هەموو دیبەیتێکە وە بەکاردێت بۆ ئاسان کردنی دیبەیتەکە. تەنانەت لە بەرێوەچوونی پروسەیەکی یاسایی لە دادگا، بێگومان لە زۆربەی حاڵەتەکان ئەوە لایەنی داواکارە دەبێت تاوانبار بوونی لایەنی داوالێکراو بسەلمێنیت.

لە دیبەیتەکانی بوونی خوا، ئەگەر لایەنی باوەڕمەند دەیەوێت وتەکانی بە جیدی وەربگیرێت پێویستە باری سەلماندی بانگەشەکەی لە ئەستۆ بگرێت بە خستنەڕووی بەڵگە و هۆیەکان. تاکە بەڵگەی پێویست بۆ لایەنی بێ باوەڕ، لە راستیدا نەبوونی بەڵگە و نیشانەی پێویستە لەسەر سەلماندی بوونی خوا. کەسانی بێخودا ناچارنین لەمە زیاتر خۆیان ماندوو بکەن بۆ روونکردنەوەی هۆکارەکانی بێخودابوون. زەحمەت و باری سەلماندن دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەوانەی بانگەشەکە دەکەن وە هی خۆیانە. ئەوکەسەی ئیددیعا دەکات دەبێت بەڵگەی بەهێز بۆ سەلماندنی پێشکەش بکات. ئایا دەتوانن هەبوونی ئەنناسی باڵندە رەت بکەنەوە تەنها لە بەر نەبوونی بەڵگە و نیشانە؟ بە ئەگەرێکی زۆرەوە نەخێر، ئێوە ئەم بابەتە پشت گوێ دەخەن تا هەبوونی بەڵگەی پێویست لەسەری.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جار ئاماژە کردن بە سەفسەتەکانی کەسی ئیددیعاکەر دەتوانێت بەسوود بێت. بە لایەنی کەمەوە دەبێتە هۆی دروست بوونی گفتوگۆیەکی بەسوود، بە جۆریک کە هەموو بۆچوونەکان تاقی دەکرێنەوە وە بەرچاو دەگیرن. هەروەها لەوانەیە ببێتە هۆی دروست بوونی گومانێک کە کەسی بەرامبەرتان هان بدات بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بکات لە شێوازی بیرکردنەوەی سەبارەت بە بابەتەکە وە ناچاری بکات قووڵتر بیربکاتەوە پێش پەسەند کردن یا رەت کردنی بۆچوونی کەسانی تر.

## ئایا دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین خوا نییە؟

چەند جۆرە بێخودایی هەن. بەشێک لە بێخوداکان هەبوونی خوا بە دڵنیایی تەواو رەت دەکەنەوە. بەشێکی دیکەیان گۆمانیان لە بوونی خوا هەیە وە بەبێ بەڵگە و نیشانەی بەهێز ناتوانن باوەڕ بە بوونی خوا بهێنن. بە هەر حال کاتێک کەسێک لە ئاستێکی بەرزی دڵنیاییەوە بێت سەبارەت بە بابەتێک، بۆ گەیشتن بە ئامانج لە

گفتوگۆ، ناچارە باوەڕەکەی بە دڵنیایی تەواو بەرچاو بگرێت.

تەنانەت منیش ناتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم کە هاوژینەکەم ناتوانێت بەکرێ گیراوی دەوڵەتی چین بێت کە ئەرکی کوشتنی من پێ سپێردراوە. بەڵام کاتم ناگرم بە بیر کردنەوە لە ئەگەرەکان چونکە هیچ دەلیل و بەڵگەیەک بۆ ئەم ئەگەرە لە بەردەستم نییە. ئەمە سەبارەت بە بابەتی بوونی خواش هەر هەمان شتە، هەرچەندە ئەگەری تیروریست بوونی هاوژینەکەم زیاترە لە ئەگەری بوونی خوا یا خواکان چونکە بە لایەنی کەم ئەم سێناریووە دەکرێت لە چوارچێوەی یاسایە زانستیەکان بگۆنجیت بێ ئەوەی دژایەتی مۆدێلە ئاساییەکانی گەردوون بێت.

## ئایا گفتوگۆ هیچ سوودێکی هەیە؟

زۆر لە ئێمە لە ناو ژینگەی ئایینیدا گەورە بووین وە دواتر دەستمان کردووە بە پرسیار و گومان کردن سەبارەت بەو باوەڕو کردار و رەفتارانەی لە لایەن خێزان وە کەسە نزیکەکانمان وە بەگشتی کۆمەڵگا فێرکراوین. هەرچەند پاڵپشتی ئەو کەسانەی کە پێشتر ئەم گرفتانەیان تێپەڕاندووە گرنگە بەڵام دۆزینەوەی زمانی دەربڕینی گومان و بۆچوونەکان خۆی لە خۆیدا ئاسان نییە.

تەنانەت ئەگەر ناتوانن کاریگەریتان هەبێت لەسەر کەسانی دەوروبەرتان، بەلای کەم پێداچوونەوەی بابەتە جۆراوجۆرەکان دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ زیادبوونی ئەزموونی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە وە هەستی گۆمان کردنتان بەهێزتر دەکەن. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، لەوانەیە کەسێک لە نزیکەکانتان گومانی لە لای دروست بوویێت بەڵام نازانێت چۆن وەڵامی ئەم گومانانە بدۆزتەوە، ئاشناکردنی لەگەڵ ئەم بەڵگانە و دژە بەڵگانە ئاسۆیەکی فراوانتر و تێگەیشتنێکی قووڵتر لەسەر بابەتی گۆمانەکانی فەراهەم دەکات وە هانیان دەدات بۆ خوێندنەوەی زیاتر لەسەر ئایینەکانیان. ئەگەر ئەم سەرچاوەیە بەکاردەهێنن تەنها بۆزیادکردنی زانیاریەکانتان بە مەبەستی ئامادەبوونی زیاتر لە گفتوگۆکان وە یا خۆد بەکاردەهێنن بە ئامانجی وردبینی وە شیکردنەوەی پێناسەی خوا و ئایین لە دیدێکی رەخنەگرانەوە، ئەم کتێبە بۆ بیست لێکدانەوەی باو سەبارەت بە سەلماندنی بوونی خوا وەڵامی پوختی ئامادەکردووە. لەسەرەتای هەر وەرزێک سەرەتا پێناسەیەکی بەڵگەکە هاتووە، ئەوجا پارادۆکسەکان و رەخنەکانی

بە تێرو تەسەلی باس دەکرێن وە بەپێی توانا لەگەڵ سەرچاوەی زیاتر ئاشنا دەبن بۆ خوێندنەوەی زیاتر.

## مەبەستمان لە خوا چییە؟

لە زۆربەی بەشەکانی ئەم کتێبە، مەبەست لە وشەی خوا یا خودا، بوونەوەرێکی وشیارو ناسروشتیە کە بەرپرسە لە دروست کردن و بەرێوەبردنی هەموو گەردوون وە یا خۆد بەشێکی گەورەی گەردوون وە یاساکانی حوکم دەکەن، بۆ نموونە خواکانی ئایینەکانی ئیسلام و مەسیحیەت. کەواتە مەبەستمان لە خوا دەچێتە ژێر چەتری پێناسەی گشتگیر لە خوا یان خواکان. لە وەرزی ١٣ پێناسەکانی تری خوا، تاک خواپەرەستین وە پانتێئیزم (هەڵبەت زیاتر بابەتی دووەم) باس دەکرێت. بۆ خوێندنەوەی زیاتر لەسەر بیر و بۆچوونەکان و ئایدیۆلۆژیەکان سەبارەت بە خوا دەتوانن سەردانی ئەم ماڵپەرە بکەن:
www.whatAreGods.com

## ئێمە کێین؟

ئەم کتێبەی بەردەستانە لە لایەن «ئارمین نەوابی» ئێرانییەکی پێشتر موسڵمان، نووسراوە. دامەزرێنەری «Atheist Republic» یا خۆد کۆماری بێخودایی کە رێکخراوەکی پێشرەو و سەربەخۆیە کە خاوەن چەند ملیون فالۆوەرە لە هەموو جیهان. ئامانجی ئەم رێکخراوە فەراهەم کردنی ئەنجومەنێکی ئەمن و سەلامەتە بۆ بێخوداکانی سەرتاسەری جیهان بۆ ئەوەی بتوانن لەم رێگەیەوە بە ئازادی باسی بیرۆبووچوونەکانیان بکەن وە هەڵێک برەخسێت بۆیان بۆ ئاشنا بوون لەگەل هاوبیرەکانیان لە هەموو وڵاتانی جیهان. بێخوداکان لە گشت وڵاتانی جیهان لە کەمینەکان هەژمار دەکرن وە ئاشکرا کردنی بیرو بۆچوونەکانیان هەمیشە ئاسان و بێ مەترسی نییە.

لە کەمترین حالەتدا، کەسێکی بێخودا ناتوانێت بە ئازادانە رای تایبەتی خۆی لەسەر خوا و ئایین دەرببڕێت وە بەم هۆیەوە بە رێژەیەکی زۆر گۆشەگیر دەبن. لە هەندێک وڵات تەنانەت ئاشکرا کردنی بێخودایی دەتوانیت مەترسی گیانی لەسەریان

هەبێت. کۆماری بێخودایی هیواداره لەم ڕێگەیە بتوانێت وەک پاڵپشتێک بێت بۆ ئەو کەسانەی کە لەوانەیە بەبێ هاوکاری بێ دەنگ بکرن.

## بابەت و گفتوگۆی زیاتر

ئەگەر ئێوە شتێکی نوێتان هەبێت بۆ زیاد کردن لەسەر بابەتەکانی ئەم کتێبە، یاخۆد تەنها دەتانەوێت لە سەر بابەتێکی ئەم کتێبە گفتوگۆی زۆرتر بکرێت، لە ڕێگەی ئەم ماڵپەرەوە دەتوانن پەیوەندیمان پێ بکەن:
WhyThereIsNoGod.com

بەم ڕێگەیەوە دەتوانین پێکەوە گفتوگۆی دەنگی یا ویدیویی بە شێوەی ئۆنلاین بکەین سەبارەت بە بابەتی خودا و ئایین.

## وەرزی یەکەم

# «زانست ناتوانێت ئاڵۆزی وڕێکوپێکی گەردوون ڕوون بکاتەوە، دەبێت خوا ئەم جیهانەی بەم جۆرە دروست کردبێت.»

بێگومان یەکەم بەکارهێنانی ئایین بریتی بووە لە ڕوونکردنەوەی ڕووداوە سروشتیەکان کە تێگەیشتنیان بۆ مرۆڤی سەرەتایی ئەستەم بووە. بۆ نموونە هەورە تریسکە وە بورکانەکان لەو ڕووداوە سروشتیانە بوون کە ئەیانبەستەوە بە خواکان.

بەڵام ئێستا کە زانست هۆکارەکانی ئەم جۆرە ڕووداوانەی ڕوون کردووتەوە ئیتر هیچ پێویست بە خواکان نابێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی نەزانینی مرۆڤ. ئەمە هەموو ڕووداوە سروشتیەکانی دەورووبەرمان دەگرێتەوە وە هەرچی ڕێگە زانستی یەکان مۆدێلەکانی باوەڕپێکراوتر دەخەنە ڕوو بۆ ڕوونکردنەوە و پێشبینی ڕووداوەکان، بە پێچەوانەوە پاساوە مێتافیزیەکان بێ نرخترو بێ ماناتر دەبن. هەڵبەتە دەزانین کە تا ئێستاش زۆر شت هەن لەم جیهانە کە ئێمە ناتوانین لێیان تێبگەین وە تەنانەت لەوانەیە هەرگیز بە تەواوی لێیان تێنەگەین بەڵام ئەمە نابێتە دەلیل کە بۆ ئاسوودەی خۆمان پەنا ببەین بۆ لێکدانەوە بێ بنەمایەکان. لەوانەیە باشتر وابێت بڵێین نە تەنها باوەڕهەبوون بە خوا پرسیارەکانمان وەڵام ناداتەوە، بەڵکو شێوازێکی ترە لە هەمان وشەی (نازانم). سەرەڕای ئەمەش هەبوونی خوا کومەڵێک پرسیاری تر دەخاتە پێشمان لەجیاتی وەڵامدانەوە.

لە ساڵی ١٨٠٢ فەیلەسوفێک بە ناوی ویلیام پیلی William Paley لە کتێبەکەی بە ناوی ئیلاهیاتی سروشتی Natural Theology باسی لێکدانەوەکانی ئیلاهی کرد(١). لە کتێبەکەیدا دەنووسێت؛ دەبێت گەردوون لە لایەن دروستکەرێکی وشیار دروستکرابێت، چونکە ناکرێت ئەم جیهانە ئاڵوزە لە هیچەوە دروست ببێت. ویلیام پیلی بۆ باشتر وێناکردنی لێکدانەوەکەی سوود لە بەراوردکردنی جیهان وکاتژمێر وەردەگرێت. دەڵێت ئەگەر لە کاتی پیاسەکردن لەسەر لێواری دەریا لەناکاو

کاتژمێرێک بدۆزنەوە، بە هۆی ڕێکی و ئاڵۆزی کاتژمێرەکە بە دڵنیاییەوە دەڵێن کە کاتژمێرساز ئەمەی دروستکردووە. بە پێی لۆژیکی ویلیام پیلی، ئاڵۆزی نیشانەی هەبوونی دروستکەرە.

لەوکاتەوە تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر زانا و لێکۆڵەر و فەیلەسوف کاریان لەسەر ئەم بابەتە کردووە وە پێشاندراوە کە تەنانەت دەکرێت سیستەمی ئاڵۆزیش بە بێ دروستکەر هاتبێتەکایەوە. پەرەسەندن لە ڕێگای هەلبژاردنی سروشتی یەکێکە لەم سیستەمانە. لێرە ئێمە بە گشتی باسی ئەم بابەتە (ئالۆزی بەبێ پێویستی دیزاینەر) دەکەین بەڵام لەم ماڵپەرەی خوارەوە دەتوانن زانیاری زیاتر وەربگرن لە ڕێگەی ویدیوی کورت و سادە وە لەگەڵ چەمکی پەرەسەندن زیاتر ئاشنا بن.
EvolutionSimplyExplained.com

زانایەکی بیرکاری بەناوی جان کانوێی John Conway دیزاینی مۆدێلێکی سادەکردووە بە ناوی یاری ژیان کە پێشان دەدات کە چەند خانەی سادە بە پەیرەوکردنی چەند یاسایی بنچینەیی سادەی بیرکاری، چۆن ئالۆزی دروست دەکەن(٢). لەم یاریەدا یاریزان دەبێت شێوەیەکی سەرەتایی لە خانەکان دروست بکات وە دوای وازیان لێ بهێنێت تاکۆ بە پێی یاسابیرکارییەکانی خوارەوە زیادببن یا لەناوبچن.

لە شوێنەکانی قەرەباڵغ:

ئەگەر خانەیەک بە کەمتر لە دوو خانەی زیندوو دەورە درابێت لە ناودەچێت.

ئەگەر خانەیەک زیاتر لە سێ خانەی زیندوو لە دەورەبەری هەبێت لە ناو دەچێت.

تەنها ئەو خانانە زیندوو دەمینن کە دوو یان سێ خانەی زیندوو لە دەورووبەری هەبێت.

لە شوێنەکانی چۆل:

ئەو خانەمردووانەی بە سێ خانەی زیندوو دەورەدراون زیندوو دەبنەوە.

دەکرێت ئەنجامەکان بە پێی دیزاینی سەرەتایی جۆراوجۆر بن. هەندێک لە ئەنجامدا دەبنە دیزاینی زۆر ئاڵۆز وە جۆراوجۆر وە هەندێکی تریان گەشە دەکەن وە لەکۆتایی لە یەک خاڵدا دەوەستن. لە گشت حالەتەکان ئەنجامەکان بە پێی

یاسایە بیرکاریە سەپێنراوەکان دیار دەکرن وە نەک بە پێی پێبژارکردنە وشیارەکانی یاریزانەکان. ئەم یاریە سادەیە دەسەلمێنێت کە هەر سیستەمێک دەکرێت بە پێی یاساکانی خۆی وە نەک دەست تێوەردانی دەرەکی خۆیان رێکبخەن وە بە بەردەوامیش بۆ لایی ئەنجامی ئاڵۆز لە جوولەدان. لە ماڵپەری خوارەوە دەتوانن دوو ویدیوی کورت ببینن لەسەر فراوان بوون و رەفتاری ئەم شێوە ئاڵۆزانە کە تەنها بە پێی چەند یاسای سادە، دیزاینی سەرسورهێنەر دەهێنێنە کایەوە.
FromBasicLaws.com

## ئاڵۆزبوون نیشانەی بوونی دیزاینەر نییە

نموونەی کاتژمێرەکە زۆر بە وردی کار دەکات، ئەویش تەنها لەبەر ئەوەی کە پێشتر دەزانین کاتژمێر شتێکی سروشتی نییە وە ناتوانێت لە هیچەوە دروست بوبێت. ئەگەر بە راستی دیزاینەرێک بەرپرسی دروستبوونی هەموو شت بێت، نابێت جیاوازی بەرچاو هەبوایە لە نێوان کاتژمێر و پارچە بەردێک، چونکە هەردووکیان بەدەستی دیزاینەرێکی وشیارەوە دروست کراون وە هەروەها ئێمە توانایمان نەدەبوو جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو شتەی کە دروستکراوە لەگەڵ ئەوەی خۆی دروست بووە، وە ئەم لێکدانەوەیە رەت دەکرێتەوە. چەمکی دیزاین کردن لە راستیدا دژی دیاردەکانی دروست بوونە لە ناوسروشتدا.

## ئەگەر ئاڵۆزبوون پێویستی بە خوا هەیە، ئەی کێ خودی خوای دروست کردووە؟

لەوانەیە ئەم بابەتە گەورەترین رەخنە بێت لەسەر ئایدیۆلۆژیای پێویستی هەبوونی دیزاینەر بۆ ئاڵۆزیەکان. هێنانەپێشەوەی وشەی خوا نەتنها وەڵامی پرسیارەکانی پەیوەست بە ئاڵۆزی ناداتەوە، بەڵکو کێشەیەکی نوێ دەهێنێتە پێشەوە. ئەگەر بەڕاستی گشت دیاردە ئاڵۆزەکان پێویستیان بە هەبوونی دیزاینەرێکی وشیارهەبێت، کەواتە چۆن دەبێت ئەم پرسیارە خودی دیزاینەرەکە (خوا) نەگرێتەوە؟ ئایا نابێت بەپێی لێکدانەوەی سەرەوە، ئەم دیزاینەرە ئاڵۆزە خۆی بە دەستی دیزاینەرێکی لە خۆی ئاڵۆزتر خەلق کرابێت؟ وە بێگومان ئەم زنجیرەیە تا بێ کۆتایی بەردەوام دەبێت.

ئاڵۆزی گەردوون و دیاردەکانی بابەتێکە کە لە لایەن زاناکان بە بەردەوامی هەوڵی تێگەیشتنی زیاتریان بۆ دەدرێت وە لەوانە مرۆڤ هەرگیز نەتوانێت پەردە لەسەر هەموو نهێنییەکانی گەردوون لابدات وە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دەستکەوێت وە ئەمە نابێتە کێشە، بەڵام ناکرێت لە جیاتی لێکولینەوەی زیاتر و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی وەلامی لۆژیکی و زانستی بۆ پرسیارەکانمان، پەنا ببەین بۆ ئەفسانەکان.

## سەرچاوەکان:


1) Paley, William, and Matthew Eddy. Natural Theology: or, Evidences of the Existence and Attributes of the Deity, Collected from the Appearances of Nature. Oxford: Oxford University Press, 2006.

2) Gardner, Martin. “Mathematical Games – The Fantastic Combinations of John Conway›s New Solitaire Game ‘Life.’” Scientific American 223, October, 1970, 120-23.

## وەرزی دووەم

# «بوونی خوا لە ڕێگەی کتێبە پیرۆزەکان سەلمێنراوە»

زۆربەی ئایینەکان کۆمەڵێک دەقی پیرۆزیان هەیە کە وەک ڕاستی ڕەها ستایشی دەکەن. ئەم جۆرە نووسراوانە لە لایەن پەیڕەوانی ئایینەکان بە پیرۆز ناودەبرن وە بە ناوی کتێبی ئاسمانی دەناسرێنەوە. بە شێوەی گشتی دەگوترێت ئەم دەقەپیرۆزانە بە شێوەی ڕاستەوخۆ وە یان بەشێوەی ئیلهام لە لایەن خواوە بۆ پێغەمبەرەکان دابەزیوە. لە لایەن زۆربەی لایەنگرانی ئەم ئایینانە، دەقە پیرۆزەکان وەک بەڵگەی سەلماندنی بوونی خوا دادەنرێن. کتێبەکانی قورئان و ئینجیل وەک بەڵگەی مێژوویی متمانەپێکراو وە هەروەها وەک ڕێنیشاندەر بۆ لایەنگرانیان هەژماردەکرێن. ئیمانداران کتێبەپیرۆزەکانیان بێ کەم وکوڕی و بێ وێنە دادەنن وە لەبەرئەمە بە بەڵگەی ڕاستبوونی سەرچاوەی خوایی ئەو لێکدەدەنەوە.

لەم بۆچوونەیاندا گریمانەکە، پێشەکی بە دروست دادەنرێت. ئەو کەسانەی کە دەقەپیرۆزەکان وەک بەڵگە بەکاردەهێنن، هەر ئەو کەسانەن کە پێشوەختە باوەڕی تەواویان بەڕاست بوونی ناوەڕۆکی دەقەپیرۆزەکان هێناوە. بەم شێوەیەش بۆچوونەکە دەکەوێتە داوی بەهەڵەدابردنی «وێناکردنی ڕاستبوونی پرسیار» (جۆرێک لە بەهەڵەدابردنی لێکدانەوەی بازنەیی). لەم بەهەڵەبردنەدا پرسیارەکە لە پێش وەڵامدانەوە بە دروست هەژماردەکرێت(١). هیچ جیاوازیەک نییە لە نێوان ئەم بەهەڵەدابردنە لەگەل گووتنی ئەم ڕستەیە: «ڕاستە چونکە من باوەڕم پێ هەیە» وە هیچ نرخێکی نابێت وەک بەڵگە.

## بەڵگەکان ناتوانن متمانە بدەن بە خۆیان

تەنها بە هۆی ئەوەی شتێک لە ناو کتێبێک نووسراوە، ڕاست بوونی شتەکە ناسەلمێنرێت. لە مێژوودا ملیونەها ئەفسانە و ڕێژەیەکی یەکجار زۆر کتێب ئیددیعای

ئەوەیان کردووە کە راستی رەهان بەلام دواتر نادروست بوونیان سەلمێندراوە. بوونی دەقێکی ئایینی ناتوانێت خۆی لە خۆیدا دروستی ناوەڕۆکەکەی پشتڕاست بکاتەوە. سەرەڕای ئەمە، ئەم دەقانە پڕن لە پارادۆکس چۆنکە بە هەرحال بە دەستی مرۆڤی ئاسایی نووسراون. هەڵبەت لەوانە لە لایەکەوە شوێن پێی هەندێک راستی مێژوویی لە ناویان دیار بێت، بەڵام لە لایەکەی تر پڕن لە زێدەڕۆیی، پێشبینی هەڵە و ئەفسانە.

## دەقە ئایینییەکان زیاتر ناکۆك و هەڵەن

لە کتێبە ئایینییەکان، بەرێژەیەکی زۆر هەڵە دەبینرێت لە ناو دەقەکان، هەروەها پارادۆکس وە جیاوازی نێوان رووداوە باسکراوەکان هەیە وە بێگومان شتێکی سروشتیە چونکە بە درێژایی چەندین سەددەی یەک لە دوای یەک وە لە لایەن چەندین نووسەر نووسراوە و کۆکراوەتەوە. ئەگەر دەقە ئایینییەکان بەڕاستی بەڵگەی باوەرپێکراوی مێژوویی بوونایە، دەبوایە هیچ حاڵەتێکی دژەبەیەکی بەرچاو لە ناوەڕۆکی رووداوێک لەگەل رووداوێکی تر بەدی نەکرابوایە.

هەندێک لەم رووداوانە تەنانەت دژی یاساکانی سروشتی زاڵ بەسەر گەردوون دان. بۆ نموونە لە ئینجیل کتێبی پیرۆزی مەسیحیەکان لە بەشی پەیدابوون (١-١٩) نووسراوە: کە خوا زەوی و ئاسمانەکانی لە رۆژی یەکەم دروستکردووە، وە هەروەها ئەستێرەکان، خۆر، مانگ وە هەسارەکانی تر لە رۆژی چووارەم، یەک رۆژ دوای رووەکەکان دروستکراون. گریمان ئەم راستیە زانستیە پشت گوێ بخەین کە خۆر و ئەستێرەکان زۆر پێشتر لە زەوی وە رووەکەکان هەبوونە، دیسان دوورە لە لۆژیک چونکە رووەکەکان بە بێ رووناکی خۆر گەشە ناکەن.

لە کتێبی پیرۆزی موسڵمانەکان قورئانیش چەندین هەڵەی زانستی گەورە دەبینرێت. بۆ نموونە لە سوڕەتی کهف (ئایەتی ٨٦) ئاماژە بە تەخت بوونی زەوی کراوە وە هەروەها خۆر لە خاڵێکی دیارکراوی زەوی هەڵدێت وە لە خاڵێکی تر ئاوادەبێت. بێگومان بەلەبەرچاوگرتنی ئاستی زانست لە سەردەمی نووسینی قورئان، ئەم جۆرە هەڵە زەقانە ئاساییین بەڵام ئاسایی نابێت کە ئەم جۆرە هەڵەگەورانە لە لایەن خوایەک بکرێت کە وەک ئیمانداران دەڵێن لە هەموو شت دەزانێت. هەروەک دەزانن موسڵمانەکان باوەڕیان بە دابەزینی راستەوخۆی قورئانە بۆ محمد.

هەندێک هەڵەی تر، بریتین لە پارادۆکسەکانی ناوەوەی ئەم دەقانە. بۆ نموونە چیرۆکی هەستانەوەی مەسیح کە بەدڵنیاییەوە گرنگترین رووداوی باسکراوی ناو ئینجیلە بە چەندین جۆری جیاواز لەیەک نووسراوە. لە خوارەوە تەنها چەند نموونە لەم پارادۆکسانە دەبینین:

● لە مەتا هاتووە کە مەسیح لەلایەن کەسێک بە ناوی یوسف کە خەلکی رامەیە بە خاک سپێردراوە (مەتا ٢٧ ، ٦٠ – ٥٧)، بەڵام بەپێی کردارەکانی رەسولان لەلایەن گروپێکی تر بەخاک سپێردراوە (کردارەکانی رەسولان ٢٩،١٣-٢٧).

● لە مەتا (٥-٢:٢٨) و مەرقۆس (٥: ١٦) نووسراوە لە کاتێک ئافرەتەکان چوونەسەر گۆڕەکەی، فریشتەیەکیان بینی بەڵام لە لۆقا (٢٤:٤) وە یوحەنا (١٢:٢٠) نووسراوە کە ئافرەتەکان دوو پیاو یا خۆد فریشتەیان بینیوە.

● مەرقۆس رۆژی مردنی مەسیح رۆژێک دوای جەژنی فصح دیار دەکات (مەرقۆس ١٤:١٥) بەڵام لە یوحەنا (١٨-١٩) کاتی ئەم رووداوە لە رۆژێک پێش جەژنی فصح دیارکراوە.

کاتێک دەقەپیرۆزەکانی ئایینی مەسیحیەت تەنانەت ناتوانن سەبارەت بە روداوێکی سادە وەک رۆژی لە خاچ دانی مەسیح کۆک بن، ناتوانین قەبوڵ بکەین کە رووداوە مێژووییەکان لە ناویان بەدروستی و وردی باسکرابن، چ بگات بەوەی کە قەبوڵ بکەین کە لە ئاسمانەوە دابەزیون.

لە دیدی موسڵمانەکانیش کتێبە ئاسمانییەکەیان واتە قورئان تەواو وە بێ کەم و کوڕیە وە زۆربەی موسڵمانەکان پێیان وایە کە قورئان سەبارەت بە زۆربەی دۆزینەوە و داهێنانەکانی زانستی مودێرن پێشتر بەئاگابووە وە پێش بینی کردووە.

ئەم جۆرە ئیددیعایانە وەک بەڵگە گوماناوین. ئیماندارانی سەردەم لەگەڵ هەر دۆزینەوەیەکی زانستی یەکسەر پەیوەستی دەکەن بە قورئان. ئەگەر بە راستی قورئان ئەم راستیە زانستیانە دەگرێتەوە، دەبوایە ئەو موسڵمانانەی دەیان جار قورئانیان خوێندووتەوە بە زمانی دایکی خۆیان، زۆر زووتر لە زانایانی ناموسڵمان راستیەکانی زانستیان پەیداکردبوایە. هیچ کام لە پێش بینییە زانستیەکان تا کاتێک کە لەرێگەی زانایان دۆزراونەتەوە لە هیچ تەفسیرێکی قورئان نەهاتوون، وە ئەمە بەڵگەیە لە پووچ بوونی ئەم ئیدیعایانە.

## دەقە ئایینییەکان بەدەست مروڤ نووسراون وە ئاساییە هەڵەی تێدابێت

یەک روونکردنەوەی سادە بۆ هەڵەکانی ناو دەقەپیرۆزەکانی وەکو قورئان و ئینجیل هەیە؛ ئەم دەقانە بە دەستی مروڤی سادە نووسراون وە لە زۆربەی حاڵەتەکان دەیان و تەنانەت سەدان ساڵ تێپەریوە لە رووداوە باسکراوەکانی ناو دەقەکان، ئەوجا چیروکەکان کۆکراونەتەوە وە نووسراون. هەروەها لە بیرتان نەچێت کە زۆربەی وەرزەکان و بەشەکانی ئینجیل بێ ناون. ناوەکانی مەرقۆس، لۆقا، مەتا و یوحەنا لە راستیدا لە لایەن نووسەرەکان و هەڵەگیرەکان دوای زیاد کراون وە ناوی سەرەکی نووسەرەکان نادیارن(٢).

بە پێی لێکدانەوەی توێژەرەکانی کتێبی پیرۆزی مەسیحیەکان، کۆنترین بەشی ئینجیل؛ نامەکانی پۆلس، نزیکەی ٢٠ سال دوای ئەو بەرواره کە گوایە لە خاچ دراوە، نووسراون. پۆلس لە هیچ کامە لە رووداوەکانی مێژوویی باسکراو بوونی نەبووە وە راستەوخۆ مەسیحی نەدەناسی وە تەنانەت ئینجیلەکان لە نێوان ٣٠ تاکو ٧٠ سال دوای بەرواری دیارکراو بو مردنی مەسیح نووسراون.

لە سەردەمی مەسیح، خەلکی ئاسایی و نەخوێندەوار لە ناوچەکەی دەژیان کە بە زمانی ئارامی قسەیان دەکرد وە توانایی خوێندن و نووسینیان نەبووە. بۆیە چیرۆکەکان بە شێوەی زارەکی دەم بە دەم دەگوازرانەوە. وەک پرۆپاگەندەکان، ئەم چیرۆک و مێژوو زارەکیانەش لەگەل تێپەربوونی کات بە ناچاری تووشی گۆڕانکاری گەورە دەبوون، وردەکاریەکان وە زۆرجار راستیە گرنگەکان لەبیردەکران وە بەم شێوەیە بەتەواوی گۆڕانکاریان بەسەر دەهات.

هەروەک گشت ئەفسانەکان، لە شەری تروا تا چیرۆکی رۆستەم، ئەم چیرۆکانەش لە جیاتی ئەوەی راستی مێژوویی هەژماربکرن، زیاتر بەهای ئەدەبیان هەیە.

## سەرچاوەکان:

1) Bennett, Bo. «Begging the Question.» Logically Fallacious: The Ultimate Collection of over 300 Logical Fallacies. EBookit.com, 2012.

2) Ehrmann, Bart D. Jesus, Interrupted: Revealing the Hidden Contradictions in the Bible (And Why We Don't Know About Them). New York: HarperOne 2009.

## وەرزی سێیەم

# «هەندێك ڕووداو نائاسایی وە وەك موعجیزەن وە ئەم موعجیزانە بوونی خوا دەسەلمێنن.»

پێش ئەوەی بچینە ناو بابەتی موعجیزە، بابزانین واتای وشەی موعجیزە چییە. فەرهەنگی وشەی ئینگلیزی Collins بەم جۆرە پێناسەی وشەی موعجیزە دەکات: «ڕووداوێک کە پێچەوانەی یاساکانی باو و جێگیر لەناو سروشتە وە بە هۆکارێکی دەرەوەی سروشتی دەبەسترێتەوە». بۆ ئەوەی ڕووداوێک بە موعجیزە ناوببرێت پێویستە لە سەرووی ڕووداوە سروشتیەکان وە دوور لە ئامارەکان بێت وە لە ڕووی فیزیاییەوە بە بێ دەست تێوەردانی هێزەکانی دەرەوەی سروشتی مەحاڵ بێت.

ئەم پێناسەیە، «موعجیزەی ڕاستی» لەو ڕووداوانە کە لە ڕووی ئامارییەوە زۆر دەگمەنن جیا دەکاتەوە. ڕووداوەکانی ئاماژەپێکراو بە هۆی بەدەگمەن بوونیان جێگای سەرنجن بەڵام هێشتا لە ناو چوارچێوەی یاساکانی سروشت ڕووئەدەن. بۆ نموونە حاڵەتی نەخۆشێک کە لە نەخۆشیەکی ناعیلاج چاک بویتەوە، تەنها دەتوانێت ئاماژەیەک بێت بەوە کە لە ڕێگەی زانستی پزیشکی هێشتا زانیاری تەواو لە سەر جۆری نەخۆشیەکە بەدەست نەهاتووە وە یان هەر لەسەرەتاوە بە هەڵە دەست نیشانی جۆری نەخۆشیەکەکراوە. شارەزایی ئێمە لە جیهانی سروشتی، دەکرێت ڕۆژ بە ڕۆژ لە ڕێگەی زانستی نوێ ڕاستبکرێتەوە، بە بێ ئەوەی پێویست بکات کە واز لە گشت زانیاریەکانمان سەبارەت بە جیهان بهێنین.

## هۆکارێکی نەزانراو نابێتە بەڵگەی دەستێوەردانێکی خوایی

بۆ وردبوونەوە لەسەر بابەتی موعجیزە ناسراوەکان، بابڕوانینە باوەڕهەبوون بە خوای هەورەبروسکە(هەورەگرمە) لە ناو هەندێک کولتووردا. بە درێژایی مێژوو وە لەسەرتاسەری شارستانییەکان و کیشوەرەکانی جۆراوجۆر، ژمارەیەکی زۆر خوا هەبوونە بۆ هەورە تریشقە(١). لە زۆربەی ئەم باوەڕانە خوا ڕاستەوخۆ هەورەتریشقەی

دروست کردووە. بۆ نموونە وەک زەیۆس Zeus کە تروسکەی هەڵدەدا یاخۆد باڵەکانی باڵندەیەکی گەورە هەورەتروسکەی دەوەشاند. ئەگەرچی رووداوی هەورەبروسکە لە دێرزەمانەوە بۆ باوەڕداران بە موعجیزە هەژماردەکرا وە پەیوەستیان دەکرد بە هۆکارێکی ئیلاهی، بەڵام ئەمرۆکە هۆکارە زانستیەکانی هەورەبروسکە دۆزراونەوتەوە وە چی دیکە پێویستمان بەم ئەفسانە گەمژەییانە نییە وە رەتیان دەکەینەوە.

پەیوەست کردنی ئەم جۆرە رووداوە سەیرو سەمەرانە بە هۆکارەکانی دەرەوەی سروشتی، نموونەیەکی ئاشکرایە لە بە هەڵەدابردنی «گفتوگۆ لە نەزانییەوە»(٢). لەم بەهەڵەبردنەدا کەسێک سەرەڕای ئەوەی کە بۆ بانگەشەکەی هیچ بەڵگە و نیشانەیەک ناخاتەڕوو ، لێکدانەوەکەی بەدروست دەزانێت چونکە بەڵگەی پێچەوانە بەردەست نییە لە کاتێکدا کە هیچ بەڵگەیەکی پشتڕاست کەرەوەی بانگەشەکەشی نییە. ئەم بەهەڵەبردنە بەم جۆرە دەگوترێت کە: «هێچ بەڵگەیەکی دژ بە X نییە کەواتە X دروستە». بە واتایەکی تر؛ «چونکە هیچ روونکردنەوەیەکمان نییە سەبارەت بە رووداوەکە، کەواتە کاری خوایە».

با وا دابنێین کە من بڵێم خۆر وزەی خۆی لە تریلیۆنەها باتری قەلەمی وەردەگرێت وە ئێوە لە وەڵامدا بڵێن ئەمە قسەیەکی پێکەنیناویە. ئەوجا من لە وەڵامتان بڵێم کەواتە بۆم بسەلمێنن کە خۆر وزەی خۆی لە سەرچاوەیەکی تر وەردەگرێت. بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئێوە وەڵامەکەی نازانن وە یا خۆد گریمان هیچ کەسیش تا ئێستا سەرچاوەی وزەی خۆر نەدۆزیتەوە. ئایا ئەمە دروستە کە لاوازی زانست لە دۆزینەوەی راستیەکە، خۆی بەڵگەی پشڕاست کردنی ئیددیعای من بێت؟

کێشەیەکی تری گرێدانی رووداوە لێلەکان بە هۆکار و سەرچاوەی دەرەوەی سروشتی ئەوەیە کە ئەم لێکدانەوانە شیاوی پشتڕاست کردن وە یان رەت کردنەوە نین، کەواتە بەبێ بەڵگە و نیشانە بێ نرخ دەبن. بۆ نموونە بە هیچ جۆرێک ناتوانین هەبوونی ئەسپەزەبەلاحەکانی رەنگ شینی دژەگەرما لە نزیک سەنتەری زەوی رەت بکەینەوە، بەڵام ئەوە کە ناتوانین رەتیان بکەینەوە نابێتە بەڵگەی دروست بوونیان. کاتێک کەسێک بانگەشەی شتێک دەکات کە قابیلی رەت کردنەوە نییە، بێگومان ئەرکی سەلماندن دەکەوێتە سەر ئەستۆی خودی کەسەکە.

بۆ هەموو ئەو رووداوانە کە روون ناکرێنەوە، دەکرێت ژمارەیەکی بێ سنوور

هۆکاری ڕەت نەکراو بهێنرێتەوە، بەڵام هیچ کام لەم هۆکارانە ناکرێت بە دروست هەژمار بکرن. لەوانەیە لە کاتێکدا کەسێک یا کەسانێک موعجیزە بە کاری خوا بزانن، لە هەمان کاتدا کەسێکی تر بوونەوەری هەسارەکانی تر بە هۆکار بزانێت. لەم حاڵەتە وە بەبێ بوونی بەڵگە و نیشانەی گونجاو بۆ سەلماندن، ئیددیعای هەردووکیان بە یەک ئەندازە پووچ و بێ مانایە.

چەندین جار ڕێککەوتووە کە ڕووداوێک سەرەتا بە موعجیزە ناوبراوە، بەڵام دوای ماوەیەک شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی عەقڵانی و زانستی، ڕوونکردنەوەی گونجاو بۆی دۆزراوەتەوە. بۆ نموونە ئەزموونەکانی نزیک لە مردن زۆرجار وەک ژیانی دوای مردن هەژمار کراون. زۆرجار کەسێک لەگەڵ ئەم جۆرە ئەزموونانە، بۆ نموونە هەست دەکات کە لە لەشی چووەتە دەرەوە وە گوایە لە سەرەوە خۆی دەبینێت، وە یان خەریکی تێپەربوونە لە تونێلێکی تاریک بەرەو ڕووناکی. هەندێک کەس دەنگی کەسە خۆشەویستە مردووەکانیان دەبیستن، وە هەندێک جار ئەم دەنگە بێ لاشانە کەسەکە بەرەو ڕووناکی پاڵ دەدات وە لێرەدا کەسەکە ڕووناکیەکە بە ژیانی دوای مردن لێک ئەداتەوە.

ئەم ئەزموونانە لەوانەیە بۆ زۆر کەس شیاوی قەبوڵ کردن بێت وە بۆ خودی کەسەکەش زۆر ڕاستەقینە بێتە بەرچاو. بەهەرحال نیشانە زانستیەکان ئاماژە بە میکانیزمێکی بیۆلۆژی ناسراوەکەن لە پشت ئەم کاردانەوانە. زاناکان دەتوانن بە هاندانی هەندێک بەشی تایبەتی لە مێشکی مروڤ، ئەزموونی هاوشێوە دروست بکەن.(۳)

تەنها بەهۆی دیارنەبوونی هۆکارەکانی دیاردەیەک وە تێنەگەیشتنی دیاردەکە لە هەمان کات، نابێت یەکسەر لەدوای سەرچاوەیەکی دەرەوەی جیهانی ماددی بگەڕێین. لەوانەیە پێویست بکات بۆ تێگەیشتنی دیاردەکە لێکولینەوەی زیاتر ئەنجام بدرێت وە لەوانەیە هەرگیز نەتوانین بە تەواوی لێی تێبگەین.

## زۆربەی ڕووداوەکان لە جەوهەرەوە بێ مانان

مێشکی مروڤ بە جۆرێک ڕاهاتووە کە تەنانەت لە ناودەنگەکانی بێمانا و هەڕەمەکیش نموونەکان بناستەوە. مایکل شێرمێر Michael Shermer لە نووسینێکی

زانستی لە گۆڤاری زانستی Scientific American لە ساڵی ٢٠٠٨ باسی ئەم توانایییەی مێشکی مروڤ دەکات وە ناوی لێناوە «نموونە خوازی» Patternicity (دۆزینەوەی نموونەی بەمانا لەنێوان دەنگە بێماناکان)(٤). بە پێی بیرۆکەی شێرمێر ئارەزووی مێشکی مروڤ بۆلای ناسینی نموونەکان وە دروست کردنی پەیوەندی بەرێکەوت، بە بەرچاوگرتنی توانایی ئێمە بۆ زیندوومانەوە لە سروشت زۆر پێویست بووە وە ئەمە شتێکە کە ئێمە بە باشترین شێوە لەسەری پەرەمان سەندووە. شێرمێر بیرۆکەکەی لە بەرنامەی ٢٠١٠ TedTalk بەم جۆرە زیاتر روون دەکاتەوە:

گریمان ئێمە لە ٣ ملیون سال پێش ئێستا داین وە تۆ هۆمینیدێکی hominid کە لە ناو بیابانەکانی ئەفریقا پیاسە دەکەیت. لەناکاو دەنگی خش خشێک لە پشت دەوەنەکان دەبیستی. ئایا ئەمە دەنگی نزیک بوونەوەی گیانەوەرێکی دڕندەیە یاخۆد دەنگی ئاسایی بایە؟ بڕیارەکەت لەم ساتەدا لەوانەیە گرنگترین بڕیاری هەموو ژیانت بێت. ئەگەر بە دەنگی گیانەوەرە دڕندەکە لێکبدەیتەوە ئەوجا دەربچێت کە تەنها دەنگی بای بووە، ئەوە بێگومان تووشی هەڵەیەکی ئاسایی لە لێکدانەوەکەت بوویت وە زەرەرناکەیت. بەڵام لە لایەکی تر، ئەگەر بە دەنگی بای لێکبدەیتەوە وە بە پێچەوانە دەربچێت، ئەوا دەبیت بە خواردنی نیوەڕۆی گیانەوەرەکە وە ئەم لێکدانەوە هەڵەیە دەبێتە هۆی ئەوەی بۆهێلەکانت نەگوازرێنەوە بۆ وەچەی داهاتوو وە بە یەکجاری لە ناو دەچن. ئەم نموونە پێشان دەدات کە چۆن هەڵبژاردنی سروشتی گرنگی دەدات بە بەستنەوەی هۆیەکانی نێوان دوو رووداو(٥).

لە سالی ٢٠٠٨ لە نووسینێک بە ناوی «پەرەسەندنی رەفتارەکانی خورافی و وەک خورافە» لە ناو گۆڤاری زانستی «The Proceedings of the Royal Society B» کە لە رێگەی هەردوو زانا کەوین فۆستەر Kevin R Foster و هانا کوکو Hanna Kokko بڵاوکراوە بەم شیوەیە روون دەکاتەوە:

بی هێزی تاکەکان -مروڤ و جۆرەکانی تر- لە دیارکردنی ئەگەرەکانی کتوپڕ بۆ گشت ئەو دیاردەیانە کە لە دەورووبەری روودەدەن، ناچاریان دەکات بە دۆزینەوەی هۆکارەکانی ناپەیوەست. لێرەوە بە دواوە پرۆسەی پەرەسەندنی بۆ خورافات ئاشکرایە؛ هەلبژاردنی سروشتی ئەو رێگایانە هەڵدەبژێریت کە زۆر پەیوەندی لەناکاوی هەڵە دروست دەکەن بە مەبەستی دەست نیشان کردن و جێگیر کردنی ئەوانەی زۆر

گرنگن بۆ مانەوە وە گواستنەوەی بۆهێڵەکان بۆ وەچەی داهاتوو(٦).

لە جیهانی ئاژەڵەکان ئەم جۆرە فێربوونە لە ڕێگای پەیوەست کردن باوە. بەڵام توانایی مروڤ لە ناسینی نموونەکان زۆر ئاڵۆزە وە بەداخەوە دەکرێت مێشکمان بە ئاسانی فریو بدرێت وە ئەو نموونانە ببینین کە هەر بوونیان نییە. بۆ نموونە لە شێوەی هەورەکان، بینینی دەم و چاوێک لەسەر پارچە دارێک وە یا بیستنی دەنگی کەسێک لە نێوان دەنگی سپی.

ئێمە هەروەها زۆر بەپەلەین لە پێدانی مانای جۆراوجۆر بۆ هەرشتێک کە دەیبینین وە ڕوودەدەن، تەنانەت ئەگەر ڕووداوەکە خۆی لە خۆیدا تەواو بێمانا بێت. ئێمە وەک مروڤ (بوونەوەرێکی پڕ لە هەست کە پەیوەندی قووڵی تایبەتی پێکەوە دەبەستن وە هەندێک جار زۆر خەمخواری یەکترن) خۆمان دەبەستینەوە بە نموونەکانی تێگەیشتنی هەڵە بۆ ئەوەی بتوانین بۆ کارەساتەکان و سەرکەوتنەکانمان مانا دروست بکەین وە بەم جۆرە لەکاتی تووش بوون بەو حاڵەتانەی لەدەرەوەی کۆنترۆڵی ئێمەن پەنا ببەینە لایەنێکی باوڕپێکراو بە ناوی خوا (٧).

ئەم هەڵسوکەوتانە دەیسەلمێنن کە بۆچی مروڤ حەز بەباوەڕکردنی موعجیزە هەیە وە بۆچی باوەڕ هەبوون بە ئەزموونەکانی بەناو موعجیزە هەڵەیە. بەبێ هەبوونی بەڵگەو هۆکاری بەهێز لە بەردەستمان بۆ سەلماندنی ڕوودانی موعجیزە، بێگومان ئەم ئەزموونانە ناتوانن بوونی خوا بسەلمێنن.

## ڕووداوە نامۆیەکان نیشانەی بوونی دەستێکی دەرەوەی سروشتی نین

زۆربەی ئینسانەکان کاتێک ڕووداوێکی زۆر نامۆ دەبینن یەکسەر دەیبەستنەوە بە هۆکاری دەرەوەی سروشتیەوە وە لە جیاتی دۆزینەوەی هۆکارە سروشتیەکان، ناوی لێدەنن موعجیزە. بەڵام لەگەڵ خوێندنەوەی کەمێک لە سیفەتەکانی سەرەتایی یاسایی ئەگەرەکان، دەردەچێت کە تەنانەت ڕووداوە دەگمەنەکانیش بە بەردەوامی ڕوویان داوە(٨). چەندین نموونەهەن کە دەیسەلمێنن کە ئەو ڕووداوانەی ئەگەری ڕوودانیان کەمە موعجیزە نین وە لە ڕاستیدا لە هەموو شوێنێک دەبینرن. زانایەکی بیرکاری بە ناوی J.E Littlewood دەڵێت کە هەرکام لە ئێمە دەبێت پێش بینی

ئەوە بکەین کە مانگانە بەلای کەم رووداوێک رووبدات کە ئەگەری روودانی یەک لەسەر ملیۆنە. گرنگی نەدان بەو رووداوە یەکجار زۆرانەی کە لە ژیانمان هاتوونەتە پێش، بویتە هۆی لاوازیمان لە ناسین و لێکدانەوەی رووداوە دەگمەنەکان. ئەو رووداوانە کە لە پێش چاومان گرنگن وەک بردنەوەی یانەسیب وە یا خۆد لە خەوهەستانەوە بە دەنگی تەلەفونی دایکتان وە بەرێکەوت هاوکات بوونی ئەو لەگەڵ خەونەکەتان کە تێدا بینیوتانە دایکتان تەلەفونتان بۆدەکات، کە بەشیکی بچووکی ئەو رووداوە بێمانایە زۆرانەن کە ئەگەری روودانیان لە هەمان ئاست و تەنانەت کەمتریشە. وەک شانسی بینینی زەنگی تەلەفونی دایکتان لەگەڵ تەواوبوونی شیر لە کاتژمێر حەوتی بەیانی پێنج رۆژی دواتر. هەروەک پسپورێکی ئامار بە ناوی دەیوید ئس هەند David S. Hand روونده‌کاتەوە: ژیان پڕە لە رووداوی بچووک و گەورە وە بە لەبەرچاو گرتنی رێژەی یەکجار زۆری رووداوەکان، ئاساییە کە چاوەڕیی رروداوی زۆر سەیر بین لە نێوانیان، هەرچەندە لە هەرکامە لەم رووداوانە بە جیا ورد ببینەوە، دەبینین کە ئەگەری روودانیان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر زۆر ئەستەمە.

لە کاتی بینینی ئەو رووداوانەی کە ئەگەری روودانیان زۆر لاوازە، لەوانەیە وابیربکەینەوە کە دژی یاسا زاڵەکانی سروشتن وە بۆ پێدانی مانا و لۆژیک ئەو دیاردەیانە رووده‌کەینە هۆکاری دەرەوەی سروشتی. بەڵام بە دڵنیاییەوە هەرچەندیش شتێک نامۆ و دەگمەن بێت ئەو مانایە ناگەیەنێت کە روونکردنەوەی دەرەوەی سروشت راست بێت. بەتایبەتی دەبێت ئاگاداربین کە بە قەبولکردنی ئەو لێکدانەوە نادروستانە، بە ئاشکرا دان بەوەدادەنێین کە نموونەکانی زانستی کە بەبەردەوامی و بەوردی دیاردەکانی سروشتی زۆریان روونکردووتەوە وە پیش بینیان کردووە، تەنها بە هۆی ئەوەی کە ئێمە شایەتی شتێکی دەگمەن بووین، نادروستن. سەرەڕای ئەمانەش، شیکردنەوە و لێکوڵینەوەی وردی ئەم جۆرە موعجیزانە هەرگیز هیچ نیشانەیەک لە بوونی دەستێکی دەرەوەی سروشت دەرنەخستووە، بەڵکو لە زۆربەی حاڵەتەکان سەلمێندراوە کە شتێک نییە زیاتر لە فێڵبازی بێ نرخی تەردەستەکان یان وەهم و تێگەیشتنی هەڵەی سەرەتایی لە دیاردە سروشتیەکان(٩).

## سەرچاوەکان:

1) Jordan Micheal. Dictionary of Gods and Goddesses. Second ed. New York: Facts on File, 2004.
2) Bennett, Bo. «Argument from Ignorance.» Logically Fallacious: The Ultimate Collections of Over 300 Logical Fallacies. EBookIt.com, 2012.
3) Blanke, Olaf, Sebastian Dieguez. «Leaving body and life behind: Out-of-body and near-death experience: Cognitive neuroscience and neuropathology (2009): 303-305.
4) Shermer, Michael. «Patternicity: Finding Meaningful patterns in Meaningless Noise.» Scientific American. November 17, 2008. Accessed September 1, 2014.
5) Shermer, Michael. «The Pattern behind Self-deception.» Ted. February 2010. Accessed September 4, 2014.
6) Foster,Kevin R., and Hnna Kokko, «The evolution of superstitious and superstition-like behavior.» Proceedings of the Royal SocietyB: Biological Sciences 276, no. 1654 (2009): 31-37.
7) Shermer, Michael. The Believing Brain: From Ghosts and Gods to Politics and Conspiracies---How We Construct Beliefs and Reinforce Them as Truths. St. Martin´s Griffin, 2012.
8) Hand, D. J. The Improbability Principle. Why Coincidences, Miracles, and Rare Events Happen Every Day. Scientific American, 2014.
9) Nickell, Joe. Looking for a Miracle: Weeping Icons, Relics, Stigmata, Visions & Healing Cures. Buffalo, N.Y.: Prometheus Books, 1999.



# وەرزی چوارەم

## «رەگی ئەخلاقیات لە بوونی خواوە دێت و بە بێ خوا ئێمە ئینسانی باش نین.»

بەگشتی ئایین وەک نموونەی رەفتار و کردار و ئەخلاقی دروست دەناسرێتەوە. زۆربەی کتێبەپیرۆزەکان ئەو رێسایانە دەگرێتەوە کە فەرمان لە خەلک ئەکەن چۆن بژین وە چۆن رەفتاربکەن بۆئەوەی بچن بۆ بەهەشت وە یان بۆ هەبوونی ژیانێکی بەختەوەر دوای مردن، وە دەرئەنجامی پشتگوێ خستنی ئەم رێنمایی و یاسایانە، ئەشکەنجە و ئازاری هەتاهەتاییە. ئەو کەسەی ئەم فەرمانانە جێبەجێ بکات خواترسە وە وەک ئینسانێکی چاکەکار و رەوشت بەرز دەناسرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە لەلایەکی ترەوە کەسانی بێخودا بە شێوەی گومانلێکراو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت، چونکە بە پێی بۆچوونی ئایینی، ئەگەر باوەڕمان بە خوا نەبێت ئیتر کەس نییە کە پێمان بڵێت چۆن رەفتار بکەین وە یان چاودێریمان بکات وە لەئەنجامدا هیچ شتێک نییە رێگرێت لە ئەنجامدانی هەر تاوانێک کە حەزمان لێ بێت. بەپێی راپرسیەک کە لەلایەن دەروونناسانی کەنەدی ئەنجام دراوە دەرکەوتووە کە زۆربەی خەلکی کەنەدا و ئەمریکا کەمترین متمانەیان بە بێخوداکان هەیە، تەنانەت لە ئاستێکی نزمتر لە تاوانبارانی دەستدرێژی سیکسی(١).

بەڵام لەڕاستیدا هیچ بەڵگەیەک نییە لەسەر مەترسیداربوون و بێ رەوشت بوونی بێخوداکان. وەک هەر گرۆپێکی ئینسانی، بۆنموونە مەسیحیەکان و موسڵمانەکان، دەکرێت لە ناو بێخوداکانیش کەسانی ناپاک و نیازخراپ پەیدا ببن. لە بەرامبەریشدا بێگومان ئینسانی باش و چاکی زۆریش لە ناویان هەن، هەروەک کە لە ناو ئیماندارانیدا خەلکانێک هەن کە سەرمەشقی سیفەتی جوان و رەوشت بەرزین.

ئەوەی روون و ئاشکرایە ئەم راستیەیە کە ئەوە ئایینەکانن کە زۆرجار دەبنە هۆی هاندانی توندوتیژی لە ناو لایەنگرانیان(٣)(٢)، هەرچەند ئەمە بە واتای پەیوەندی بەردەوام و راستەوخۆی ئایینەکان لەگەل توندوتیژی نییە بەڵام بێگومان بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیە کە رەگی ئەخلاقیات لە بوونی خوا دێت.

## ئەخلاقیات دەگۆڕێن وە لە مۆد دەکەون

دەقەئایینییەکان بەگشتی زۆر کۆنن وە بەپێی بەهافەرهەنگی و ئەخلاقیەکانی ئەو سەردەمەی تێدابوونە، نووسراون. لەگەل تێپەربوونی کات وە بەرەوپێش چوونی فەرهەنگی کۆمەڵگا، روانگەی مروڤیش لەسەر بەهائەخلاقیەکان کە سەردەمێک شایانی پەسەند بووە، دەگۆڕێت، بۆیە زۆر لە ئایەتەکانی قورئان و ئینجیل بێ سوودن وە تەنانەت کێشەیەکی زۆر دروست دەکەن. بۆنموونە کوێلەداری بهێنە پێش چاوتان، ئەگەرچی تا ئێستاش خەلکانێک هەن کە کوێلەداری دژبە بنچینەکانی ئەخلاقی نازانن، بەڵام زۆربەی مەسیحیەکان دژی بەکوێلەگرتنی ئینسانەکانن. سەرەڕای ئەوەش لەناو ئینجیلدا بەوردەکاری زۆرەوە باسی یاساکانی دروستی کوێلەداری دەکات. بۆنموونە لە ئینجیلی سەردەمی کۆن لاویان (٤٦-٤٤: ٢٥) روونده‌کرێتەوە کە ئێوە دەتوانن لە نەتەوەکانی دراوسێتان کوێلە بکرن، بەڵام قەدەغەیە لە نەتەوەی خۆتان کوێلەتان هەبێت: «بەڵام رێپێدراوە کە کوێلە لە نەتەوەکانی دانیشتووی نزیکتان بکڕن وە هەروەها دەتوانن مناڵەکانی بێگانەی ناوخۆتان وەک کوێلە بکڕن تەنانەت ئەگەر لە سەر خاکی نیشتیمانی ئێوە لەدایک بووبن». لە دەرچوون (٢١-٢٠: ٢١) بەشێوەیەکی سوودمەندانە دەڵێت ئەگەر خاوەن کوێلەیەک بە دار لە کوێلە یا کەنیزەکەی بدات، پێویستە سزابدرێت. هەڵبەت تەنها ئەگەر کوێلەکە یان کەنیزەکە دوای چەند رۆژ بمرێت؛ «بەڵام ئەگەر کوێلەکە یان کەنیزەکە چەند رۆژ دوای لێدان خواردنەکە زیندوو بمینێت، خاوەنەکەی نابێت سزا بدرێت چونکە بەهەرحال کوێلەکە یان کەنیزەکە هی خۆیەتی».

کوێلەهەبوون تەنها بابەت نییە کە مشت ومڕ دەهێنێتەوە وە چاوەکانیان لەسەری داخستووە. لە ئینجیل سزای کوشتن رێپێدراوە بۆ زۆر تاوانی جۆراوجۆر. لەکاتی نووسینی ئینجیل سزای کوشتن بە ئازادانە بەکاردەهات وە سزایەکی زۆر باو و خوشەویست بووە بۆ تاوانەکانی سەردەمی کۆن. تاوانەکانی وەک: زینا (لاویان ٢٠:١٠)، هاوڕەگەزبازی (لاویان ٢٠:١٣)، درۆکردن لەسەر پەردەی کچینی (تثنییە ٢١-١٣: ٢٢)، سەرپێچی کردن لە رێنماییەکانی رۆژی سبت (دەرچوون ١٥-١٤: ٣١)، نەفرەت کردن لە دایک و باوک (دەرچوون ١٧:٢١) وە ...هتد، بۆ هەموو ئەمانە سزای کوشتن جێبەجێ دەکرا.

هەروەها لە ڕێنماییەکانی ئیسلامیش بەڕاشکاوانە سزای کوشتن بۆ ئەوانەی لە ئایین دەردەچن دیاریکراوە. لە گرنگترین و باوەڕپێکراوترین کتێبەکانی حەدیث، کە دوای ئایەتەکانی قورئان بە سەرچاوە و بنچینەی سەرەکی یاساکان و ئەخلاقیاتی ئیسلام دادەنرێن، لە زاری محمد نووسراوە کە داوای سزای کوشتنی کردووە بۆ ئەوانەی واز لە ئایینی ئیسلام دەهێنن.

پێغەمبەری ئیسلام گوتووە: خوێنی ئەو موسڵمانەی باوەڕی بە خوا هەیە وە وشەی شەهادە بەزمان دەهێنێت (کە ئەو ناردراوی خوایە) حەلال نییە، تەنها لە بەر سێ هۆ نەبێت: گیان لەبەرامبەر گیان، هاوسەری زیناکار وە ئەو کەسەی لە ئایین دەربچێت وە موسڵمانەکان بەجێ دەهێڵێت (صحیح بخاری ٦/٣١٢٥ ژمارەی ٦٤٨٤).

هەروەها قورئان پشتگیری لێدانی ئەو ئافرەتانە دەکات کە گوێڕایەڵی مێردەکانیان نین:

«پیاوان زاڵ و سەرپەرشتیارن بەسەر ژنان، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕێز و بەرزیەی کە خوا داویەتی بە هەندێک کەس بەسەر هەندێکی تردا، لە ماڵ و سامانیان خەرج دەکەن، کەواتە ژنان پێویستە گوێڕایەڵی مێردەکانیان بن وە لەنەبوونیان پارێزگاری نهێنییەکانیان بن، لەبەر ئەوەی خوا مافەکانی ئەوانی پاراستووە، ئەو ئافرەتانەش کە لێیان دەترسن سەرکشی و سەرپێچی بکەن سەرەتا ئامۆژگاریان بکەن (ئەگەر کاریگەر نەبوو)، لە ناو جێدا پشتیان تێبکەن، (وە ئەگەر دیسان کاریگەر نەبوو) لێیان بدەن، ئەگەر دوای ئەمانە وازیان لە یاخیبوون هێنا، ئیتر ستەمیان لێ مەکەن وە ڕێگەی تر مەگرنەبەر، بێگومان خوا بەرز و گەورەیە» (النساء: ٣٤)

هەڵبەت زۆربەی خەلکی ئایینی هەرخێرا بەگووتنی ئەم ڕستەیە کە؛ «وتەکانی سەرەوە لە دەقی ڕاستەقینەی خۆی جیاکرایتەوە «بەرگری لە کتێبە پیرۆزەکەیان دەکەن وە ئیددیعای ئەوە دەکەن کە ڕەخنەگرانی ئایین ئایەتەکانی پێش وپاش پشتگوێ دەخەن وە بەم شێوەیە مانایەکی جیاواز لێوەردەگرن. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە ڕەخنەگران لەڕاستیدا کاتێکی زۆریان لەسەر شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە داناوە بەگوێرەی دەقی تەواو. ئێمە پێشنیار دەکەین کە لە گفتوگۆکانتان بەبێ خوێندنی تەواوی دەقەکە، سوود لەهیچ کام لەم ئایەتانە بەتەنیا وەرنەگرن. جێگای سەرنجە کە زۆر لە ئیماندارەکان کاتێک کە ئایەتێک لەسەر خۆشەویستی، ڕەفتاری باش

وە یا خۆد هەر لایەنێکی ئیجابی لە ناو دەقەپیرۆزەکان دەردەهێنن، باسی دەقی تەواو ناکەن وە هەلیان دەبژێرن. ئیمانداران تەنها کاتێک لە ئایەتێک بەدڵیان نەبێت رەخنە دەگرن کە گوایە لە دەقی سەرەکی جودا کرایتەوە وە مانای گۆڕاوە.

ئەگەرچی لەوانەیە سزاکان و کردارەکانی باسکراو لە دەقەئایینییەکان لەگەڵ رەوشت و کولتووری سەردەمی ژیانی نووسەرەکە ئاسایی بێت، بەڵام ئەمە نابێتە بەڵگەی قەبول کردنی ئەم یاسا و رێنماییانە لە ژیانی ئەمرۆماندا. لە سەردەمی ئێمە، هیچ کەسێک سوپاسی ئەو کەسە ناکات کە کچەکەی لەسەر پەردەی کچینی دەکوژێت، بەڵکو بە تاوانی کوشتن دادگایی دەکرێت. ئەگەر بە راستی سەرچاوەی ئەخلاقیاتی ئینسان لە خوا بێت، نەدەبوایە لەگەڵ تێپەربوونی کات گۆڕانکاری بەسەریاندا بێت.

## مەتەڵی ئیتیفرۆن

ئایا کردارەکان تەنها بەهۆی ئەوەی خوا دەڵێت ئەخلاقین؟ یا خۆد خوا هەندێک فەرمانی تایبەت دەدات بەهۆی جەوهەری ئەخلاقیان؟ ئەم پرسیارە پۆختەی مەتەڵەکەی ئیتیفرۆنە، ئەم مەتەڵە زۆر جار لە دڵی نیقاشەکانی ئایینی لەسەر سەلماندنی بوونی خوا دێتە پێشەوە(٤).

ئەگەر ئەخلاقیات جودان لە ویستی خوا، کەواتە هیچ پێویست بەخوا نییە بۆ چاکەکردن. تاکەکان دەتوانن بە بێ گەرانەوە بۆ سەرچاوەی خوا وە سەربەخۆ، پێوەر و سەرچاوەی خۆیان هەبێت بۆ رەفتار و کردارەکانیان. لە لایەکی ترەوە ئەگەر خوا ئەخلاقیاتی دیاردەکات بەپێی ئەوەی چی پێی دروستە وە چی پێی هەڵەیە، کەواتە ئەمە ناکرێت ناوبنێین ئەخلاقیات، بەڵکو ئەمە خۆسەپاندنی تەواوە. ئەم جۆرە ئەخلاقیاتە دەگۆڕێت بۆ پەیڕەوکردنی کوێرکوێرانە لە هەوەسەکانی خوا.

## خوا یان بێ هێزە، یان نیازخراپە وە یان هەرلە بنەڕەتدا بوونی دەرەکی نییە

زۆربەی ئایینەکان باوەڕیان بە بوونی خوایەکی بەهێز، دلۆڤان وە خێرخواز هەیە. بەڵام راستی مێژوو وە تەنانەت ئێستا بە پێچەوانەی ئەم باوەڕەیە. ژمارەیەکی زۆر

کارەساتی دڵتەزین و ترسناک بەسەر خەلک دێت. بو نموونە مردنی خەمناکی منداڵان لە تەمەنەکانی زۆرکەم، لە ناوچوونی گوندێک بە تەواوی بەهۆی کارەساتێکی سروشتی وە یان مردن بەهۆی رووداوەکانی هاتووچوو یان نەخۆشیەکان. ئەم رووداوانە زیاتر نیشانەی بوونی خوایەکی بێ هێز و ستەمکارە تاکۆ خوایەکی چاکەخواز و میهرەبان.

بێگومان لە هەموویان خراپتر وێناکردنی شوێنێکە بەناوی دۆزەخ، کە لە ناویدا کافرەکان تەنها بە هۆی باوەڕنەبوون بە خوا هەتاهەتایە ئەشکەنجە دەدرێن. لەڕاستیدا ئەم ئەشکەنجەیە تەنانەت ئەو ئیماندارانەش دەگرێتەوە کە بەهەڵە خوایەکی جیاواز دەپەرستن. ئەگەر مەسیحیەت ئایینی راستی بێت ئەوا هەموو موسڵمانەکان و هیندووەکان و بوودایی‌یەکان و جۆلەکەکان هەتاهەتایە لەناوئاگری دۆزەخ ئەسووتن. (یوحەنا ٣٦-١٨: ٣)، (شالونیکیان١٠-٦:١)، (موکاشفە ٢١:٨) وە هەروەها ئایینەکانی تریش کە باوەڕیان بە دۆزەخ هەیە، هەمان جۆرە ئەشکەنجە بۆ شوێنکەوتوانی ئایینەکانی تر پێش بینی دەکەن، بۆ نموونە ئایینی ئیسلام:

وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ

ئەو کەسەی بێجگە لە ئاینی ئیسلام پەیڕەوی هەر ئاینێکی تر بکات لێی قەبوڵ ناکرێت، لەقیامەتیشدا لە زەرەرمەندانە.

آل عمران (٨٥)

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِنَا سَوْفَ نُصْلِيهِمْ نَارًا كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُم بَدَّلْنَاهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا لِيَذُوقُوا الْعَذَابَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَزِيزًا حَكِيمًا

بەڕاستی ئەوانەی باوەڕیان نەهێناوە بە ئایەت و فەرمانەکانی ئێمە، لە ئایندەدا دەیانسوتێنین بەئاگری دۆزەخ، هەموو جارێک پێستیان داوەشاو سووتاو هەڵقرچا، پێستی تر دەکەین بەبەریاندا، بۆ ئەوەی بە چاکی سزاو ئازار بچەژن، بەڕاستی خوا هەمیشەو بەردەوام باڵادەستە و دانایە.

النساء (٥٦)

لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ وَقَالَ الْمَسِيحُ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اعْبُدُوا اللَّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ إِنَّهُ مَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ

ئەوانە بێ باوەڕ بوون کە وتیان: خوا هەر مەسیحی کوڕی مەریەمە مەسیح وتوویەتی: ئەی نەوەی ئیسرائیل، ئەو خوایە بپەرستن کە پەروەردگاری من و پەروەردگاری ئێوەشە و دڵنیابن ئەوەی شەریک و هاوبەش بۆ خوا بڕیار بدات، ئەوە بێگومان خوا بەهەشتی لەسەر حەرامکردووە و شوێن و جێگاو سەرەنجامی ئاگرە، ئەوسا ئەوستەمکارانە هیچ جۆرە پشتیوانێکیان نی یە.

المائدة (٧٢)

لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ ۘ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ۚ وَإِن لَّمْ يَنتَهُوا عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ

سوێند بێت بەخوا بێگومان ئەوانەش بێ باوەڕ بوون کە وتیان: خوا یەکێکە لە سێ دانە خوا (تثلیث)، هیچ خوایەک نیە جگە لە خوایەکی تاکو تەنها، خۆ ئەگەر لەو گوفتارە نابەجێ و ناماقوڵایەیان کۆڵ نەدەن، سوێند بەخوا ئەوانەیان کە بێ باوەڕ بوون سزایەکی بەئێشیان تووش دەبێت.

المائدة (٧٣)

وَذَرِ الَّذِينَ اتَّخَذُوا دِينَهُمْ لَعِبًا وَلَهْوًا وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا ۚ وَذَكِّرْ بِهِ أَن تُبْسَلَ نَفْسٌ بِمَا كَسَبَتْ لَيْسَ لَهَا مِن دُونِ اللَّهِ وَلِيٌّ وَلَا شَفِيعٌ وَإِن تَعْدِلْ كُلَّ عَدْلٍ لَّا يُؤْخَذْ مِنْهَا ۗ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ أُبْسِلُوا بِمَا كَسَبُوا ۖ لَهُمْ شَرَابٌ مِّنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْفُرُونَ

(ئەی محمد) واز لەوانە بهێنە کە ئاینی خۆیان کردووە بەگاڵتەوگاڵتەجار و ژیانی دونیا فریوی داون و سەر لێشێواوی کردوون، بەبیریان بهێنەرەوە بەقورئان تا کەس تیا نەچێت بەهۆی کارو کردەوەی نالەباریەوە، ئەو کاتە جگە لە خوا کەس نەبێت پشتیوانی بێت، کەسیش نەبێت تکاکاری بێت، چونکە کەسی خوانەناس هەرچیەکی ببێت و بیەوێت بیکاتە بارمتەو فیدیەی خۆی، لێی وەرناگرێت، ئا ئەوانە کاسانێکن کە گرفتار بوون و تیاچوون بە دەست کارو کردەوەی نالەباری

خۆیانـەوە، بـۆ ئەوانـە خواردنـەوە و ئـاوی لەکـوڵ و سـزای بەئێش ئامادەیـە، بەهـۆی بـێ بـاوەڕ بوونیانـەوە.
الانعام (٧٠)

وَلَـوْ تَـرَىٰ إِذْ يَتَوَفَّـى الَّذِيـنَ كَفَـرُوا ۙ الْمَلَائِكَـةُ يَضْرِبُـونَ وُجُوهَهُـمْ وَأَدْبَارَهُـمْ وَذُوقُـوا عَـذَابَ الْحَرِيـقِ

ئەگـەر دەتبینـی کاتێـک فریشـتەکان گیانـی ئەوانەیـان دەکێشـا کـە بـێ بـاوەڕ بـوون! کـە دەیانکێشـا بـەدەم و چـاو و پشـتیاندا و (ڕاپێچیـان دەکـردن بـۆ دۆزەخ و، پێیـان دەوتـن): دە بچێژن سزایەکی سـوتێنەر.
الأنفال (٥٠)

وَنَـادَىٰ أَصْحَـابُ النَّـارِ أَصْحَـابَ الْجَنَّـةِ أَنْ أَفِيضُـوا عَلَيْنَـا مِـنَ الْمَـاءِ أَوْ مِمَّـا رَزَقَكُـمُ اللَّهُ ۚ قَالُـوا إِنَّ اللَّهَ حَرَّمَهُمَـا عَلَـى الْكَافِرِيـنَ

(دۆزەخیـان بـەدەم ئاهـو نالـە) هاواریـان لـە بەهەشـتیان کـردو لێیـان پاڕانـەوەو وتیـان: نەختێـک ئاومـان بەسـەردا بڕێژن، یـان بەشـمان بدەن لـەو رزق و ڕۆزیانـەی کـە خـوا پێـی بەخشـیوون (بەهەشـتیەکان لـە وەڵامیانـدا) وتیـان: بەڕاسـتی خـوا خـواردن و خواردنـەوەی بەهەشـتی لەسـەر بـێ بـاوەڕان حـەرام کـردووە.
الأعراف (٥٠)

وَمَـن يَهْـدِ اللَّهُ فَهُـوَ الْمُهْتَـدِ وَمَـن يُضْلِـلْ فَلَـن تَجِـدَ لَهُـمْ أَوْلِيَـاءَ مِـن دُونِـهِ وَنَحْشُـرُهُمْ يَـوْمَ الْقِيَامَـةِ عَلَـىٰ وُجُوهِهِـمْ عُمْيًـا وَبُكْمًـا وَصُمًّـا مَّأْوَاهُـمْ جَهَنَّـمُ كُلَّمَـا خَبَـتْ زِدْنَاهُـمْ سَـعِيرًا

ئـەو کەسـەش خـوا ڕێنمایـی بـکات و ئـەوە ئیتـر هیدایـەت دراوەو ڕێنمایـی وەرگرتـووە، ئـەوەش کـە سـەرگەردانی بـکات، ئـەوە هەرگیـز کەسـێکت دەسـت ناکەوێـت جگـە لـەو زاتـە کـە پشـتیوانی بـکات و رزگاری بـکات، لـە ڕۆژی قیامەتیشـدا (ئـەو جـۆرە کەسـانە) لەسـەر ڕوو کۆدەکەینـەوەو لەکاتێـکدا کوێـرو لاڵ و کـەڕن، ئەوانـە شـوێنیان نـاو ئاگـری دۆزەخـە، هـەر کاتێـك بڵێسـەی کوژایـەوە، بڵێسـەی زیـاد دەکەینـەوە بۆیـان.
الإسراء (٩٧)

ذَٰلِكَ جَزَاؤُهُم بِأَنَّهُمْ كَفَرُوا بِآيَاتِنَا وَقَالُوا أَإِذَا كُنَّا عِظَامًا وَرُفَاتًا أَإِنَّا لَمَبْعُوثُونَ خَلْقًا جَدِيدًا

ئەو دۆزەخە پاداشتیانە چونکە بەڕاستی ئەوانە بڕوایان بە ئایەت و فەرمانەکانی ئێمە نەبوو دەشیانوت: باشە، ئایا ئەگەر ئێمە بووینە ئێسك و پڕتووکاین، ئایا ئێمە بەڕاستی جارێکی تر سەرلەنوێ زیندوو دەکرێینەوە؟!

الإسراء (٩٨)

وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا وَإِن يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءَتْ مُرْتَفَقًا

پێیان بڵێ: حەق هەر ئەوەیە کە لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆتان رەوانەکراوە، جا ئەوەی دەیەوێت با باوەڕ بهێنێت و ئەوەی دەیەوێت با کافرو بێ باوەڕ بێت، بێگومان ئێمە دۆزەخێکمان ئامادە کردووە بۆ ستەمکاران کە لە هەموولایەکەوە دەورەیان دەدات و دیواری بڵێسەی ئابڵوقەی داون، خۆ ئەگەر هاوار بکەن لە ئازارو تێنویەتیدا، ئەوە ئاو دەدرێن بە ئاوێکی گەرمی پیس و بۆن ناخۆش کە وەکو خڵتەی کانزایی تواوە وایە، ئەوەندەش گەرمە دەم و چاویان هەڵدەکروزێنێت و دەیبرژێنێت، ئای کە چەند خواردنەوەیەکی تاڵ و ناخۆشە، چەندە جێگەو رێگەیەکی پڕ لە ئازارە.

الكهف (٢٩)

هَٰذَانِ خَصْمَانِ اخْتَصَمُوا فِي رَبِّهِمْ فَالَّذِينَ كَفَرُوا قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِّن نَّارٍ يُصَبُّ مِن فَوْقِ رُءُوسِهِمُ الْحَمِيمُ

ئەمانە دوودەستەی دژبەیەکن (ئیمانداران و بێ باوەڕان) کردیانە کێشە لەبارەی پەروەردگاریانەوە: جا ئەوانەیان کە بێ باوەڕ بوون پارچە پۆشاك لە ئاگر بڕڕاوە بەباڵایان، ئاوی زۆر لەکوڵ لەسەرویانەوە دەکرێت بەسەریاند.

الحج (١٩)

يُصْهَرُ بِهِ مَا فِي بُطُونِهِمْ وَالْجُلُودُ

ئەو ئاوە لەکوڵە هەرچی لەناو سکیاندا هەیە بەپێستەکانەوە دەیتوێنێتەوە.

الحج (٢٠)

وَلَهُم مَّقَامِعُ مِنْ حَدِيدٍ
گورزیش لە ئاسن (بۆ لێدانیان) ئامادەکراوە.
الحج (٢١)

كُلَّمَا أَرَادُوا أَن يَخْرُجُوا مِنْهَا مِنْ غَمٍّ أُعِيدُوا فِيهَا وَذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ
هەر کە هەوڵ بدەن و بیانەوێت خۆیان رزگار بکەن و لەو سزایە هەڵبێن (بەقامچی و تێهەڵدان) دەگێڕدرێنەوە ناوی و پێیان دەوترێت: بچێژن سزای سووتان و ئاگر.
الحج (٢٢)

وَقَالَ الَّذِينَ فِي النَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ادْعُوا رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِّنَ الْعَذَابِ
ئینجا ئەوانەی کە لەناو ئاگری دۆزەخدان بە فریشتەکانی کارگێری دۆزەخ دەڵێن: داوا لە پەروەردگارتان بکەن؛ تەنها رۆژێک سزاو ئازامان لەسەر کەم بکاتەوە.
غافر (٤٩)

قَالُوا أَوَلَمْ تَكُ تَأْتِيكُمْ رُسُلُكُم بِالْبَيِّنَاتِ ۖ قَالُوا بَلَىٰ ۚ قَالُوا فَادْعُوا ۗ وَمَا دُعَاءُ الْكَافِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَالٍ
ئەوانیش لە وەڵامی داخوازیەکەیاندا دەڵێن: باشە، مەگەر پێغەمبەرەکانتان بە بەڵگەو نیشانەی روون و ئاشکراوە، رەوانە نەکرابوون بۆتان؟ هەمووان بەیەکدەنگ دەڵێن: بەڵێ، راستە، ئینجا فریشتەکان دەڵێن: دەی کەوابوو هەر داوابکەن وبپاڕێنەوە، بێگومان داخوازی و پاڕانەوەی کافران بەهیچ ناچێت، تازە هیچ نرخێکی نیەو گیرا نابێت.
غافر (٥٠)

بێگومان هیچ خوایەکی میهرەبانی بێ وێنە بەندەکانی خۆی هەتاهەتا ئەشکەنجە نادات تەنها بەهۆی لەدایک بوونیان لە کۆمەڵگایەک کە خەلکەکەی خوایەکی

هەڵـە دەپەرسـتن وە پەیـڕەوی کتێـبێکی پیـرۆزی هەڵـە دەکـەن وە یـان بـە شـێوەیەکی نادروسـت ڕێوەڕەسـمەکانی کەنیسـە ئەنجـام دەدەن.

سـەم هەریـس Sam Harris لـە دیبەیتێـک سـەبارەت بـە ئەخلاق و مەسـیحیەت ئامـاژە دەکات بـە دوو پێـوەر لەسـەر هەبوونـی خـوای خێرخـوازی کامـل (٥)، کاتێـک کـە بەسـەرهاتێکی بـاش دێـتە پێش بۆ ئیماندارەکان یەکسـەر دەبەستنەوە بەخوا وە کاتێک کارەسـاتێکی ناخـۆش ڕوودەدات، دەڵێـن ئەمـە ئیـرادە و خواسـتی خوایـە وە بەدڵنیاییـەوە حیکمەتێکی تێدایە وە ئێمەی مرۆڤی لاواز ناتوانیـن لـەو حیکمەتـە تێبگەیـن. لەڕاسـتیدا ئـەم دوو لێکدانەوەیـە تـەواو دژبەیەکترن، ئەگـەر ویسـت و ئیرادەی خودا قابیلی تێگەیشـتن نییـە کەواتـە چـۆن دڵنیابیـن لـە خێرخوازی و نیازپاکی خوا. بێگومـان ئـەم قسـانە ناتوانـن بـە سـتوونێکی پتـەو هەژماربکـرن بـۆ سـەلماندنی ئـەم بانگەشـەیە کـە خـوا سـەرچاوەی تـەواوی ئەخلاقیاتـە.

## ڕوونکردنەوەیەکی سروشـتی بۆ ئەخـلاقیات

هەرئەندازە ئێمـە زیاتـر لـە سـەر پەیوەندیەکانـی نێـوان ئینسـانەکان ورد دەبینـەوە، زیاتـر بۆمـان دەردەکەوێـت کـە دەکرێـت ئەخلاقیـات لـەدەرەوەی ئایینـەکان هەبێـت وە لەڕاسـتیدا تەنهـا سـنووردارنییە بـە ئینسـانەکان بەلکـۆ تەنانـەت لەنـاو جیهانـی ئاژەڵەکانیش بـەدی دەکرێـت. بەتایبەتـی ئەوانـەی بـە کومـەڵ دەژیـن.(٦)

مێشـکی مـروڤ بەجۆرێـک لـە سـتراتیژیەکانی ڕەفتـاری پەرەسـەندووە کـە بتوانێـت بۆهێلـەکان بگواسـتەوە بـۆ وەچەکانـی دوای خـۆی وە هەرئەمـە هـۆی سـەرەکی دروسـتبوونی سـیفەتەکانی خۆویسـتە لـە ئینسـانەکان دا بـۆ گەرەنتـی کردنـی بەردەوامـی جـۆری ئێمـە. بـەڵام لـە لایەکـی تـرەوە، ئـارەزووی مـروڤ دۆسـتی وەک دلسـۆزی یـان دادپـەروەری بەرهەمەکانـی هەمـان دارن. ئـەم جـۆرە ئارەزووانـە وە هەسـتەسرۆشـتیەکان لەگـەڵ زیادبوونـی هـاوکاری لـە نێـوان تاکـەکان، چانسـی مانـەوەی بۆهێـلەکانی ئێمـەی زیاد کـردووە.(٧)

گیاندارانـی بەکۆمەڵیـش وەک مروڤـەکان، بەهـۆی ئـەوەی کـە مێشـکیان بـە جۆرێـک پەرەسـەندووە کـە سـەرەڕای هەوڵدان بۆمانـەوەی خۆیـان، هەروەهـا گرنگـی دەدەن بەمانـەوەی نزیکەکانـی بۆهێلـی خۆیـان، لەگـەڵ جـۆری وەک خۆیـان بـە شـێوەیەکی

تایبەت هەڵسوکەوت دەکەن. مێشکی ئێمە بە هەستیار راهاتووە، هەروەک هاودەردی و دادخوازی دروست دەکات تاکو ئێمە بەم شێوەیە رەفتار بکەین(٧). هەروەک سەمیر ئۆکاشا Samir Okasha لە کۆلیژی فەلسەفەی زانکۆی Bristol بەم شێوەیە روون دەکاتەوە: «جیاواز لەوەی کە بەگشتی بیر لێ دەکرێتەوە، تێروانینێکی پەرەسەندن لەبارەی رەفتاری مروڤ نیشانەی ئەوە نییە کە تەنها بۆ دەستکەوتی تایبەتی خۆی وەک تاک هاندەدرێت، یەکێک لەو ستراتیژیانە کە هۆکاری زیادبوونی بۆهێلەکانی خۆویستە لە نەوەی داهاتوو، هەرهەمان خۆنەویست بوونی مروڤە لە رووی دەرونناسیەوە»(٦).

بۆهێلەکانمان وشیار نین وە خاوەنی ئەو دووربینییە نەبوونە تاکو ئارەزووەکانمان بەباشی بەکاربهێنن بۆ زیادکردنی توانایی گەشەکردنی کومەڵگای مۆدێرن، لەم رووەوە گرێدراوبوونی تەواو بە ویستەکانی مروڤ دۆستی، ئایدیال نابێت. بەڵام مروڤەکان خاوەنی توانای دووربینی ژیرانەن وە بەم جۆرە دەتوانن کۆمەڵێکی تەواوتر لە نموونەکانی ئەخلاقی دروست بکەن.

نموونە ئەخلاقیەکان لەکۆتاییدا، بە هەمان شێوە کە لێیان تێدەگەین لەڕاستیدا هەمان پەیمانەکانی کۆمەڵایەتین. بە شێوەی هۆگرانە بەستراون بە هەڵومەرجە فەرهەنگیەکان وە ئەگەری زۆرە کە لەگەڵ تێپەربوونی کات، گۆڕانکاریان بەسەربێت. لەگەڵ ئەمەشدا رەگ و ریشەی ئەم ئەخلاقە نموونەییانە لە هەستەکانەوە دێت وەک هاوسۆزی بۆ ئینسانەکانی وەک خۆمان کە لە ئارەزووی ئینسان دێت بۆ ژیان لە کۆمەڵگایەکی یارمەتیدەر و هێمن. ئەم پەیمانە کۆمەڵایەتیانە کە لە سەر ئەم ئارەزووانە بنیات نراون، لەباشترین حالەتدا، بەجۆرێک دارێژراون تاکو گەشەکردنی مروڤ لەرێگەی هاندانی دەرختنی ئەم ویستانە بەهۆی ئامانجەکانی پەرەسەندن، بەهێز دەکات. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم راستیە کە ئارەزووەکان لە بنەڕەتدا لەژێر کاریگەری مێشکی ئێمەدان، دەکرێت بگەینە ئەم ئەنجامە کە بۆ شادبوونی زۆرینەی خەلک، باشترین چارەسەر تێگەیشتنی زانستی چۆنییەتی کارکردنی مێشکە وە هەروەها ناسینی ئەو نموونانەن کە رێژەیەکی زیاتر لە ئینسانەکان هان دەدات بەرەو ئەو هەڵسوکەوتانەی گونجاون بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو(٨).

## سەرچاوەکان:

1) Geravis, Will m:, Azim F. Shariff, and Ara Norenzayan. «Do You Believe in Athesits? Distrust is Central Anti-Athesit Prejudice.» Journal of personality and Social Psychology 101, no. 6 (2011): 1189-206.

2) Ellens, J. Harold. The Destructive Power of Religion: Violence in Judaism, Christianity, and Islam. West port, Conn.: Praeger, 2003.

3) Hall, John R. «Religion and Violenve from a Sociological Perspective.» The Oxford Handbook of Religion and Violence, 363-374. Oxford: Oxford University Press, 2013.

4) Jowett, Benjamin. «Eythyphro by Plato.» The Internet Classics Archieve. Accessed September 4, 2014.

5) Harris, Sam. «Is the Foundation of Morality Natural or Supernatural? The Craig-Harris Debate.»ReasonableFaith.org. April 7, 2011. Accessed September 4, 2014.

6) Okasha, Samir. «Biological Altruism.» Stanford University. June 3, 2003. Accessed September 5, 2014.

7) Dawkins, Richard. The Selfish Gene. 2nd ed. Oxford: Oxford University Press, 1990.

8) Harris, Sam. The Moral Landscape: How Science Can Determine HumanValues. New York: Free Press, 2010.

## وەرزی پێنجەم

# «خواپەرەستی تائەم رادەیە فراوان نەدەبوو ئەگەر خوا نەبوایە.»

بێگۆمان نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئایینەکان کاریگەری گرنگیان هەبووە لەسەر مێژووی جیهان. بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی ئەمرۆی جیهانیش لە خەلکی ئایینی پێکهاتوون. بەدرێژایی مێژوو کولتوورەکان بەرێژەیەکی زۆر لەرێگەی ئایینەکان دروست بوونە(١). ئەو ئایینانە کە بەم رێژەیە فراوانە بڵاوبوونەتەوە بەسادەیی ئەم بۆچوونە دروست دەکەن لە بەلای کەم دەبێت بنچینەیەکی راستی هەبێت، ئەگینە مومکین نییە ئەم رێژە زۆرە باوەڕدارە بەبێ بوونی خوا.

بەڵام لە راستیدا ئەم لێکدانەوەیە رەخنەیەکی زۆر لەخۆی دەگرێت. پێش هەمووشتێک کاریگەریەکانی فەرهەنگی و مێژوویی کە بەدرێژایی سەدەکانی یەک لەدوای یەک ئایینەکان لە ناویان پێکهاتوون وە گۆڕانکاریان بەسەریاندا هاتووە پشتگوێ دەخرێت. بەم جۆرە نەبووە کە کولتورەکانی جیهان بەرێککەوت تووشی ئایینەکان بوونە وە لەگەڵی ئاوێتەبووبن، بەڵکو ئایینەکان بەبەردەوامی لە رێگەی هەلومەرجە ئاڵوزەکانی ژینگەکانیان دروست دەبوون وە دەگۆڕان. کاتێک نەتەوەیەک هێرشی سەربازی دەکرایەسەر و داگیردەکرا، ئایدیۆلۆژیەکانیان وەردەگیران وە لەرێگەی لایەنی سەرکەوتوو گۆڕانکاری بەسەریان دەهات(٢).

لە کۆتاییدا ئەم بیرۆکەیە کە ئەگەر ژمارەیەکی زۆر لە خەلک باوەڕی بە شتێک هەبوو، ئەوا بەڵگەی راستبوونی شتەکەیە، بەهەڵەدابردنێکی لۆژیکیە بە ناوی «پەنابردن بە رێژەی پەسەند بوون»(٣) . باوەڕی فراوان لەسەر شتێک نابێتە بەڵگەی راست بوونی وە شتەکان ئەکرێت بەبێ گوێ دان بە باوەڕەکانی ئێمە راست بن. بە کورتی راستی هەر راستیە تەنانەت ئەگەر باوەڕتان پێ نەبێت، وە شتی ناڕاست و درۆ هەر نادروست و درۆن تەنانەت ئەگەر هەموو خەلک باوەڕی پێ هەبێت.

## باوەڕەکان هیچ کاریگەریان نییە بەسەر جیهانی ماددی

لە جیهانی ماددی زۆر جار لە ڕێگەی دۆزینەوەی بەڵگەی نوێ نادروست بوونی باوەڕە خۆشەویستەکانی خەلک سەلمێنراوە. یەکێک لە باوەڕە هەرە کۆن و باوەکان بە درێژایی مێژوو ئەو بۆچوونە بووە کە دەڵێت زەوی چەقی گەردوونە. ئەم بۆچوونە لە سەدەی شانزدەهەمی زایینی لە ڕێگەی زاناکان وەک گالیلە و کۆپەرنیک وە کۆپلەر ڕەتکرایەوە، وە ئەمرۆ سەفەرەکانی مروڤ بۆ بۆشایی وە دۆزینەوەکان گومانی نەهێشتووە کە نەک تەنها زەوی چەقی گەردوون نییە بەڵکو لەهەموو گالاکسیەکان ئەوە هەسارەکانن کە بەدەوری خۆرەکانیان دەسوڕێنەوە(٤). سەرەرای ئەم راستیە سەلمێنراوەش لەگەڵ بوونی هەموو بەڵگەکان، هەندێک خەلک هێشتاش باوەریان بەوە هەیە کە زەوی چەقی جیهانە یا زەوی تەختە. دەتوانن لە گوگل بەدوای ئەم بابەتە بگەرێن تا هەندێک گروپ وەک FixedEarth.com وە GalileoWasWrong.com بدۆزنەوە کە پێداگری دەکەن لە سەرهەڵەبوونی بەڵگە و زانیاریەکانی چەندین سەددەی زانست. هەڵبەت باوەری ئەم خەلکە هێچ کاریگەری نییە بەسەر دروستی راستیەکان وە سەرەڕای باورەکانمان زەوی وەک هەمیشە بەدەوری خۆر دەسوڕێتەوە.

نووسەری چیرۆکەکانی زانستی خەیالی (sifi) Philip K Dick سەردەمێک دەیگووت: «ڕاستی ئەو شتەیە کە تەنانەت ئەگەر ئێوە وازی لێ بهێنن لەنێو ناچێت». ئەم رستەیە تیرێکە لە ناو دڵی بەهەڵەدابردنی «پەنابردن بە ڕێژەی پەسەندبوون». راستیە فیزیاییەکان بۆ بەردەوام بوون پێویستیان بە باوەڕهەبوون یا باوەڕنەبوونی ئێمە نییە وە باوەڕەکان ناتوانن راستیەکانی جیهان بگۆڕن.

## ئایینەکان لە هەموو جیهان هەن، بەڵام باوڕێکی تایبەت جیهانی نییە

تەنانەت ئەگەر جەوهەری بڵاوبوونی ئایینەکان بەها بدات بە ئیددیعای خواپەرەستان، ناتوانێت دیار بکات کە پشتگیری لە کامە ئیددیعا و باوەڕ دەکات. چونکە جیهان لە ژمارەیەکی یەکجار زۆر ئایین پێکهاتووە وە هیچ کام لەم ئایینانە لەسەر جەوهەر و زاتی خوا تەبانین. ئەگەر بەڕاستی خوایەکی تاک بەرپرس بوایە لەگشت باوەڕەکانی

ئایینی، ئایا نەدەبوایە بە لای کەم ئەم ئایینانە خاڵی هاوبەشی زیاتریان هەبێت؟

زۆربەی ئایینەکان تەنها خۆیان بە راست دەزانن وە پێیان وایە کە ئایینەکەیان تەنها ئایینی تەواو وە بێ کەم و کوڕییە. بە هەرحال ئەگەر بەکارهێنانی ئایین بۆ وەسفکردنی شتێک بێت کە لە راستیەکانی فیزیاییەوە هاتبێت، وە نە وەسف کردنی راستیەکی زەینی و کەسی لەسەر بنەمای هستەکان، ئیتر مومکین نییە ئەو ئایینانە کە هەوڵی سەلماندنی خۆیان دەدەن راست دەربچن وە لەم رووەوە هەموویان رەت دەکرێنەوە.

بڵاوبوونەوە وە فراوان بوونی ئایین لەسەرتاسەری گۆی زەوی بەدرێژایی مێژوو، ئەگەر شتێک پێشانمان بدات، بێگومان سەبارەت بە ژیان و مێژووی خودی ئینسانەکانە وە نەک سەلماندنی خوایەکی خەیاڵی. لەوانەیە ئایینەکانیش وەک کۆمەڵێک ئایدۆلۆژیای خۆ- زیادکەر، هەروەک پرۆسەی پەرەسەندن لە زیندەوەران، بەجۆرێک پەرەیانسەندووبێت کە جەوهەری سەرەکی خۆیان دەشارنەوە وە بە سوود وەرگرتن لە هەست و ویستەکانی سروشتی ئێمە پەرە بە ئاهەنگی فراوان بوونی خۆیان دەدەن(٥). وەک دەنیێل دەنێت Daniel Danett ڕووندەکاتەوە:

«ئەگەر ئایینەکان مشەخۆری فەرهەنگی پەرەسەندووبن، دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە بەشێوەیەکی زۆر زیرەکانە دارێژراون بەجۆرێک کە رووی راستەقینەی خۆیان لە مێواندار دەشارنەوە، چونکە بەڕێگەی ئەم خۆگونجاندنە زیاتر بڵاودەبنەوە.»

ئایینەکانی ئەمرۆی جیهان، رێژەیەکی بچووکی ئەو ئایینانەن کە بە درێژایی مێژووی مروڤ هەبوونە وە بێگومان ئەمانە توانیویانە بەشێوەی زۆر کاریگەرتر خۆیان رابهێنن بۆ راکێشان و راگرتنی وەفاداری پەیڕەوەکانیان وە بەم جۆرە مانەوەیان گەرەنتی دەکەن.

لێکۆلینەوەرانی زانکۆی ئوهایوی ئەمریکی شانزدە جۆری جیاوازیان دیارکردووە لە ویستەکانی سروشتی دەرونی مروڤ کە هۆکاری ئایین خوازی دەبن؛ وەک رێزگرتن، ئایدیالیزم، شیاوی پەسەندبوون، بەستراوبوون بە گروپ وە ترس لەمردن(٦). لەوانەیە هۆکاری فراوان بوونی باوەڕەئایینییەکان یەکگرتنی بێت لەگەڵ ویستەدەروونییەکانی زوربەی خەلک وە نەک نیشانەیەکی دەرەکی لەسەر راست و دروست بوونیان.

## سەرچاوەکان:

«1) The Global Religious Landscape.» Pew Research Center Religion Public Life Project. December 18, 2012. Accessed September 9, 2014.
2) Armstrong, Karen. A History of God: The 4000-Year Quest of Judaism, Christianity and Islam. Ballantine, 1994.
3) Bennett, Bo. «Appeal to Popularity.» Logically Fallacious: The Ultimate Collection of over 300 Logical Fallacies. EBookIt.com, 2012.
4) Hawking, Stephen. On the Shoulders of Giants. Philadelphia: Running Press, 2003.
5) Dennett, Daniel C. Breaking the Spell: Religion as a Natural Phenomenon. New York: Viking, 2006.
6) Reiss, Steven. «The Sixteen Strivings for God".

## وەرزی شەشەم

# «خوا وەڵامی دوعاکان دەداتەوە، کەواتە هەیە.»

دوعاکردن بەشێکی دانەبڕاوی هەموو ئایینەکانە. ئەم بیرۆکەیە کە ئێوە دەتوانن ئارەزووکان و ئۆمێدەکان و ترسەکانتان بە خوایەکی بەهێز و میهرەبان بڵێن وە وەڵام وەربگرنەوە، زۆر سەرنج ڕاکێشە. دوعاکردن ئەم هەستە لای ئیمانداران دروست دەکات کە بەهێزن. ئەگەر پێتان بکرێت لەڕێگەی دوعاوە ژیانتان بگۆڕن، ئەوا دەبنە کەسێکی کاریگەر لەجیاتی بوونەوەرێکی قوربانی و شکست خواردوو. تەنانەت ئەگەر دوعاکان هیچ نەگۆڕن لەڕاستیدا ئەم هەستی بەهێزبوونە، شتێک نییە بێجگە لە هەست و خەیالی ئارام بەخش. سەرەڕای ئەمانەش ئەگەر ئەم وەهمە ڕێگربێت لە هاویشتنی هەنگاوی گرنگ بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە، دەکرێت مەترسیدار بێت.

سەلماندنی ڕێژەی کاریگەری دوعا زۆر ئاسانە. بەدروستکردنی پەیوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام، تاقیکردنەوەیەک ئامادەبکەن کە تێدا تەنها دوعا پێوەری گوڕاو بێت وە ئەوجا بزانن کە ئایا دوعاکردن هیچ کاریگەریەک لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوە هەبووە یان نە. لەڕاستیدا پێشتر زاناکان بە وردبینییەکی زۆر ئەم تاقیکردنەوەیان ئەنجامداوە.

لێکۆڵینەوەیەک کرا بەئامانجی دیارکردنی کاریگەری دوعاکردنی خەلکی بێگانە لەسەر پرۆسەی چاکبوونەوەی نەخۆشەکانی دڵ لە شەش نەخۆشخانەی جیاواز(١). دوای بەدواداچوونی وردی ١٨٠٠ نەخۆش لە ماوەی ٣٠ رۆژی دوای نەشتەرگەری دڵیان، هیچ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان دوعاکردن و پرۆسەی چاکبوونەوەی نەخۆش بە شێوەی ئیجابی بەدی نەکرا. هەرچەند جیاوازی بەرچاو هەبوو لە ئاستی چاکبوونەوەی ئەو نەخۆشانەی ئەیانزانی کە دوعایان بۆدەکرێت بە بەراورد لەگەل ئەوانەی نەیاندەزانی. ئەو نەخۆشانەی دەیانزانی پێدەچوو لە ژێر فیشاری زیاتری دەروونی، بەرێژەیەکی زۆرتر لە دەست کێشەکان ئازاریان دەبینی. زانینی ئەوە کە خەلکانێکی زیاتر دوعادەکەن بۆ سەلامەتیتان، بە ئەگەری زۆرەوە ئەو هەستە لەلایان دروست دەبوو کە نەخۆشیەکەیان ئەستەم و قورسە وە ئەمە بێگومان کاریگەری سلبی

هەبووە لەسەر چاکبوونەوەیان. تا ئەمڕۆش هیچ لێکولینەوەیەکی زانستی متمانە پێکراو نەیتوانیوە پەیوەندیەکی پۆزەتیڤ لە نێوان دوعاکردن و شیفای نەخۆشەکان بسەلمێنێت.

## پێبژار کردن بۆ پشتڕاست کردن

زوربەی خەلکی ئایینی سەرەڕای نەبوونی هیچ بەڵگەیەک لەسەر کاریگەری دوعاکردن، بەردەوام پێداگری دەکەن لەسەر ئەوەی کە دوعا کاریگەری باشی هەبووە لەناو ژیانیان. بێگۆمان رەتکردنەوەی ئەم جۆرە بۆچوونە بەهۆی پشت بەستنیان بە بەڵگەی وەک چیرۆک کارێکی ئاسان نییە. بەڵگەی وەک چیرۆک لە بنەڕەتدا بەو وتانە دەگوترێت کە دەتوانین لەم رستەیەدا کورت بکەین: «ڕاستە چونکە بۆ من (یا کەسێکی نزیکم) روویداوە». لەڕاستیدا لەوانەیە ئەمەی دەگوترێت بەڕاستی رووی دابێت بەڵام بەهۆی ئەوەی لەم جۆرە بەڵگانەدا چۆنییەتی و هۆکارەکانی رووداوەکە بە دروستی باس ناکرێت، ناتوانین لە چوارچێوەی بابەتێکی زانستی سوودیان لێوەربگرین.

هەرکات کەسێک بلێت بەهۆی دوعاکردنەوە لە نەخۆشیەک چاک بوویتەوە، پێویستە روونکردنەوەکانی تریشی زیادبکات. ئەگەر سەرئێشەتان هەبێت، لەوانەیە ئاسپرین بخۆن وە دوعا بکەن کە سەرئێشەکەتان نەمێنێت. کاتێک کە سەرئێشەکەتان چاکبووە، چۆن دەزانن کە کامەیان هۆکاری بوویێت؟ پێویستە ئێوە لەسەر کاریگەری هەردوو رێگاکان لێکۆڵینەوە بکەن بۆ ئەوەی ئەنجامی هەریەکەیان دیاربکرێت وە بۆ دڵنیابوون لەڕاستی ئەنجامەکە، پێویستە ژمارەی نموونەکان بە ئەندازەیەک زۆر بێت کە هەرجار هەمان ئەنجامی هەبێت.

سەبارەت بەڕادەی کاریگەری دوعاکردن، پێویستە دوور بین لە بڕیاردانی پێشوەختە لەسەرئەنجامەکە. بڕیاردانی پێشوەختە کاتێک روودەدات کە ئێوە هەوڵ دەدەن ئەو رووداوانە بەبیرتان بهێنن کە لەگەل بۆچوونەکانتان یەکدەگرێتەوە وە ئەوانی تر پشتگوێ دەخەن وە یان پاساویان بۆ دەهێننەوە(٢). لەگەڵ دۆزینەوەی ئەو بەڵگانە کە بۆچوونی ئێوە پشتڕاست دەکەن وە پشت گوێ خستن وبەکەم زانینی ئەو بەڵگانە کە لەوانەیە بۆچوونەکانتان رەت بکەنەوە، ئێوە وێنەیەکی دەستکاری کراو لە راستی پێشکەش دەکەن.

## خــودی جەوهــەری دژەیـەکی دوعــا

لەکاتی وردبوونەوە لە هێزی گریمانی دوعاکردن، باشتروایە بە گۆشە نیگایەکی فراوانتر بڕوانینە بابەتەکە. لە ژیانی ڕۆژانەمان شایەتی ئەوەین کە خەلکێکی زۆر ئەمرن، کۆتایی بە ژیانی هاوسەرگیری دەهێنێن، ئیفلیج دەبن، کارەکانیان لە دەست دەدەن وە یان لەگەڵ هەژاری دەژین. ئەمە تێگەیشتنێکی لۆژیکیە کە بۆ باشترکردنی هەڵومەرجەکانی ژیان خەلک پەنابەبەن بە دوعاکردن، بەڵام هەرگیز وەڵام و یارمەتیەک لە خوا وەرناگرن.

هەروەها بەرچاوتان بێت کە زۆربەی زۆری دوعاکان خۆویستانەن. ئەو کاتەی منالی خوشکتان پێویستی خێرا بە چاندنی دڵە وە ئێوە دوعا بۆی دەکەن، لە هەمان کاتدا کەسێکی تر بۆ زیندوومانەوەی کوڕەکەی دەست بۆ دوعا بردووە کە لەوانەیە بەخشینەری دڵ بێت بۆ منالەکەی خۆشکتان. چ بۆ سەرکەوتن لە شەڕ دوعابکەیت وە چ بۆ بردنەوەی تیپەکەتان لە یاری تۆپی پێ ، هاوکات بۆ دۆڕاندنی لایەنەکەی بەرامبەر دوعادەکەیت. بە لەبەرچاو گرتنی ژمارەی یەکجار زۆری کێشە و خەمە تایبەتیەکانی هەموو خەلکی جیهان، ئەم باوەڕە کە نەک تەنها خوا خۆی تێکەڵ بە وردەکاری ژیانی تایبەتی ئێمە کردووە، بەلکۆ پێدانی ئەولەویەت بۆ کێشەکانی ئێمە بەسەر کێشەی کەسانی تر کە ئەوانیش داوای چارەسەری دەکەن، هەم خۆویستانەیە وە هەم نامەعقولە.

ئەم بابەتە هەروەها دەکەوێتە داوی بە هەڵەدابردنەکانی ئایینی فێڵکەری تر. زۆربەی باوەڕدارەکان بەم بڕوایە کە خوا میهرەبانە وە گوێ بە دوعاکانمان ئەدات، بۆجێبەجێ نەبوونی دوعاکانیان لەوانەیە ئەم پاساوانە بهێنێنەوە:

١. بە شێوەی دروست دوعات نەکردووە
٢. ئیمان و باوەڕەکەت لاوازە
٣. خوا وا پێ باشترە کە دوعاکەت جێبەجێ نەبێت (حیکمەتی تێدایە)

لە هەندێک لەو بیانووانە، تاوانەکە دەخەنە سەر ملی کەسی تووشبو بە ئازار و زەحمەت. واتە ئەگەر بەدروستی دوعایکردبا یا خۆد کەسێکی باش بوایە ئەوا تووشی ئەو ڕووداوە ناخۆشە نەدەبوو، وە یاخۆد ئەگەر لە ژیانی ئێستای رازی نییە ئەوا بە هۆی ناشارەزایی تێناگات کە چی بۆی باشترە. ئاستی تەوژمی ئەو تێکدانە

دەروونیانە کە بەمجۆرە دەکرێت بخرێتە سەر تاک زۆرقورسە وە بە ئیددیعایەکی پووچ ناکرێت ئەم جۆرە ئەشکەنجە دەروونیانە روونبکرێنەوە.

هەندێک لە خەلکی ئایینی بۆ هەلاتن لە دەست نائۆمیدی بەرهەم هاتوو لە ئەنجامی جیبەجێ نەبوونی دوعاکانیان هۆکارێکی تر دەدۆزنەوە، بەم شێوەیە کە دەڵێن خوا بە سێ جۆر وەلامی دوعاکانمان دەداتەوە: «بەڵی» ، «نەخێر» وە «سەبرت هەبێت» . کەمێک لۆژیکی و ژیرانە دێتە بەرچاو، تا کاتێک کە ئاشکرا دەبێت ئەم بیانووانە لە ئەساسەوە پووچن. لە راستیدا ئەم سێ وەلامە دەکریت ئەنجامی هەمووجۆرە رووداوێک بگرێتەوە. یان ئێستا ئەنجامی دەبێت، یان دوایی وە یا خۆد هەرگیز. کەواتە هیچ جیاوازیەک نییە لە نێوان پاڕانەوەی ئێوە بۆ دەرگای خوا وە یان بۆ پارچە سابوونێک .

## كاریگەریە خراپەکانی دوعا

سەرەڕای کاریگەریە خراپەکانی دەروونی بێ وەلام مانەوەی دوعاکان، خودی دوعاکردن دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو زەرەر بگەینێت بە خەلک و کۆمەڵگا. بۆ نموونە ئەو دایک و باوکەی کە لە جیاتی چوون بۆ لای پزیشک پێیان باشە پەنا ببەن بە دوعاکردن، ئەوە بە جیددی ژیانی منالەکە دەخەنە مەترسیەوە(۳). تەنها لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نزیکەی ۱٤۰ منالی نەخۆش لە نێوان سالەکانی ۱۹۷٥ تاکۆ ۱۹۹٥ گیانیان لەدەست داوە بە هۆی رێگری کردنی دایک و باوک لە سوودوەرگرتن لە زانستی پزیشکی وە پەنا بردن بو دوعا کردن. لە کاتێکدا کە لە نەخۆشخانە دەکرا بە ئاسانی چارەسەربکرن(٤). بەهەمان شێوە، هەرچەندە لەدوای هەموو کارەساتەکان دوعاکردن یەکەم کاردانەوەی خەلکە، بەلام بە گشتی بێ سوودترین کاردانەوەشە. لە جیاتی دوعاکردن ئەگەر بتوانن خوێن یا پارە ببەخشن وە یا خۆد وەک خۆبەخش یارمەتی لێقەوماوان بکەن بە دڵنیاییەوە سوودی زۆر زیادترە. ئەمانە ئەو کارانەن کە لەڕاستیدا دەتوانرێت یارمەتیدەری قوربانیانی کارەساتەکە بێت.

# سەرچاوەکان:

1) Duesk, Jeffery A. «Study of the Therapeutic Effects of Intercessory Prayer (STEP) in Cardiac Bypass Patients: A Multicenter Randomized Trial of Uncertainty and Certainty of Receiving Intercessory Prayer.» American Heart Journal 151, no. 4 (2006): 934-42.
2) Plous, Scott. The Psychology of Judgment and Decision Making. McGraw-Hill, 1993.
3) Roe, Maureen. «10 Failed Attempts to Heal Children with Faith – Listverse.» Listverse. July 30, 2013. Accessed September 14, 2014..
4) Swan, Rita. «Letting Children Die for the Faith.» Free Inquiry, December 31, 1998.

## وەرزی حــەوتەم

# «هەست دەکەم پەیوەندیەکی تایبەتیم لەگەڵ خوا هەیە، بۆیە دەزانم خوا هەیە».

ئایین بۆ هەندێک کەس زۆر تایبەتیە وە کاریگەرە بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی. نۆرمەکان بەرێـژەیەکی زۆر لەژێـر کاریگـەری بـاوەڕەکان و رێـوورەسمە ئایینییەکانن وە زۆربەی ئایینەکان گرنگیەکی زور دەدەن بە پەیوەنـدی کەسـی تـاک لەگـەڵ خـوا. تەنانـەت ئەوکەسـانە کـە خۆیـان بـە پەیـڕەوی هیـچ ئایینێکـی رێکخراوەیـی نازانـن، لەوانەیە هەست بە پەیوەندیەکی قوڵـی کەسـی بکـەن لەگـەڵ خـوا.

ئـەو رەخنەیـەی کـە دەگیرێـت لـەم پەیوەندیـە تایبەتیانـە وەک بەڵگـە بـو سـەلماندنی بوونـی خـوا ئەوەیـە کـە؛ پەیوەندیـەکان، ئەزموونـەکان وە هەسـتەکان لەنـاو مێشـک وە زەینیـن. ئەزموونەکانـی کەسـێک وە ئـەو هەسـتانە کـە لـەو ئەزموونانـە بەرهـەم دێـن، دەکرێـت راسـتەقینە بـن بەبێ ئـەوەی هیـچ شـتێک لـە دەرەوەی زەینـی کەسـەکە هـۆکاری دروسـت بوونـی ئـەم ئەزموونانـە بـن. بۆنموونـە لـە وەرزی سـێـیەم بـەوردی باسـی ئەزموونەکانـی نزیـک لـە مـردن کـرا. ئـەم ئەزموونـە کـە گوایـە کەسـێک لـە لاشـەکەی جیادەبێـتەوە وە لـە نـاو تونێـلێکی تاریـک بـەرەو رووناکـی دەڕوات، زۆر نزیـک لـە راسـتیەوە دێتـە بەرچـاو، هەرچەنـد کـە لێکۆڵینـەوەکان سـەلماندوویانە کـە ئـەم ئەزموونانـە بەهـۆی کارلێکـە کیمیاییەکانـی نـاو مێشـکەوە دروسـت دەبـن(١). ئـەم روونکردنـە دەتوانێـت ئەزموونەکانـی عیرفانـی و ئایینیـش بگرێتـەوە.

## بەشی لاجانگی مێشك وە ئەزموونەکانی ئایینی و عیرفانی

کاتێـک کەسـێک باسـی پەیوەنـدی کەسـی خـۆی لەگـەڵ خـوا دەکات بەشێـوەیەکی گشـتی بـە زمانێکـی نـاڕوون قسـەدەکات وە لەوانەیە بۆتـان باسـی ئـەوە بـکات کـە چـۆن دوعاکـردن ئارامـی دەکات وە یـان خوێندنـی ئایەکانـی پیـرۆزی کتێبـە ئەسـمانییەکەی هەسـتەکی زۆرتایبـەت لەنـاوی دروسـت دەکات. هەندێکـی تـر دەڵێـن هەندێـک شـتی

نامۆیـان بینیـوە یـان دەنگـی خوایـان بیسـتووە وە یـان بـە شـێوەیەکی تـر ئەزمونێکـی هەسـتیان هەبـووە.

بێگومـان کاریگەریەکانی دەروونی دوعاکردن تەنها گرێدراوی سەرچاوەی ناسروشتی نین وە پێدەچێت خەلکی ئایینی تەنها کەسانێک نین کە ئەزموونی نائاساییان هەبووە. ئـەم ئەزموونانـە دەتوانـن لـە ژینگـە و هەڵومەرجێکـی تـەواو جیاوازیـش رووبـدەن. بـۆ نموونە نەخۆشیەکانی دەروونی وە بەکارهێنانی ماددە بێهۆشکەرەکان وە وەهمزا دەکرێت هۆکاربن لەتێکچوونی ئەزموونە هەستیەکانی سروشتی. لەڕاستیدا بۆ ماوەیەکی دورو درێژ هەندێک جۆری تایبەتی ماددەی وەهمزا لە رێوەرەسمە ئایینییەکانی هەندێک لە کۆمەڵگاکان بە کاردەهاتن (٢).

لێکۆڵینـەوەکان و دۆزینەوەکانی زانستی ئـەم دواییـە بـووە هـۆی باشـتر تێگەیشـتنی هەندێک کارلێکی کیمیایی لەناو مێشک کە بەرپرسی پەیدا بوونی ئەزموونەکانی ئایینیـن. بەشـێک لـەم لێکولێنەوانـە سـەبارەت بـە نەخۆشـیەکانی سـەرع لـە بەشـی لاجانگـی مێشـک بـووە.

نەخۆشـیەکی دەمـارەکان ناسـراوە کـە نەخـۆش سـەڕەرای تووشـبوون بـە حەملـەی دەماری (سـەرع) وە تێکچوونـی هەسـتەکان، بەبەردەوامـی لەدەسـت وەهمـە ئایینییـەکان ئـازار دەبینێت(٣). لێرەدا ئەنجامێکی گشتیمان بەدەست دەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە گەرچـی لەوانەیـە تاکێـک هەسـتەکان و ئەزموونەکانـی بـێ وێنـە و سـەیری هەبێـت، بـەڵام ناچارنیـن لـە دوای هـۆکاری دەرەوەی سروشـتی بۆیـان بگەڕێیـن وە هـەروەک دەزانیـن ئەزموونـەکان و هەسـتەکانی لەمجۆرە دەتوانـن سـەرچاوەیەکی تـەواو سروشـتی و شـیاوی روونکردنەوەیـان هەبێـت.

## تەنها ئەوەی پێـتان خۆشە دەتانەوێـت ببیـنن

هـەروەک لـە وەرزی سـێیەم باسـکرا، مێشـکی ئینسـان بەجۆرێـک دروسـت بـووە کـە تەنانـەت لەنـاو دەنگەکانـی بێمانـاش دەتوانێـت نموونـەکان دەسـت نیشـان بـکات(٤). ئـەم پەیڕەوکردنـی نموونـەکان patternicity هـەروەک مێژوونـاسـی زانسـت، مایـکل شێرمێر Michael Shermer ئـەم نـاوەی لـێ نـاوە، رۆڵێکـی گرنگـی بینیـوە لـە پەیدابوونـی ئەزموونەکانـی ئایینـی لـە مـروڤ. ئـەو خەلکانـە کـە لـە ژینگەیەکـی

ئایینی گەشەدەکەن، بە شێوەیەکی گشتی ئەو ئەزموونانەیان دەبێت کە ڕەنگدانەوەی ویستەکانی هەمان ژینگە و کومەڵگان. واتە کەسێکی ئایینی لەوانەیە ئەزموونێکی هەستی خۆی بەهەڵە بە پەیامێک لەلایەن خواوە لێکبداتەوە، بەڵام کەسێکی تر بەگوێرەی چاوەڕوانییەکان و ئەزموونەکانی لەوانەیە هەر هەمان ئەزموون بە تارمایی، شەیتان، تێلێپاتی، فڕاندن لەلایەن بوونەوەرەکانی هەسارەکانی تر وە یا خۆد وەهم لێکبداتەوە.

ئەمە دەبێتە هۆی پەیدا بوونی ئەلقەی ڕاوبۆچوون feedback loop کە تێدا ئینسانەکان پێیان خۆشە تەنها ئەو شتە ببینن کە دەیانەوێت بڕوا پێبکەن وە دواتر ئەم وەهم و خەیاڵە، ئیمانیان پشتڕاست دەکاتەوە. لە کاتێکدا کە ئەم جۆرە لێکدانەوەیە لە پێش چاوی خودی کەسە ئیماندارەکە بە تەواوی مەعقولە، بەڵام هیچ کام ناتوانێت بوونی خوا بسەلمێنێت.

## ئەرکی سەلماندن

ئەمرۆکە زانست خەریکی پەردەلابردنە لەسەر زۆربەی ڕاستیەکان و تێگەیشتنی زیاتری لەسەر بوارەکانی دەمارناسی و مێشک وە ئەزموونە ئایینییەکان(٥). لەهەمان کاتدا ناتوانین پێشبینی ڕەتکردنەوەی وەهم و خەیاڵەکانی ناو مێشکی کەسێک بکەین لە ڕووی زانستیەوە، نە لە ئێستا وە نە لە داهاتوو. باری سەلماندن بێگومان دەکەوێتە سەر ئەستۆی کەسی ئیددیعاکەر وە نەکەسێکی تر، هەر بۆیە بۆ ئەوەی بتوانین پەیوەندی نێوان کەسێک لەگەڵ خوایەکەی وەک بەڵگە لەسەربوونی خوا هەژمار بکەین پێویستمان بە بەڵگە و نیشانەی بەهێزە کە خودی کەسەکە دەبێت بخاتەڕوو.

بۆ نموونە با وادابنێین کە کەسێک بڵێت فریشتەیەک لە بەهەشتەوە سەردانی کردووە وە پێکەوە چایەکیان خواردووتەوە. ئەمە ئیددیعایەکی پڕلە گومان و دوور لە ڕاستیە وە پێش باوەڕ پێکردن، لەوانەیە داوای بەڵگە و نیشانە بکەن؛ ئایا هیچ کەسێکی تر فریشتەکەی بینیوە؟ ئایا هیچ شوێن پێیەک لێی بەجێ ماوە؟ بێ گومان ڕوونکردنەوەی مەعقول لە چووارچێوەی یاسا ئاساییەکان بریتین لەمانە: یان ڕاست نالێت ، یا تووشی وەهم و خەیاڵ بووە وە یاخود تووشی هەڵە بووە لەبارەی

رووداوەکە.

ئێستا وادابنێین دووکەس ئیددیعایەکی هەمان جۆریان هەبێت، لە کاتێکدا کە یەکێکیان لە وەهم و خەیاڵەوە باسی ئیددیعاکە دەکات وە ئەوی تریان بەڕاستی فریشتەکەی بینیوە، بێگومان بە بێ شایەت و بەڵگە ئێمە وەک بیسەری بابەتەکە ناتوانین دروستی و نادروستی ئەم دوو بانگەشەیە لێک جیابکەینەوە وە ناچاریش نین ئەم جۆرە چیروکانە یا ئەزموونەکانی تایبەتی کەسانی دیکە بێ ئەوەی خۆمان ببینین پەسەند بکەین.

ئەزموونە تایبەتیەکان کە لە خەیاڵەوە هاتوون، لە کۆتاییدا ناتوانرێت رەت بکرێنەوە. ئێمە ناتوانین خەونەکانی کەسێک ببینین یا دەنگەکانی ناو مێشکی ببیستین. ئەگەر کەسێک بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەزموونە کەسیەکانی رەنگدانەوەی راستیە فیزیاییەکانن، پێویستە ئامادەبێت بۆ پێشکەش کردنی بەڵگەی پێویست بۆ بەرگری کردن لە بانگەشەکەی. ئەزموونە خەیاڵیەکان و بەڵگەکانی شێوە داستان بۆ سەلماندنی خوا بەس نین وە لەکۆتاییدا بەکورتی؛ ئارەزووی باوەڕهێنان بە بابەتێک بەڵگەی دروست بوونی بابەتەکە نییە.

## سەرچاوەکان:

1) Blanke, Olaf, and Sebastian Dieguez. «Leaving body and Life Behind: Out-of-body and near –death experience.» The neurology of consciousness: Cognitive neuroscience and neuropathology (2009): 303325.

2) Pinchbeck, Daniel. Breaking Open the Hand: A Psychedelic Journey into the Heart of Contemporary Shamanism. New York: Broadway Books, 2002.

3) Ramachandran, V.S., Sandra Blakeslee, and Oliver Sacks. Phantoms in the Brain: Probing the Mysteries of the Human Mind. New York: William Morrow, 1999.

4) Shermer, Michael. The Believing Brain: From Ghosts and Gods to Politics and Conspiracies---How We Construct Beliefs and Reinforce

Them as Truths. St. Martin´s Griffin, 2012.
5) Beauregard, Mario, and Vincent Paquette. «Neural Correlates Of A Mystical Experience In Carmelite Nuns.» Neuroscience Letters 405 (2006): 186-90.

## وەرزی هەشتەم

# «باشترە باوەڕمان بە خوا هەبێت نەك هەڵە بین و بچین بۆ دۆزەخ.»

لە ناوەڕاستی سەدەی ١٧ ی زایینی، فەیلەسوف وە زانای بیرکاری فەرەنسی بلێز پاسکال Blaise Pascal بۆچوونێکی پێشکەش کرد کە پاشان بەمەرج بەستنی پاسکال ناوبانگی دەرکرد. لەم بۆچوونەدا، پاسکال بەم شێوەیە لێکدایتەوە کە باوەڕ هەبوون بە خوا لەڕووی بیرکاریەوە کەم زەرەرتر و کەم مەترسی ترە لە بێخودایی. لێکدانەوەکەی بەم جۆرە دێت کە:

- ئەگەر باوەڕتان بە خوا هەبێت وە دوای دەربچێت کە خوا هەیە، کەواتە بەهەشتی هەتاهەتایی پاداشتان دەبێت.
- ئەگەر باوەڕتان بە خوا هەبێت وە دوای دەربچێت کە خوا بوونی نییە، ئەوا هیچ ڕوونادات و هێچتان بەسەر ناهێت.
- ئەگەر باوەڕتان بە خوا نەبێت وە دوای دەربچێت کە خوا هەیە، بێگومان هەتاهەتایە لە دۆزەخ ئەشکەنجە دەبن.
- ئەگەر باوەڕتان بەخوا نەبێت وە دوای دەربچێت کە خوا بوونی نییە، ئەوا هیچ ڕوونادات وە هیچ تان بەسەر ناهێت.

بەپێی ئەم چووار ئەگەرە، پاسکال پێیوایە باشترە باوەرتان بە خوا هەبێت. چونکە لە ئەگەری بوونی خوا ئەوا پاداشتی هەتاهەتاییتان دەبێت وە ئەگەریش خوا نەبێت، ئەوا زەرەرتان نەکردووە وە هیچتان لەدەست نەداوە، بەڵام ئەگەر باوەڕمان پێی نەبێت وە پێچەوانەکەی دەرچێت ئەوا دەرئەنجامی ترسناکی دەبێت.(١)

گومانمان لەوەنییە کە پاسکال زانایەکی بیرکاری بێ وێنە بووە وە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پێشکەوتنی زانستی ماتماتیک بەڵام مەرج بەستنی پاسکال کە بەناوی لێکدانەوەی «دوورکەوتنەوە لە ئەگەری مەترسی» یش دەناسرێتەوە، لێکدانەوەیەکی ئایینی زۆر لاوازە لە بابەتی بوونی خوا، لەبەرچەند هۆی گرنگ.

پێش هەمـوو شتێک دەبێت بزانیـن کـە ئـەم مـەرج بەسـتنەی پاسـکال لەگـەڵ بابەتـی سـەلماندنی بوونـی خـوا یەکناگرێـتەوە وە ئەگـەر ئەمـە لەبەرچـاو بگریـن کـە چانسـی نیسبی بوونـی خـوا لەبەرامبـەر قازانجەکـەی داناوە، لـە ئەنجام بۆمـان دەردەکەوێت کـە ئـەم لێکدانەوەیـە لـە پێش ئـەوەی بتوانێت بوونـی خـوا بسـەلمێنێت رەتـی دەکاتـەوە.

هەروەها پێویستە ئێمـە سنوورەکانی ئـەم لێکدانەوەیـە بناسـین. لەڕاستیدا پاسکال بـۆ بەرگری کردن لـە مەسیحیەکان ئـەم لێکدانـەوەی ئەنجام داوە وە خواکانـی ئایینەکانـی تـری بـە تـەواوی پشـت گـوێ خسـتووە وە بـەم جـۆرە ئامانجەکانـی خـوا لەگـەڵ ڕێنماییەکانی بنچینەیی ئایینـی مەسـیحیەت بە یەکسـانی زانیـوە. ئەگـەر بمانەوێت لـە دیدی ئایینەکانـی تـر ورد ببینـەوە لـەم لێکدانەوەیە، ئـەوا بەتـەواوی هەلدەوەشێتـەوە. لـەم مـەرج بەسـتنەدا چـوار دەرچـوون لـەڕووی بیـرکاری دیارکـراوە، لەکاتێکـدا کـە ئەگـەر ئێمـە بـاوەڕ و ڕێنماییەکانـی هەمـوو ئایینەکانـی تـر لـەم هاوکێشـەیە زیـاد بکەیـن چانسـی چوونـە بەهەشـت زۆر کـەم دەبێتـەوە.

## هەڵبژاردنی خوای دروست

ژمارەیەکـی زۆر ئاییـن هـەن لـە جیهانـدا کـە زۆربەیـان خاوەنـی ڕێنماییەکانـی خۆیانـن کـە پێچەوانـەی ڕێنماییەکانـی ئایینەکانـی دیکـەن. لـە ئایینەکانـی ئیسـلام وە مەسـیحیەت کـە دوو ئایینـی بەربـڵاو و هەرەگـەورەن، بەڕاشـکاوی فەرمانکـراوە کـە بـۆ چوونـە بەهەشـت واجبـە خـوای راسـتەقینە بپەرەسـتن لەگـەڵ جێبەجـێ کردنـی ڕێوەرەسـمە ئایینییەکان بەدروسـتی. لـە ئایینـی مەسـیحیەت بـۆ چوونـە بەهەشـت پێویسـتە کەسـی ئیمانـدار بـە باوەڕهەبـوون بـە مەسـیح وەک رزگارکـەر، لـە گونـاح پـاک ببێتـەوە وە ئـازاد ببێـت: (یوحەنـا ٣٦-١٨: ٣)، (دووەم تسـالونیکیان ١٠ -٦:١)، (مکاشـەفە ٨: ٢١).

وە بەپێـی هەندێـک ئایەتەکانـی قورئـان چارەنووسـی پەیرەوانـی ئایینەکانـی تـری بێجگـە لـە ئیسـلام دۆزەخـە: (سـورەتی آل عمـران: ئایەتـی ٨٥)، (سـورەتی النسـاء :ئایەتی٥٦)، (سـورەتی المائـدە: ئایەتـی ٧٣-٧٢)، (سـورەتی الاعـراف: ئایەتـی ٥٠)، (سـورەتی الاسـراء: ئایەتـی ٩٨-٩٧)، (سـورەتی البینـە: ئایەتـی ٦). پەیامـی هەمـوو ئـەم ئایەتانـە ئەمەیـە کـە بـۆ گەیشـتن بـە بەهەشـت خواپەرەسـتی بـە تەنهـا بـەس نییـە.

هەروەها ئەگەر خوایەکی هەڵە بپەرەستن، تەنانەت ئەگەر هەموو ڕێنماییەکان و فەرمانەکانی ئایینەکەتان جێبەجێش بکەن، هەم دیسان ئەگەری چوونە دۆزەختان لە پێشە. بۆنموونە ئەگەر خوای مەسیحیەکان و یان جولەکەکان دروست بێت، پەیرەوانی گشت ئایینەکانی تر وەک ئیسلام ، بوودایییەکان وە هیندووەکان بەبێ گوێدان بەوەی کە چەند گوێڕایەلی ئایینەکەیان بوونە وە چەند ئینسانی باش بوونە، ڕەوانەی دۆزەخ دەکرن. لە ئەنجیل نووسراوە: «بەڵام ئەوانەی نکوڵیان کرد لە ناسین و قەبوڵکردنی خودا وە پەسەند کردنی نەخشەی ڕزگارکردن لە ڕێگەی عیسی مەسیح، بە سزای خۆیان دەگەن وە هەتاهەتایە لە وجوودی خودا دووردەکەونەوە وە هەرگیز گەورەیی و شکۆی خودا نابینن»(دووەم تسالونیکیان: ٩-١: ٨). ئایەتەکانی وەک ئەمە لە قورئانیش هەن: «هەرکەسێک بێجگە لە ئیسلام ئایینێکی تر هەڵبژێرێت لێی قەبوڵ ناکرێت وە لە ڕۆژی قیامەتدا لە زەرەرمەندان دەبێت» (آل عمران: ٨٥).

بە پێی هەندێک تەفسیری قورئان لەوانەیە ئەم ئایەتە مەسیحیەکان و یەهودیەکان نەگرێتەوە چۆنکە لە ئایینەکانی ئیبراهیمی هەژماردەکرن، بەڵام ئەوانەی لایەنگری ئایینەکانی ئیبراهیمی نین وە یا لایەنگری هیچ ئایینێک نین لە زەرەرمەندان (الخاسرین) هەژمار دەکرێن. کەواتە ئەگەر بەپێی ئەم ئایەتەی قورئان بێت ئێستا نزیکەی ٤٥٪ دانیشتووانی جیهان لەو زەرەرمەندانەن. لەبیرمان نەچێت کە لە هەندێک ئایین باوەڕیان بە دۆزەخ و بەهەشت نییە، ئەگەر خوای ڕاستەقینە لە یەکێک لەم ئایینانە بێت کە باوەڕیان بە قیامەت نییە، ئەوا لێکدانەوەکەی پاسکال بە تەواوی بێ سوودە.

لە لێکدانەوەکەی پاسکال، خوا پێناسەیەکی زۆر سنووردار و دیاریکراوی هەیە. ئەگەر بەڕاستی خوایەکیش هەبێت، دیسان ناتوانین بەئاسانی ڕاستی بۆچوونەکەی پاسکال قەبوڵ بکەین.

بۆ نموونە بۆچی دەبیت خوایەکی بەهێز و توانا وە میهرەبان، مەخلوقاتەکانی تەنها بەهۆی بێ باوەڕی ڕەوانەی دۆزەخ بکات؟ ئەگەری ئەوە کە خوا مەخلوقەکەی بەهوی گومان کردن پاداشت بکات هەر بەهەمان ئەندازەیە وە لە ئەنجامدا مەرج بەستنی پاسکال هەڵدەوەشێتەوە.

سەڕەرای ئەمانەش باوەڕ هەبوون بە خوا تەنها بۆ ڕزگار بوون لەئەگەری چوونە

دۆزەخ، بیرۆکەیەکی پووچ و بەتاڵە. بەدڵنیاییەوە خوایەکی زانا زۆر بە ئاسانی دەتوانێت فێلبازەکان بناسێتەوە وە تەنها ئیماندارانی راست و دروست پاداشت بکات وە نەک ئەوانەی تەنها لە ترسی دۆزەخ دەیپەرەستن.

## زیان چییە؟

بە پێی بۆچوونەکەی پاسکال کەسی ئیماندار زەرەر ناکات تەنانەت ئەگەر خوا راست نەبێت بەڵام ئەم بۆچوونە وەک پێویست دروست نییە. باوەڕهەبوون بە خوا دەتوانێت بۆ هەندێک کەس بەهای قورسی هەبێت. بۆ نموونە هەندێک لە بەتواناترین میلەتەکانی دونیا یاساکان و سیاسەتە زەبەلاحەکانیان لەسەر بنەمای بوونی خوا دامەزراندووە وە هەروەها ئایین هۆکارێکی سەرەکی شەڕەکان بووە لە مێژوو وە ئێستاش خەلکانێکی زۆر بەهۆی ئایینەوە دەکوژرن و دەردەکرن لە ماڵەکانیان. مافی خەلکانێکی زۆر چ وەک تاک وە چ وەک گروپ بەهۆی باوەڕەکانیان وە بەناوی خوا پێشلکراوە وە یان بەکۆمەڵ جینوسایدکراون یا دەرکراون. ژیانی میلیاردەها کەس لە سەر گۆی زەوی لە ژێر کاریگەری راستەوخۆی باوەڕەئایینییەکان بوونە وە هەن. ملکەچی کوێرکوێرانە بانگەشەکان وە بڕیاردانەکان لەسەر بنەمای راستبوونی باوەڕەکان، تەنها لەبەرئەوەی خوای هەلبژێردراوی ئێمە راستە و پاداشتمان دەدات، مەرج بەستنێکی لاواز دێتە بەرچاو، لەکاتێکدا کە هێچ بەڵگەیەک ئەم بریارە پشتڕاست ناکاتەوە وە بەتایبەتی کە لەوانەیە لە ئەنجامی ئەم هەلبژاردنە خەلکانێکی زۆر ئازار ببینن.

## سەرچاوە:

1) Popkin, Richard H. The Columbia History of Western Philosophy. New York: Columbia University Press, 1998.



# وەرزی نۆیەم

# «خوا سنووردار وە شیاوی تێگەیشتن وە روونکردنەوە نییە، پێویستە بە سادەیی باوەڕمان بە خوا هەبێت.»

بەشێکی زۆر لە خواپەرەستان کاتێک بەڵگە و لێکدانەوەکانیان رەت دەکرێنەوە وەڵامیان پێ نامێنێت پەنا دەبەنە ئیمانەکانیان:

- من پێویستیم بە بەڵگە نییە، تەنها باوەڕم هەیە.
- ئەگەر تۆش وەک من باوەڕت هەبووایە تێدەگەیشتی کە راستە.
- خوا لە دەرەوەی تێگەیشتنی مرۆڤە، تۆ دەبێت بەسادەیی قەبوڵی بکەیت.

لەبارەی هەرکامەیان، بانگەوازی باوەڕهەبوون تێکەڵە بە سەفسەتە(١). بە پێی ئەم پێناسەیە پەنابردن بۆ خودی ئیمان بەواتای وازهێنان لە گفتوگۆیەکی لۆژیکیە وە کاتێک لایەنێک وەڵام و بەڵگەی گونجاو بۆ پشتراست کردنی ئیدیعایەکەی ناهێنێتەوە یەکسەر پەنادەباتە وشەی ئیمان (باوەڕ). ئەگەر بڵێیت باوەڕمان بە شتێک هەیە واتە تەنها باسی هۆکاری باوەڕەکەت دەکەیت، بەڵام ئەم قسەیە ناتوانێت کەسانی تر قایل بکات تا وەک ئێوە بیربکەنەوە. تەنها ئەم قسەیە کە کەسێک باوەڕی بە سیستەمێکی فیکری هەیە ناکرێت بەهەمان شێوە بۆ کەسانی تریش بەڵگە بێت تاکو ئەو سیستەمە فیکریە قەبوڵ بکەن.

## پووچ بوونی بەکارهێنانی ئیمان وەك بەڵگە

بە زۆری کاتێک کەسێکی باوەڕمەند ناتوانێت روونکردنەوەیەکی گونجاو و لۆژیکی بۆ سەلماندنی باوەڕەکانی بخاتەڕوو، خۆی لەپشت ئیمانەکەی دەشاردەوە. ئەم تاکتیکە بۆ لادانە لەم راستیە کە لەڕاستیدا هیچ بەڵگەی زانستی و شیاوی پەسەندی پێ نییە بۆ پشتراست کردنی بانگەشەکەی. لەگەڵ هاتنەناوەوەی ئیمان بۆ ناو هاوکێشەکە ئیتر لێکدانەوە و بەڵگە پێناسەی خۆی لەدەست دەدات چونکە بە پشت بەستن لەم جۆرە سەفسەتانە دەتوانێت هەموو شتێک بۆ خۆی پشتڕاست

بکاتـەوە.

ئێوە دەتوانـن باوەڕتـان بەوەهەبێت کـە سـەگەکەتان گورگـە یـا خۆد هەمـوو شـەوێک کاتێـک لـە خـەدان بوونەوەرەکانـی هەسارەکانی تـر دێنـە سـەر زەوی بـۆ رفاندنتـان وە یـان سـەروک کـۆمـار تەنهـا مودێلێکـی هۆلۆگرافیـە. ئیتـر بـۆ پشتڕاسـت کردنـی ئـەم شتانە بـە بەڵگـە ناسـەلمێنن، تەنهـا باوەڕتـان هەیـە کـە ئەمانـە راسـتن. ئەمـە واتـە هیـچ کەسێک بڕواتـان پـێ نـاکات وە لەکاتـی پێـداگریتان لەسـەر ئـەم قسـانە، ئـەوەی وتنەکانتـان دەتوانێت بسـەلمێنێت تەنهـا نەزانینتانـە. هـەر ئیددیعایەکتـان هەبێت پێویستـە لەسـەرتان بـە بەڵگـەی بەهێـز بیسـەلمێنن.

هەندێـک خەڵکـی دیکـە هـەن هەوڵـدەدەن بـەم رسـتەیە بەرگـری لـە بانگەشـەکانیان بکـەن: ئایا بڕوات نییـە کـە سبەی بەیانـی خـۆر هەڵـدێت؟ بەڵام ئـەم نموونەیـە لەگـەڵ بانگەشـەکانی سـەرەوە شـایانی بـەراورد نییـە. بێگومـان ئێمـە دڵنیایـن لـە هەڵاتنـی رۆژ چونکـە بەباشـی ئـاگاداری یاسـاکانی سروشـتین تایبـەت بەجوڵـەی زەوی لەنـاو سیسـتەمی خـۆردا وە بەهـۆی نیشـانە و بەڵگەکانـی دیـار وە ئەنـدازەکان دەزانیـن کـە جیهـان بەشێوەیەکی تایبـەت کاردەکات. ئێمـە پێویستمان بـە ئیمـان نییـە چونکـە بەڵگـە و نیشـانەی پێویسـت هـەن، بـەڵام رستەکەی سـەرەوە ناتوانێـت ئیددیعایەکانـی پـووچ و بـێ ئەسـاس بگرێتـەوە.

## خوا روون ناكرێتەوە

هەندێـک لـە خواپەرەسـتان راسـتەخۆ پەنـا نابـەن بـۆ ئیمـان بەڵکـو لـە جیاتـی دەڵێـن: «خوا قابیلی روونکردنـەوە نییـە»، یاخـۆد «مێشـکی مـروڤ توانایی تێگەیشـتنی زاتـی خـوای نییـە»، جـودا لـە شـێوازی وتنـی ئـەم رسـتەیە، لـە کۆتاییـدا هەردەگەرێتـەوە لـە چوارچێـوەی وشـەی ئیمانـەوە. ئەگـەر نەتوانیـن لـە شـتێک تێبگەیـن و روون نەکرێتـەوە، بەگشـتی ناتوانیـن دەلیلێکـی گونجـاو و مەعقـول بـۆ قەبوڵکردنـی پەیـدا بکەیـن. خوایەکـی گـەورە و بـێ وێنـە ناکرێـت پشـت گـوێ بخەیـن، لـە هەمـان کاتیشـدا ناسەلمێـنرێت.

بۆنموونـە گریمـان مـن بمەوێـت لێکۆڵینەوەیـەک لـە بابەتێکـی شـوێنەوار پیشـکەش بکـەم کـە سـەبارەت بـە کـۆزەیەکی نەبینـراوە. پسـپۆرەکان چاوەڕوانـی ئـەوەم لێدەکـەن کـە بەجۆرێـک وەسـفی کـۆزەکـە بۆیـان بکـەم تاکـۆ بتوانـن تایپـۆگرافیەکەی دەسـت نیشـان

بکەن وە بەم جۆرە ئیددیعای هەبوونی کۆزەیەکی وا بسەلمێنرێت. ئەگەر پێیان بڵێم تەنانەت نازانم بە چ شێوەیەکە، بەمجۆرە هەموو لێکدانەوەکانم بۆ سەلماندنی بوونی کۆزەکە بێمانا دەبێت. ئەگەر دڵنیام لەوەی کە بەڕاستی کۆزەیەک هەبووە، لەسەرم پێویست دەبوو بەلای کەم نیشانەکانی شێوەی کۆزەکە روون بکەمەوە، وەک رەنگ، شێوە و ئەندازە وە ئەستووری وە ... هتد. وەک گاڵتە دەبوو ئەگەر بڵێم کۆزەکە هەیە بەڵام نازانم رەنگی قاوەییە یا نە. ئەگەر نیشانەکانم نەبیت وە نەتوانم دیار بکەم ئیتر ناتوانم ئیددیعای بوونی کۆزەکەش بکەم.

ئەو کەسانە کە تووشی بیروکەی خوای بێ وێنە دەبنەوە کە قابیلی وەسف کردن نییە، لەوانە واتێبگەن کە بەڵگەی پێویست بەردەست نییە بۆ رەت کردنەوەی بوونی خوا. بە هەمان شێوە لەسەر بوونی خواش هیچ بەڵگەیەک نییە، بۆیە لە نەبوونی بەڵگە و نیشانەی پێویستە لە ژیانیان وەک بێخودایەک بەردەوام بن.

## ناپەیوەست بوونی ئیمان

هەروەک لە وەرزی پێنجەم باسمان کرد، بڕوا هەبوون بە شتێک نابێتە بەڵگەی دروست بوونی ئەو. راستیەکان بە تەواوی سەربەخۆن لە باوەڕەکانمان. لەوانەیە ئیمانی ئینسانەکان لەسەر باوەرێک هەڵە بێت، بەڵام راستیەکان هەر راستن تەنانەت ئەگەر هیچ کەسێک باوەڕی پی نەبێت.

بۆ نموونە دیاریەک لە کەسێک وەردەگری وە تۆ هێشتا دیاریەکەت نەکردووتەوە وە باوەڕێت بەوە هەیە کە ملوانکەیەکی ئەڵماسی تێدایە، بەڵام لەڕاستیدا لە ناو قوتوی دیاریەکەت بوونێکە. لێرەدا هەرچەندیش باوەرت بە هەبوونی ملوانکەی ئەلماس بەهێز و زۆر بێت، بەڵام ئیمان و باوڕەکەت ناتوانێت هیچ لە راستی ئەوەی لە ناو دیاریەکەیە بگۆڕێت .

لە بریارەکانمان رێژەی هەڵبژاردنی هەڵە زور زیاترە لە هەلبژاردنی دروست. بۆ نموونە لەوانەیە هەزاران پێش بینیت هەبێت بۆ ئەو شتەی دەرونی قوتوی دیاریەکەیە، بەڵام تا بەڵگەت پێ نەبێت بۆ سەلماندنی پێش بینییەکەت، ناکرێت راست بوونی پێش بینییەکەت قەبوڵ بکرێت، وە لەم رووەوە هیچ بەڵگەیەکت نییە بۆ راست بوونی باوەڕی پیش بینییەکەتان.

## سەرچاوەکان:

1) Bennett, Bo. «Appeal to Faith.» Logically Fallacious: The Ultimate Collection of over 300 Logical Fallacies. EbookIt.com, 2012.



## وەرزی دەیەم

# «هیچ بەڵگە و نیشانەیەك بۆ رەتـكردنەوەی بوونی خوا لەبەردەست نییە.»

هەندێک لە خواباوەڕان کاتێک رەخنەیان لێ دەگیرێت، سوود لەم ستراتیژیە وەردەگرن کە باری سەلماندن لەئەستۆی بێ باوەڕەکانە. هەرچەندە ئەم تاکتیکە زۆر ژیرانەیە بەڵام دەرگا واڵا دەکات بۆ بەرەو بێمانا چوونی گفتوگۆو. بە پێی ئەم لێکدانەوەیان تا کاتێک کە هەڵەبوونی باوەڕەکەمان نەسەلمێندراوە دەتوانین بڕوا بەهەر شتێک بهێنین تەنانەت ئەو شتانەی تائێستا بیرمان لێ نەکردووتەوە. روون و ئاشکرایە کە لەم حاڵەتەدا زمانی لۆژیک بۆ تێگەیشتنی راستیەکان بەکارناهێت.

ئەگەر بنەمای باوەڕهەبوون بە دروستی بابەتێک، نەبوونی بەڵگە و شایەت بۆ رەتکردنەوەی بابەتەکە بێت، بە بێ بیرکردنەوە دەتوانین ژمارەیەکی بێ کۆتایی بابەت بە راست و دروست بزانین تەنها لەبەر نەبوونی بەڵگەی پێویست بۆ رەتکردنیان. زۆر لە لێکۆڵەران لەم بابەتە ئیلهامیان وەرگرتووە وە تاقیکردنەوەکانی هزری زیرەکانەیان دروست کردووە:

- دەعبای ئێسپاگەتی ئەو باڵندەیە کە بەدەست و قاچەکانی خۆی کە لەشێوەی ئیسپاگێتین زەوی دروست کردووە.(١)
- ئەسپی رەنگ پەمەیی نادیار، ئەو ئەسپەیە کە ئەوانەی باوەڕیان پێیە دەڵێن دیارنییە بەڵام رەنگی پەمەئیە. (٢)
- ئەژدەهای گەراجی ماڵی کارل ساگان Carl Sagan تاقیکردنەوەیەکی هزریە کە لە دەسپێکی کتێبەکەی The Demon-Haunted World هاتووە. ئەم ئەژدەهایە نادیارە وە لە ناو هەوا مەلەدەکات، هیچ گەرمایەک دروست ناکات وە لاشەی نییە کەواتە ناتوانین بە پێنج هەستەکانی مروڤ لێ تێبگەین.(٣)
- قۆرِیە ئەسمانییەکەی راسل؛ ئەو قۆرِیە خەیاڵییەیە کە لە مەدارێک لە دەوری خۆر دەسوڕێتەوە وە بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت بوونی رەت بکەینەوە(٤).

هەڵبەتە ئەم نموونانە زۆر پێکەنیناوین وە بێگومان بێرتراند راسل Bertrand Russell خۆی باوەڕی بەم قۆڕیە سەرسۆرهێنەرە نەبووە کە لەدەوری خۆر دەسۆڕێتەوە. لەهەمان کاتدا بەهیچ جۆرێک ناتوانین بەدڵنیایی تەواوەوە ئەم بانگەشە خەیاڵیانە رەتبکەینەوە وە بەم شێوەیە بێمانا بوونی ئەم جۆرە بیرکردنەوە دەردەچێت.

## بەڵگەهێنانەوەکانی هەڕەمەکی

نموونەی ئەژدەهای کارل ساگان بێسوودبوونی ئەم بەڵگەهێنانەوەیە لەدیارکردنی راستیەکان دەردەخات. بەڵگەهێنانەوە بەشێوەی هەڕەمەکی بەجۆرێک بیانووهێنانەوەیە بۆئەوەی بەبێ بەڵگە بتوانرێت بەرامبەر رەخنە ئاراستەکراوەکانی لێکدانەوەکەی پاساو بهێنرێتەوە(٥). بەزۆری کەسی ئیددیعاکەر کاتێک پەنادەباتە بەڵگەهێنانەوەی هەڕەمەکی کە بێ هیوایە وە دەیەوێت بیردۆزەکەی خۆی رزگار بکات لە رەتبوونەوە بەهۆی دژەبەڵگەکان.

ئەژدەهاکەی گەراجی کارل ساگان لەبەرئەوەی نادیارە، نابینرێت. بەڵام وادابنێین کەسێک گومانی هەبێت لەمە وە داوای بەڵگەی سەلماندن بکات. ئەژدەهاکە شوێن پێی نییە چونکە لە هەوا دەجولێتەوە وە ئاگرە نادیارەکەی دەمی هیچ گەرمایەکی نییە. بەم جۆرە نەبوونی بەڵگە و نیشانەی لۆژیکی و زانستی دەکرێتە پاساو. بە دڵنیاییەوە ئەم پاساوهێنانە بەهیچ جۆرێک ناتوانن راست بوونی ئیددیعای سەرەکی پشتڕاست بکەنەوە. لەڕاستیدا بۆ ئەو شتانەی کە وجوودیان نییە پەنابردن بۆ بەڵگەهێنانەوەی بەم جۆرە سادەترین رێگەیە. چونکە بەم رێگەیە دەکرێت هەرچەند بمانەوێت لێکدانەوەی خەیالیمان هەبێت.

زیادکردنی وەسفەکانی ناڕوون و ئالۆز سەبارەت بە خوا هەرهەمان بەرەنجامی بەڵگەهێنانەوەی هەڕەمەکی لە لایەن خواباوەڕانە. ئەم بیانووهێنانەوانەی کە لە وەرزی رابردوو باسکرا (خوا لەدەرەوەی تێگەیشتنی ئێمەیە)، هەندێک نموونەن لەسەر بەهەڵەدابردنی هەڕەمەکی ad hoc fallacy . ئەمجۆرە بەڵگەهێنانەوانە ئەوەندە بابەتی بوونی خوا ئاڵۆز دەکاتەوە کە ناکرێت ئەم وێنا کردنە رەتبکرێتەوە وە لە هەمان کاتدا تۆزقالێک کاریگەری نابێت لەسەر بەرەوپیش بردنی ئەرەبانەی ئیددیعای بوونی خوا.

## بێ باوەڕبوون بەواتای باوەڕهەبوون بە شتێکی تر نییە

ئـەم رسـتەیە بۆچوونـی لائیـرادی خواپەرەسـتانە سـەبارەت بـە بـێ بـاوەڕی بێخودایـان وە بەتایبەتـی کاتێـک داوای لێـدەکات نەبوونـی خـوا بسەلمێنێـت. لـە کاتێکـدا کـە بێـخوداکانی رەهـا هێـچ باوەڕێکیـان بەبوونـی خـوا نییـە، زۆر لـە بێخـوداکان بـە ئەگنۆستیـک هەژمـار دەکـرن. ئەگنۆسـتیک ئـەو کەسـەیە کـە بـاوەڕی بـە خـوا نییـە، بەڵام ئەگـەری بوونـی خـوا بـە تـەواوی رەتناکاتـەوە. لەکاتێکدا کـە ئەتائیسـت (بێخودای رەهـا) ئـەو کەسـەیە کـە بوونـی خـوا بـە تـەواوی رەت دەکاتـەوە. هـەردوو لـەم مەکتەبـە فیکریانـە لـە بێـخوداکان هەژمـار دەکرێـن. گرنگـە بزانیـن کـە ئەتائیسـت و ئەگنۆسـتیک بـە هیـچ شێوەیـەک لەگـەل یەکتـر ناتـەبا نیـن. بۆ بەدەسـت هێـنانی زانیاری زیاتر لەسـەر جیـاوازی نێـوان ئەتائیسـت و ئەگنۆسـتیک دەتوانـن سـەردانی ماڵپـەری خـوارەوە بکـەن: AtheismVsAgnosticism.com

بـۆ پێـناسەی کەسێکی بێـخودا، هەرئەوەنـدە بەسـە کـە بـاوەڕی بەهیـچ خودایـەک نەبێـت. باوەڕنەبـوون بـە شـتێک ئـەوە ناگەیەنێـت کـە بڕواتـان هەیـە بـە نادروسـت بوونـی شـتەکە بەڵکـو تەنهـا نیشـانەی گومـان کردنـە لـە دروسـت بوونـی شـتەکە. بـۆ نموونـە یەکێـک لـە هاوڕێکانتـان پێتـان دەڵێـت کـە بـە بۆچوونـی ئـەو کۆمپانیـای فـۆردی ئەمریکـی باشـترین کۆمپانیـای دروسـتکردنی ئۆتۆمبێلـە لـە جیهانـدا وە وادبنێـن کـە ئێـوە هیـچ بیرۆکـە یـا زانیـاری تەواوتـان پـێ نییـە لەسـەر ئـەم بابەتـە. لێـرەدا بـە دڵنیاییـەوە ئێـوە ناتوانـن باوەڕتـان بـەوە بهێنـن کـە فـۆرد باشـترین کۆمپانیـای ئۆتۆمبێلـە لـە جیهـان وە هەروەهـا ناتـوان ئـەم بۆچوونـە رەتیـش بکەنـەوە، لـەم حاڵـەتـەدا ئێـوە بەرامبـەر ئـەم بۆچوونـەی هاوڕێتـان ئەگنۆسـتیکن.

لـە راسـتیدا زۆربـەی خەلـک بەلایەنـی کـەم لەبـارەی ژمارەیەکـی زۆر لەخـوا ئەگنۆسـتیکن. چونکـە بەهەرحـال هـەزاران خـوا بـە درێژایـی مێـژوو هەبوونـە وە هـەن وە زۆربـەی ئینسـانەکان هیـچ کێشـەیەکیان نییـە سـەبارەت بـە بـاوەڕ نەبـوون بـە زۆربـەی خواکـان وەک زیئـوس Zeus یـان تـوور Thor یاخۆد ئانوبیس Anubis (٦). موسـڵمانان و یەهودیـەکان بـە ئاسـانی خـوا بوونـی مەسـیح رەتدەکەنـەوە وە ئایینەکانـی یەکتاپەرەسـت پێـشینەیەکی دور و درێژیـان هەیـە لەسـەر رەتکردنـەوە خواکانـی تـر. وەک ریچـارد داوکینـز دەڵێـت بێـخوداکان تەنهـا یـەک خـوا زیاتـر لـە یەکتاپەرەسـتەکان رەتدەکەنـەوە.

ئایینەکان داوای بەڵگە و نیشانە دەکەن لەو کەسەی باوەڕەکانیان ڕەتدەکاتەوە، بەڵام بەپێچەوانە خۆیان بۆ سەلماندنی باوەڕەکانیان هیچ بەڵگەیەکیان پێ نییە. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بەڵگەی زانستی و لۆژیکیمان پێشکەش بکرێت بۆ سەلماندنی بوونی خوا، بەدڵنیاییەوە ئامادەین ئەوکات بۆچوونی خۆمان بگۆڕین. بەڵام پێویستە پرسیار و لێکۆڵینەوە بکەین وە بەدوای بەڵگەکان بکەوین، نەک هەوڵ بدەین بەو ئاراستەی پێمان خۆشە بەڵگەکان بخوێنینەوە و پێبژاریان بکەین. ئێمە لەکاتی گومانکردن لە بابەتێک، بۆ زانینی ڕاستیەکان بەدواداچوون بۆ بەڵگەکان دەکەین نەک هەوڵ بدەین بە پێداگیری کردن بەڵگەکانمان بخەینە قالبی پێشتر پەسەندکراوی خۆمان بۆئەوەی ئەو لێکدانەوەمان هەبێت کە حەزمان لێیە.

## سەرچاوەکان:

1) Henderson, Bobby. “About.” Church of the Flying Spaghetti Monster. Accessed September 15, 2014.
2) Ashman, Alex. “The Invisible Pink Unicorn.” H2g2. February 8, 2007. Accessed September 15, 2014.
3) Sagan, Carl, and Ann Druyan. “The Dragon in My Garage.” The Demon-Haunted World: Science as a Candle in the Dark. Ballantine Books, 1997.
4) Russell, Bertrand. “Is There a God? [1952].” In The Collected Papers of Bertrand Russell. Vol. 11: Last Philosophical Testament. London: Routledge, 1997.
5) Bennett, Bo. “Ad Hoc Rescue.” Logically Fallacious: The Ultimate Collection of over 300 Logical Fallacies. EBookIt.com, 2012.
6) Jordan, Michael. Dictionary of Gods and Goddesses. 2nd ed. New York: Facts on File, 2004.

# وەرزی یازدە

## «ئەگەرخوا نییە، ئەی ئەم گەردوونە چۆن دروست بووە؟ تەنها خوا دەتوانێت بەرپرسی دروست بوونی ئەم جیهانە بێت.»

سەرچاوەی دروست بوونی گەردوون یەکێکە لەو پرسیارە سەرسوڕهێنەرانەی بەدرێژایی مێژووی مروڤایەتی بێ وەڵام ماوەتەوە. هەزاران ساڵە ئینسانەکان لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆو دەکەن وە هەموو ئایینەکانیش لەهەوڵی ئەوەدان کە بۆچوونەکانیان بسەپێنن بەسەر بۆچوونەکانی خەلکانی تر. لە وەرزی یەکەم بە کورتی باسی ئاڵوزی وە هەروەها سەرچاوەی ژیانمان کرد. بەڵام رووبەروو بوونەوە لەگەڵ ئەم پرسیارە بۆ زانست ئاسان نییە؛ کە سەرچاوەی ژیان چییە؟ یا خۆد لە راستیدا ئامانجی سەرەکی لە هەبوونی ئێمە و گەردوون چییە؟

وەڵامی سادە ئێستا ئەوەیە: کە ئێمە نازانین وە لەوانەیە هەرگیز بەوردی لە چۆنییەتی دروست بوونی گەردوون تینەگەین، یان ئایا هیچ شتێک لەپێش ئەم جیهانە هەبووە یا نە؟ وە کۆتایی ئەم جیهانە چۆن دەبێت؟ لەهەمان کاتدا هەندێک بیردۆزی بەهێزی زانستی هەن کە دەکرێت لێیان بڕوانین. بەهەرحال نەبوون و دڵنیانەبوون لە وەڵامی وردی ئەم پرسیارانە نابێتە هۆی پەسەند کردنی وەڵامە دروستکراوە بێ بنەماکان.

ترس وە هەست کردن بەنەبوونی ئاسایش لەبەرامبەر بابەتە نەزانراوەکان لە دەروونی مروڤ دایە. بە درێژایی مێژوو مروڤ سوودی وەرگرتووە لە خوا و ئایین و بابەتەکانی تری دەرەوەی سروشتی، بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە نەزانراوەکانی دەوروبەری. ئەمە بووە هۆی دروست بوونی وشەی خوای کەلێنەکان وە لە هەرشوێنێک مروڤ لە شتێک تێنەگەیشتبوایە یەکسەر لەرێگەی خوای کەلێنەکان، بۆشاییەکان پڕ دەکرانەوە. بەڵام کێشە کاتێک دروست بوو کە لەگەڵ بەرەو پێش چوونی زانست ئەم کەلێنانە بچووک و بچووکتر دەبوون. ئێمەی ئینسانەکان بەدرێژایی مێژوو توانیومانە بۆ زۆربەی نهێنییەکان و کەلێنەکان روونکردنەوەی سروشتی بدۆزینەوە

وە بێگومـان ئێسـتاش زۆر نهێـنی مـاون کـە پێـویستە خواکان لێیـان بهێـنینە دەرەوە وە بـە روونکرنـەوەی زانسـتی چارەسـەریان بکەیـن. لەوانەیـە ئـەم نموونەیـە لـە داهاتـووش بەردەوام بێت وە شوێنێکی زۆر بچووک بۆ خوا (ئەو وەڵامـە بێ بنەمایەیە) بمێنێتـەوە وە بیرۆکـەی یەکتاپەرەستی بۆ وەچەکانـی ئـەوکات بێ نرختر دەبێت لـە پانتێئـۆنی یونانـی pantheon بـۆ ئێمـە.

## پاڵـــنەری ســـــەرەکی

بەڵگەی گـەردوون ناسی، ئـەو بەڵگەیەیـە کـە هەوڵی سـەلماندنی بوونـی خـوا دەدات لەرێگـەی بەکارهێنانـی بنەمـا و راسـتیە دیارەکانـی گـەردوون. دەکرێت ئـەم بەڵگەیـە بەم شێوەیە کورت بکرێتـەوە: لەبـەر ئـەوەی هەمووشت لـە جیهانـە پێـویستی بـە هـۆکارە، کەواتـە گەردوونێـش دەبێـت هـۆکاری خـۆی هەبێـت. بەهەرحاڵ ئەگەرچـی زۆربەی یاسا زاڵەکانـی فیزیایـی یاسـای هـۆ و ئەنجام پەیـڕەو دەکـەن، بـەڵام واتـای ئەمـە نییـە کـە خـوا دروسـتکەر و هـۆکاری گـەردوون بێت.

ئەگـەر بگەڕێـینەوە دواوە وە بڕوانینـە رووداوێـک، هەمیشـە رووداوێکـی تـر هەبـووە وە لەپێش ئەویـش رووداوێکـی تـر و... هتد. بـەڵام بەپێـی بـاوەڕی خواپـەرەستان ناکرێت ئـەم زنجیرە رووداوانـە بێ کۆتایی بن وە دەبێت هۆکارێکی سەرەکی و گەورەتـر لـە هەمـووان هەبێـت کـە بەرپرسـی دروسـت بوونـی ئـەم هەمـوو رووداوانەیـە. لەبـەر ئـەوەی رووداوەکان ناتوانـن هۆکاربن،پێـویستە شتێکـی تـر لـە سـەرەتاوە هەبووبێـت کـە هـۆکاری راستـەقینەی دروسـت بوونـی هەموویان بێت.

ئـەم لێکدانـەوە لەوانەیـە لـە سـەرەتاوە لۆژیکـی بێـتە بەرچـاو، بـەڵام لەکاتـی وردبوونـەوە لەسـەری بۆمـان دەردەکەوێت کـە ئـەم لێکدانەوەیـەش هـەروەک لێکدانـەوەی خـوای وێنـا کـراو لـە لێکدانـەوەی دیزاینـەری وشـیار (هـەروەک لـە وەرزی یەکـەم روونکرایتـەوە) دەکەوێتـە داوی هەمـان کێشـە: ئەگـەر هەمـوو شتێـک پێویستـی بـە هـۆکار و دروسـتکەر هەبێت، کەواتـە هـۆکار و دروسـتکەری خـودی خـوا کێیـە؟ لێکدانـەوەی گـەردوون ناسـی لەجیاتـی چارەسـەرکردنی کێشـەی زنجیرەی هۆیـەکان، بـە زمانێکـی جیاواز کێـشەیەکی تـر بەهەمـان شێوە دەهێنێـتە پێشـەوە. ناکرێت پرسـیارێک بـە پرسـیارێکی گـەورەتر وەڵام بدرێتـەوە.

لە راستیدا ئەم گفتوگۆیە تووشی بەهەڵەدابردنی special pleading دەبێتەوە. ئەم بەهەڵەدابردنە جۆرێکی تایبەتە لە دوڕوو بوون، وە کاتێک روودەدات کە رێگەچارەی پێشکەش کراوی کەسێک بەسوودوەرگرتن لە لۆژیک و یاسای خودی کەسەکە هەڵدەوەشێتەوە(١). لەم جۆرە بەهەڵەدابردنە، لۆژیک و یاساکانی کەسی بەڵگەهێنەر هەمووشت دەگرێتەوە بێجگە لە لێکدانەوە و رێگاچارە پێشکەش کراوەکەی خۆی. بەبێ ئەوەی بتوانێت روونبکاتەوە کە بۆچی جیاوازی تەنها بۆ رێگاچارەسەکەی خۆی دادەنێت وە لۆژیکەکەی نایگرێتەوە. ئەگەر هەمووشت دروستکەری هەیە کەواتە بۆچی خوا لەو یاسایە جیادەکرێتەوە؟ ئەگەر خوا پێویستی بە دروستکەر نییە، ئەی بۆچی شتەکانی تر دروستکەریان هەبێت؟

لەڕاستیدا ئەگەر ئێمە دان بەوەی دابنێین کە لەکۆتاییدا شتێک دەبێت خۆی دروست بووبێت بەبێ دەستێوەردانی هیچ دروستکەرێک – هەروەک خواپەرەستان ئەم ئیددیعایە دەکەن بۆ خواکانیان – بۆچی ئێمە نەتوانین ئەم لۆژیکە سەبارەت بە خودی گەردوون بەکاربهێنین؟ واتە دەتوانین لایەنی ناوەند لابەین وە بەبێ هێنانەوەی کێشەکان و ئاڵۆزیەکانی بابەتی بوونی خوا، بەهەمان ئەندازە مانا ببەخشینە ژیان.

## خراپ تێگەیشتن لە فیزیا

زۆربەی ئەو خواپەرەستانەی پەنادەبەنە لێکدانەوەی گەردوونناسی، لە روانگەیەکی هەڵەوە ئەم بەڵگەیە دەبەستنەوە بە فیزیا. بەزۆریش ئەوان سوود لە یاسایی یەکەمی تێرمۆدینامیک وەردەگرن: مادده و وزە، نە دروست دەبن وە نە لەناودەچن(٢). لەبیرمان نەچێت تەنەکان جۆرێکن لە وزە. بە پێی لێکدانەوەی ئەوان ناکرێت لە سروشت شتێک لە هیچەوە دروست ببێت وە دیارە کە پێویستی بە روونکردنەوەیەکی دەرەوەی سروشتی هەیە.

خواباوەڕان وا لێکدەدەنەوە کە بە پێ یاسایی تێرمودینامیک سەلمێنراوە کە پێویستە سەرچاوەیەکی سەرەکی هەبێت بۆ هەموو مادده و وزەکانی جیهان، بەڵام لەڕاستیدا بە شێوەکانی تر دەکرێت ئەمە دروست بێت. بۆ نموونە لەوانەیە لە جیهان یان جیهانەکانی جۆراوجۆردا هەمیشە بڕێکی جێگیر لە مادده و وزە هەبووبن وە یان لەوانەیە وزەکانی موجەب وسالب، هۆکاری دروست بوونی جیهان یان جیهانەکانی

جۆراوجۆر بوونە لە سفرەوە. بێگومان تا ئەم کاتەی ئێمە تێدا دەژین هەموو یاساکان و پێکهاتەکانی ئەم جیهانە بەتەواوی ناناسین، بەڵام ئەمە نابێتە دەلیلی پڕکردنی ئەم کەلێنانەی زانستی بەرێگەی خوا. پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر لەڕاستیدا خوا دەتوانێت مادده و وزە لە سفرەوە دروست بکات، بۆچی شتێکی تر یا هۆیەکی تری سروشتی کە تا ئێستا نەناسراوە نەتوانێت هەمان کار بکات؟

هەروەها خودی بیرۆکەی بەکارهێنانی یاسا سروشتیەکان بۆ بەرگری کردن لە مێتافیزیک، خۆی لە خۆیدا بێمانایە. ئەگەر بەڕاستی خوایەک هەبێت کە بتوانێت هەموو یاسا سروشتیەکان پێشل بکات، ئیتر پێویست نەدەکرا کە ئەو لەگەڵ یاسا فیزیاییەکان بگونجێنین. هەروەها لەلایەکەوە بەکارهێنانی زانست بۆ پشتڕاست کردنی باوەڕەکانتان لە رێگەی بەشێکی بچووک وەک یاسای تێرمودینامیک وە لە لایەکی تر پشت گوێ خستنی بەشەکانی تر لە کاتی یەکنەگرتنیان لەگەڵ باوەڕەکانی دیکەتان وەک پەرەسەندن خیانەتێکی ناشیرینە لە بنەما زانستیەکان دەکرێت.

## بەڵگەی گەردوون ناسین هیچ شتێك سەبارەت بە خوا ناڵێت

تەنانەت ئەگەر بمانەوێت ئەمە قەبوڵ بکەین کە گەردوون پێویستی بەجۆرێک هۆکاری سەرەکی یا هێزێکی تایبەت هەیە بۆ جولانەوەی گشتی، هێشتا هیچ بەڵگەیەک نییە تاکۆ ئەم هێزە بە هیچ یەک لە سیفەتەکانی خوا ببەستەوە وە هەروەها ئەگەر دروستکەرێک هەبوایە، هێشتا هیچ بەڵگەیەک لەسەر وشیاری و دەستێوەردان لە کاروباری جیهان لەبەردەست نەدەبوو.

بێگومان هیچ بەڵگەیەک نییە کە بسەلمێنێت کە دروستکەرەکە خاوەنی یەکێک لە سیفەتەکانی خواکانی ئایینەکانی جیهان بێت. پێش هەموو شتێک لەبیرمان نەچێت کە هیچ بەڵگەیەکیش نییەکە نیشانەی مێتافیزیک بوون یا پیرۆزی هێزەکە بێت. تەنانەت ئەگەر وادابنێین کە لێکدانەوەی گەردووناسی سەبارەت بە هۆکاری جولانەوەی گشتی راست بێت، هەم دیسان ئەم ئیددیعایە هیچ لەبارەی سەلماندنی بوونی خوا پێشکەش ناکات، تەنها ئەگەر خوا لەم پێناسەیەدا سنوودار بکرێت: «هێزەکانی دروستکەری گەردوون». ئەگەر ئەم پێناسەیە پەسەندبکەین دەبێت بە ئاسانی هێزی کارەبا، هێزی راکێشانی زەوی وە هێزی ناووکی ناوبنێین خوا.

پێـناسەی بـاو و گشتی خوا لـە نـاو خەڵکی ئایینی گرێـدراوی وشیاری و هۆشـمەندیە وە هیـچ جۆرە بەڵگەیـەک نییـە لەسـەر وشـیاربوونی هێزەکانی سروشـتی ناسـراو لـە لایـەن ئینسـانەکانەوە.

## سەرچاوەکان:

1) Bennett, Bo. “Special Pleading.” Logically Fallacious: The Ultimate Collection of over 300 Logical Fallacies. EBookIt.com, 2012.
2) Atkins, Peter. The Laws of Thermodynamics: A Very Short Introduction. Oxford: Oxford University Press, 2010.

# وەرزی دوازدە

# «خوا / ئایین زور یارمەتی منیان داوە، چۆن دەبێـت راست نەبن.»

ئایین بۆ زۆربەی باوەڕمەندان پێش ئەوەی وەڵامدەری پرسیارەکانیان بێت سەبارەت بە ئامانجی جەوهەری هەبوون و ژیان، بابەتێکی ئەخلاقیە. ئایین هەروەها بۆ تاکەکان سیستەمێکی کۆمەڵایەتی وە چاودێری فەراهەم دەکات وە دەکرێت بە بڕبڕەی پشتی ناسنامەی کولتوری تاک و کومەڵگا ئایینییەکان دابنرێت. لە هەندێک کۆمەڵگا، ئاییـن و کولتـوور ئەوەنـدە تێکـەڵ بـە یەکتربوونـە کـە جیاکردنەوەیـان مومکیـن نییـە وە قەبوڵ نەکردنی بنەما سەرەکیەکانی ئاییـن هەستی تەنهابوون و گۆشەگیربوون لای تـاک دروست دەکات.

بێگومـان کەنیسـەکان، مزگەوتـەکان وە بەگشـتی شـوێنەکانی ئایینـی وە گروپەکانـی ئایینـی هەندێـک لایەنـی باشیان هەیە. رووداوە کۆمەلایەتیـەکان لـەو شوێنانە ئەنجام دەدرێـن، یارمەتیـدەرن بـۆ یەکترناسـین و هاوڕێیەتـی وتێکـەڵ بوونـی زیاتـری خەلـک، خزمەتگوزاری راوێژکاری بێ بەرامبـەر پێشکەش دەکـەن وە پێداویستیەکانی مـاددی کۆدەکەنەوە وە دەگەینن بەدەستی خەلکی هـەژار و شایانی هاوکاری وە...هتد. شاراوە نییـە کـە زۆر لـە گروپـە ئایینییـەکان ئامـادەن بـۆ خزمەتکردنـی کومەڵگا وە زۆر لـە رێکخراوە خێرخوازیـەکان بنچینەیەکـی ئایینیـان هەیـە.

بـەڵام بەهەرحال سوودەکانی کومەڵایەتـی ئایینـەکان ناتوانـن سەلمێـنەری بوونـی خـوا بـن. ئەگەریش شتێک بسەلمێـنن، ئەوەیـە کـە کاتێـک ئینسـانەکان بـە مەبەسـتی ئامانجێکـی هاوبـەش یەکبگـرن دەتوانیـن بـە ئامانجەکانـی گرنـگ و گـەورە بەدەست بهێنـن وەک یارمەتیدان و هـاوکاری کردنـی خۆیـان و کەسـانی دەسـت کـورت. سوودەکانی بەژداری کردن لـەم جۆرە ئەنجومەنانـە تەنهـا گروپـە ئایینییەکان ناگرێـتەوە بەڵکو گروپەکانـی سێکولاریش هەمـان سوودیان هەیـە، لـە کاتێکدا کـە ئـەم گروپانـە ئیتـر لایەنـە خراپەکانـی گروپـە ئایینییەکانیـان نییـە.

هیـچ بەڵگـە و شـایەتێک لەسـەر هـاوکاری کردنـی کەسێک لەلایـەن خـودی خـوا

نییە، تەنها پێویستە چاوەکانتان بکەنەوە وە ببینن کە مرۆڤەکان خۆیان دەتوانن هاوکاری خۆیان و کەسانی تر بکەن بەبێ دەستێوەردانی خوا. سوودەکانی گروپە ئایینییەکان بە مانای راستی ئەمە دەگەیینێت کە هەر گروپێکی ئینسانی بۆ ئامانجێکی هاوبەش دەتوانن یەکبگرن وە سوودیان هەبێت. گروپ و رێکخراوی ئەتائیستی زۆر هەن کە پشتگیری خەلکی بێ باوەڕ دەکەن وە دەبنە هۆی دروست بوونی ئەو هەستە لە ناویان کە ئەوانیش سەربەکومەڵگایەکن.

## ئەزموونە باشەکان بوونی خوا ناسەلمێنن

لە وەرزی حەوتەم باسی ئەستەم بوونی رەتکردنەوەی ئەزموونە تایبەتیەکانی خەلک کرا، بەڵام لەهەمان کاتدا روونکراوە کە ئەزموونە تایبەتیەکان ناتوانن ئیددیعای بوونی خوا بسەلمێنن. هەر ئەم بابەتە ئەزموونەکانی کەسێک دەگرێتەوە لە چواچێوەی ئەندام بوونی لە مزگەوت، کەنیسە یا هەر گروپ و شوێنێکی ئایینی. لەوانەیە ئەزموونەکانی کەسێک لەناو کومەڵێکی دیاری کراوی ئایینی پۆزەتیڤ بێت بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناکرێت ئەم ئەزموونانە بە بەڵگەی سەلماندنی بوونی خوا هەژمار بکرێت. بێ باوەڕەکانیش هەروەک خواباوەڕان لەوانەیە تووشی خەمۆکی ببن وە یان سەرکەون بەسەر کۆسپ و کێشەکانی ژیانیان، بەڵام هەموو ئەوانە هیچ کاریگەریەکیان نییە بەسەر سەلماندن یا رەتکردنەوەی بوونی خوا.

ئینسانەکانی یارمەتیدەر وە کۆمەڵەکانی خێرخوازی تەنها تایبەت نین بە ئایینێکی دیاریکراو. زۆربەی ئەم رێکخراو و گروپە یارمەتیدەرانە وەک سنووقی منداڵانی نەتەوەیەکگرتووەکان (یونیسف) وە یان رێکخراوی پزیشکانی بێسنوور، ئایینی نین وە ئەمە لە کاتێکدایە کە بەهیچ جۆرێک ناکرێت رۆلی گرنگی ئەمانە لە هاوکاری کردنی خەلکی جیهان پشت گوێ بخرێت. روون و ئاشکرایە کە بەبێ خواش دەکرێت کاریگەری ئیجابیتان هەبێت لەسەر کومەڵگا، کەواتە کومەڵگایەکی سوودمەند نە پێویستی بە خوا دەبێت وە نە بوونی خواش دەسەلمێنێت.

لەگەل ئەمانەش مەرج نییە هەرکەسێک کە دەچێتە مزگەوت و کەنیسە و شوێنە ئایینییەکان ئەزموونێکی باشی هەبێت. هەروەها کۆشتارە دڕندانەکان وەک شەرەکان، جینوساید، گروپە خۆکوژەکان وە .. هتد هەمووی لە ژێر ناوی خوا رووئەدات. ئەگەر

ئەزموونە باشەکانی خەلک لە شوێنە ئایینییەکان بە نیشانەی بوونی خوایەکی خێرخواز و میهرەبان دابنرێت، کەواتە دەبێت ئەزموون و ئەنجامە خراپەکانی گروپەکانی ئایینیش بە نیشانەی خراپە خوازی خوا لەقەلەم بدرێت. هەروەک لە وەرزی پێشوو باسکرا، هەرجۆرە لێکدانەوەیە دەکەوێتە چوارچێوەی بەهەڵەدابردنی بە بەڵگەهێنانەوەی هەڕەمەکی.

## ئەی ئەو کەسانەی خوا رزگاریان ناکات چی؟

لەبارەی هەرچیرۆکێک لە سەبارەت بە لایەنە باشەکان بێت وە گرێدراوە بە خوا و ئایین، خەلکی ئایینی هەن کە ئازار دەبینن. خواپەرستەکانیش ئازارەکان دەبینن: ئەوانیش وەک هەموو خەلکانی تر نەخۆش دەبن، تووشی خەموکی دەبن، دەبنە قوربانی توندۆتیژیەکان، دەبنە کوێلە، لە تەمەنی زۆر بچووک ژیانیان لەدەست دەدەن وە .. هتد. ئەگەر بەڕاستی خوا بەرپرس و شاهیدی هەموو رووداوەکانی ژیانی ئینسانەکانە، کەواتە یان دەیەوێت ئەمانە رووبدەن وە یان روخسەتی روودانیان ئەدات.

هەروەک پێشتر ئاماژە پێ کرا، چ لە ئاستی بەکۆمەڵ وە چ لە ئاستی تاک، ئایینەکان بە درێژایی مێژوو بەرپرسی روودانی زۆربەی رووداوە تاڵ و ناخۆشەکان بوونە. ئەگەر دەکرێت بەبێ بەڵگە خوا بە بەرپرسی رووداوە باشەکانی ژیانی کەسێک بزانین، چۆن دەکرێت بەرپرس نەبێت لە کارەکانی ئەو کەسەی کە بەهۆی بیرو باوەڕەوە هەموو خانەوادەکەی لەدەست دەدات وە بەژداری شەرەئایینییەکان دەکات، زەرەر بە خەلکانی تر دەگەیینێت وە یان جیاوازی لە نێوانیان دادەنێت(١).

لە وەرزی شەشەم روونمان کردەوە کە فەرهەنگی دوعاکردن دەتوانێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری وێرانکەری هەبێت لەسەر ژیانی تایبەتی کەسێک. بە بڕوای زۆربەی ئەوانەی باوەڕیان بە هێز و کاریگەری دوعاکردن هەیە، هەرشتێک کە روودەدات بەپێی ویستی خوایە، بۆیە کەسی ئیماندار دەتوانێت بە پشت بەستن بە دوعاکردن بوارەکان بگورێت وە لە جێبەجێ نەبوونی دوعاکان خۆدی کەسەکە خەتابارە چونکە یان دروست دوعای نەکردووە، یان ئیمانی لاوازە وە ئامۆژگاریەکانی ئایین پشت گوێ خستووە، وە یان وەک پێویست شایانی نییە وە داواکاریەکە لە بنەرەتدا نادروستە. بەلام ئەگەر بوارەکان باش بوون، لەبەر ئەوەیە کە دوعاکانی قەبوڵ کراوە

وه یاخۆد خوا لێبورده و بەبەزەییە. (هذا من فضل ربي)

بەم جۆره ژینگەیەک بۆ تاک دروست دەبێت کە هەستێکی نائەمنی ئیفلیجکەر لەلای دروست دەکات وه فێری بەدبەختی وه پارانەوه دەبیت. ئەم پەیامە ئایینییە ئینسانەکان بە تایبەت لاوان فێردەکات کە نە کۆنترولی ژیانیان لە دەست خۆیانە وه نە توانایی گۆڕینی داهاتوویان. ئەنجامە دەروونییەکانی ئەم جۆره بیرکردنەوەیە دەتوانێت وێرانکەر بێت. دەروون ناسێک بە ناوی مارلێن وینێل Dr. Marlene Winell ئەم جۆره کێشە دەروونیانەی ناوی لێناوه سەندرۆمی زەرەی ئایینی: کومەڵێک لەو نیشانەکانن کە بەرەئەنجامی لاسایی کردنەوەی ئایینن وه یان لەم ڕێگەیەوه زیاتر تەشەنەی سەندووه وه ئەمانە دەگرێتەوه: دڵەڕاوەکی، خەمووکی وه دروست بوونی کێشەکان کاره کومەڵایەتیەکان (٢).

## سەرچاوەکان:

“1) God Told Me to Do It.” Huffington Post. Accessed September 15, 2014. http://www.huffingtonpost.com/tag/god-told-me-to-do-it./
2) Winell, Marlene. “Religious Trauma Syndrome.” British Association for Behavioural & Cognitive Psychotherapies. Accessed September 16, 2014.



# وەرزی سێنزدە

## «خوا خوشەویستیە، خوا وزەیە»

لە وەرزی نۆیەم باسی خەلکی ئاییینیمان کرد کە بەجۆرێک وەسفی خوا دەکەن کە رەتکردنەوەی ئاسان نەبێت. حاشاکردنی پێناسەیەکی نادیار لە خوا ئاسان نییە، بەڵام لەهەمان کاتدا هیچ بەڵگەیەکیش پێشکەش ناکرێت بۆ بەرگری کردن لەم پێناسە نامۆیانە. ئەگەر بڵێین خوا هەیە وە نەتوانن ئەم قسەیە روون بکەنەوە، کەواتە لە کۆتاییدا قسەکەتان بێ مانایە.

هەندێک کەس هەوڵ ئەدەن بەجۆرێک وەسفی خوا بکەن کە لەگەل هەندێک پێناسە کە پێشتر راست بوونیان سەلمێنراوە هاوتا بکەن. سروشت، گەردوون، خوشەویستی، وزە وە ... هتد. بۆ نموونە نووسەرێک بە ناوی برێندەن مەک فیلیپس Brendan McPhillips لە نووسینێکدا بە ناوی «ئەنیشتەن بوونی خوا دەسەلمێنێت» ئیددیعای ئەوە دەکات کە گوایە خوا وزەی دروستکەری ماددەیە بە پێی هاوکێشە بەناوبانگەکەی ئەنیشتاین (١): $E=MC^2$ بەپێی بۆچوونەکەی خوا هەرهەمان وزەیە کە جیهان وە هەموو شتی ناو جیهان لەئەو دروست بوونە.

کێشەکە لەوەدایە کە وشەی وزە پێشتر هەبووە وە دەکرێت بە بێ بەکارهێنانی وشەی خوا ئەم مەبەستە لە وەسفی وزە بەئاسانی بگوازرێتەوە. خوا وشەیەکە کە لەگەڵ خۆی کۆمەڵیک پێناسەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێت. بۆ زۆر کەس خوا زیاترە لە وزەیەک کە جیهان لێ دروست کرابێت، بەڵکو خوا دوعاکانیان وەڵام ئەداتەوە، فەرمان و حوکمی خوایی دەردەکات وە لە بچووکترین بابەتی تایبەتی ژیانی تاک کاریگەری هەیە و چاودێری دەکات. بۆ ئەوان خوا وشیارە، ئەتوانێت بیر بکاتەوە، قسە بکات، بریار بدات وە دەتوانێت بەکردەوە جێبەجێیان بکات.

هیچ بەڵگەیەکمان نییە بۆ پشتڕاست کردنەوەی وشیار بوون و بە ئاگابوونی وزە وە بێگومان بەبێ هەبوونی ئەم سیفەتانە هیچ کامە لە تایبەتمەندیەکانی وزە ناچنە چوارچێوەی چەمکی ئیلاهی بوونەوە. ئەگەر بڵێین خوا هەرهەمان وزەیە، ئەوا تەنها یاریمان بە وشەکان کردووە وە لە راستیدا هیچ لە پێناسەکان ناگۆردرێت.

هێنانە پێشەوەی ئەم جۆرە ئیددیعایانە هیچ زانیاریەکی بەسوودمان ناداتێ، نە لەسەر جیهانی ماددی وە نە لەسەر بابەتی خودی جەوهەری خوا.

## پێناسەکانی خوا

چەندین جۆری جیاواز لە خواپەرەستی هەن لە جیهان وە هەرکامەیان پێناسەیەکی تایبەتی خۆیان هەیە سەبارەت بە خوا، بەڵام بەگشتی هەموویان لەسەر پێناسەیەکی بنچینەیی کۆکن لەگەل یەکتر. یەکتاپەرەستەکان وەک مەسیحیەکان، جولەکەکان وە موسڵمانان باوەڕیان بە یەک خوای تاک و سەرووی سروشت هەیە کە هێزی ئەنجامدانی هەموو کارێکی هەیە. چەندخواپەرەستان وەک هیندووەکان، بەپێی ئەو ناوچەی تێدا لەدایکبوونە باوەڕیان بە چەند خوا هەیە یا باوەڕیان بە یەک خوا هەیە کە شێوەکانی دەگۆڕێت. لە هەموو حالەتەکانی خواپەرەستی، کاتێک باسی خوا دەکەن لە مێشکیان پێناسەیەکی روون و جێگریان هەیە لە وشەی خوا. بۆ لایەنگرانی ئایینەکانی ئیبراهیمی؛ جولەکەکان و مەسیحیەکان و موسلمانان، خوا بوونەوەرێکی توانا و چاکەخوازە کە بەرپرسی دروست بوون وە رێکخستنی گەردوونە. بە پێی باوەڕەکانیان خوا رۆڵی سەرەکی هەیە لە ژیانی رۆژانەی ئێمە، وەڵامی دوعاکان ئەداتەوە، هۆکاری موعجیزەکانە وە گوناحبارەکان سزا ئەدات وە ئینسانە چاکەکان پاداشت دەکات.

هەروەها گروپێکی تری خواباوەڕ هەن کە بەبێ ئەوەی باوەڕیان بە ئایینێکی دیاریکراو هەبێت وە لە چواچێوەی پێناسەیەکی تایبەتی خۆیان سەبارەت بە خوا — وەک ئەوەی لە دەقە ئایینییەکان هاتووە — باوەڕیان بە خوا هەیە. زۆربەی ئەمانە دادارباوەڕەکانن deists کە باوەڕیان هەیە بە بوونەوەرێکی مێتافیزیکی ژیر و هۆشمەند کە گەردوون و یاسا زاڵەکانی ناوسروشتی داڕشتووە وە دوور لە سیفەتەکانی ئینسانی وە بەهیچ جۆرێک دەست لە کاروباری جیهان وەرنادات. واتە نە دوعاکان وەڵام ئەداتەوە، نە موعجیزەی هەیە وە نەهیچ جۆرە کاریگەرییەکی هەیە لەسەر ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتی خەلک وە یان رووداوەکانی جیهان.

ئەگەرچی خوای دادارباوەڕەکان زۆر جیاوازە لە خوای ئایینەکانی خواپەرەستی دیکە وە هەرچەندە نە گرێدراوی ئامۆژگارییەکانی ئایینین وە نە ئەندامن لە هیچ

گروپ یا کۆمەڵەیەکی ئایینی، بەڵام هێشتا باوەڕیان بە هەبوونی دروستکەرێکی هۆشمەندی سەرووی سروشتی هەیە بۆیە بە ناچار هەر دەکەوێنە ناو بەشەکۆمەڵەی خواپەرەستەکان. کێشەی ئەم جۆرە باوەڕە لەوەدایە کە بەهەرحال ناسەلمێنرێت. ئەو خوایەی هیچ کاریگەری و دەستێوەردانی نییە لەسەر گەردوون ناسەلمێنرێت.

بۆ هەندێک کەسی تر، خوا تەنها یەک وشەیە کە بۆ وەسفکردنی هەندێک مانای تایبەت وەک سروشت و یاساکانی وە یان خودی جیهان بەکاردەهێنرێت. پانتەئیست pantheist ئەو کەسەیە کە وشەکانی خوا و سروشت هاومانا دەزانێت. بۆ بەشێکی بەرچاو لە پانتەئیستەکان هێزە سروشتیەکان، زات و جەوهەرێکی خوداییان هەیە. لەلای هەندێکی تریش بەبێ ئەوەی سروشت ببەستنەوە بە خوا، بەخاوەنی جۆرێک هیزی روحانی دەزانن. پانتەئیستەکان باوەڕیان بەمە نییە کە بوونەوەرێکی مێتافیزیکی هەیە لەگەڵ سیفەتەکانی سەرووی سروشتی. بەبۆچوونی پانتەئیستەکان خوا وشەیەکی دروستکراوە کە وەک ئامرازێک بەکار هاتووە بۆ پەیوەندی دانی هەستە دەروونییەکانمان بە سروشتەوە وە بڕوایان بە هیچ خوایەکی راستی نییە. ریچارد داوکینز Richard Dawkins ناوی لە پانتەئیستەکان ناوە «بێخودایی ورژێنەر» sexed up atheism (٢).

لەوانەیە ئەم یاریکردنە بە وشەکان بچووک بێتە پێش چاو، بەڵام روانگەی ئێمە سەبارەت بە رەفتارەکانمان بەرامبەر جیهان و زمان پشت گوێ دەخات. ئەگەر پێناسەی خوا بۆ هەرکەسێک مانایەکی جیاوازی هەبێت، ئیتر لە بنەڕەتدا باری ماناکەی لەدەست ئەدات. بنچینەی بیروکەی زمان و پەیوەندیە مروییەکان بەستراوە بەو دەنگ و وشانە کە بە وردی پێناسەکراون وە لە نێوان قسەکەرانی ئەو زمانە مانایەکی نەگۆڕی هەبێت.

## وشـــەکان کەل وپەل نین

وشەکان ئەمرازێکن بەدەستی ئێمە بۆ وەسفکردنی شتەکانی دەوروبەرمان، وە هیچ کاریگەریان نییە بەسەر جەهەر و دەروونی شتەکە. بەئاسانی دەکرێت هەڵەبوونی ئەم قسەیە کە «خوا وزەیە» لە رستەکانی خوارەوە پێشان بدرێت:

«خوا» پشیلەی مالەکەی منە.

پشیلەی من راستە.
کەواتە خوا هەیە.

ئەوەی کە بۆمان دەردەچێت لە رستەکانی سەرەوە ئەوەیە کە ناوی پشیلەی من خوایە. هیچ کامە لەو سیفەتانە کە ئینسان بۆ خوا بەکاری دەبات بۆ پشیلە—خوا ناگونجن؛ زانستی بێ کۆتایی، هێزی رەها، چاکەخوازی و تواناییەکانی سەرووی سروشتی. دانانی ناوی خوا لەسەر پشیلەکەم، لە پێناسە و سەلماندنی بوونی خوا، کارێکی پووچ و بێمانایە. ئەم بابەتە ئەم قسەیەش دەگرێتەوە کە خوا وزەیە وە بێگومان بۆ هەر قسەیەکی تری وەک ئەمەش هەر پووچ و بێمانا دەبێت. ئەم لێکدانەوانە بێمانان مەگەر لە درێژەی قسەکە ئیددیعابکەن کە وزە خاوەنی تواناییەکای دەرەوەی سروشتیە کە بۆ خوا بەکاردەهێنرێت.

ئەم ئیددیعایە کە وزە، خۆشەویستی، هێزی راکێشانی زەوی وە یا هەر هێزێکی سروشتی تر خاوەنی تواناییەکانی دەرەوەی سروشتیە، هەروەک بانگەشەکانی بوونی خوای ئایینەکانی ئیبراهیمی، ئەگەر بە پشت بەستن بە بەڵگە و نیشانەی گونجاو نەبێت، ئەکرێت بە ئاسانی پشت گوێ بخەین. ئێمە پێشتر رێژەیەکی زۆر وشە و پیاسەمان هەیە بۆ وەسفکردن و ناسینی شتەکانی دەوروبەرمان، ئیتر پێویست ناکات سەر لەخۆمان بشوێنین وە وشە و مانای نوێ بۆیان داهێنان بکەین. وشەی خوا دەتوانێت زۆر مانا وەربگرێت بەڵام بۆ لای زۆربەی خەلک پێناسەیەکی دیاریکراوی قەبوڵکراوی هەیە کە بەدرێژایی هەزاران ساڵ هەر بەو پێناسەیە بەکارهاتووە، بەڵام پێدانی ماناکانی زیاتر دەبێتە هۆی سەرلێشێواندن وە تێکچوونی لێک تێگەیشتنی کارا و دروستی زمان.

ئەگەر بریاربێت کە ئەم وشەیە مانایەکی دیاریکراوی هەبێت وە بێ کەلک نەبێت، ئەوا پێویستە مانای هەمیشەی خۆی لە نێوان پێناسەکان و ماناکان هەبێت: وەک وەسفی خوایەکی وشیاری سەرووی سروشتی کە بەرپرسە دروستکردنی گەردوون یان بەشێکی گەورەی گەردوونە وە یاسا زاڵەکانی دارشتووە .

هەروەک لەم کتێبەدا باسکرا، هیچ جۆرە بەڵگەیەک نییە بۆ سەلماندنی خوایەکی ژیر و دەرەوەی سروشتی. ئەم وتەیە کە خوا وزەیە هیچ بەرگریەک لە بابەتی

هەبوونی خوا ناکات، هەربۆیە ناکرێت وەک دژەلێکدانەوە لە بەرامبەر بێخوداکان بەکاربهێنرێت.

## سەرچاوەکان:

1) McPhillips, Brendan. “Einstein Proves the Existence of God!” Brendan McPhillips. Accessed September 16, 2014.
2) Dawkins, Richard. The God Delusion. Boston: Houghton Mifflin, 2006.



# وەرزی چواردە

## «یاساکانی لۆژیك بوونی خوا دەسەلمێنن.»

یەکێک لە دژەلێکدانەوەکانی نوێ لە بەرامبەر بێخوداکان، بەڵگەی بەرزتربوونە transcendental arg. کە لە لایەن مەت سلیک Matt Slick لە ڕێکخراوی CARM (Ministry Christian Apologetics & Researc) ناوبانگی دەرکردووە. (١)

هەرچەندە کە بەڵگەی بەرزتربوون هەروەک لە ماڵپەری ڕێکخراوەکە نووسراوە تا رادەیەک نوێیە، بەڵام بیرۆکەی سەرەتایی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمانویل کانت Immanuel Kant. کانت باسی لێکدانەوەی بەرزتربوون دەکات و بە لەبەرچاوگرتنی هەندێک لە راستیەکان وە بنەما لۆژیکیەکانی گشتگیر، جێگیر وە رەها، پێکهاتەکەی ئەم بیردۆزە دەخاتەڕوو.

### بەڵگەی بەرزتربوون لە راستیدا چی دەڵێت؟

لە دیدی فەلسەفیەوە سێ بنەمای سەرەکی لە لۆژیک هەن:

یەکەم: بنەمای شوناس (Identity): هەموو شتێک ئەو شتەیە کە هەیە وە نەک ئەوەی کە نییە. هەمووشتەکانی ئەم جیهانە جەوهەری تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆ نموونە سێوێک سێوە وە بەردێکیش هەر بەردە، بەکورتی هەموو شتێک ئەو شتەیە کە هەیە.

دووەم: بنەمای دژە پارادۆکس (Non-contradiction): ناکرێت دوو قسە کە پێچەوانەی یەکترن، هەردووکیان راست بن. ئەگەر لە هەردوو لەم رستانەدا ئاماژە بە بابەتێکی دیاریکراو کرابێت، ئەوا بەهیچ شێوەیەک ناکرێت هەروو رستەکە لە یەک کاتدا راست بن. بۆنموونە «ئەمە سێوێکە» ، «ئەمە بەردێکە» بە واتایەکی تر مومکین نییە شتێک هەم هەبێت و هەم نەبێت.

سێیەم: بنەمای لابردنی ناوەند (Excluded Middle): وتەیەک ناتوانێت لە یەک کاتدا هەم دروست بێت وە هەم هەڵە. بۆ نموونە ئەم رستەیە: «ئەمە سێوە» دەبێت

یان ڕاست بێت یا هەڵە بێت. سێوبوونی شتێک ناتوانێت لەیەک کاتدا هەم دروست بێت وە هەم هەڵە. بەواتایەکی تر هەموو شتێک یان هەیە یان نییە.

ئەم بنەما لۆژیکیانانە بەگشتی هەمیشە دروستن وە هەموو شتێک دەگرێتەوە. بێ مانا دەبوو ئەگەر کەسێک بڵێت «ئەم بەردە بریتیە لە سێوێک»، چونکە ئەم ڕستەیە دژ بە بنەما سەرەکیەکانی لۆژیک دەوەستێتەوە. بۆئەوەی گفتوگۆویەک ڕووبدات پێویستە هەردوو لایەنی گفتوگۆو لەسەر ئەمە کوک بن کە بەردێکی پێناسەکراو هەمووکات هەر بەردە وە مانا و پێناسەکەی خۆی هەمیشە لەگەل خۆی هەلدەگریت. بەڵگەی بەرزتربوون خۆی دەبەستەوە بە بنەمالۆژیکیەکان تا وەک ئەوەی خوارەوە بۆ هەبوونی خوا بەڵگە بهێنێت:

١ . بنەماکانی لۆژیکی ڕەها و بێ کەم و کوڕی هەن.

٢ . ئەم بنەمایانە خاوەنی جەوهەرێکی شیاوی تێگەیشتنن وە ماددی نین. بەواتای ئەوە کە لەجیهانی فیزیایی هیچ وجوودی دەرەکیان نییە.

٣ . لەبەرئەوەی ئەم بنەما لۆژیکیانە شیاوی تێگەیشتنن، پێویستە لە ناو زەین و هۆش وێنا بکرن.

٤ . بەهەرحال ئەم بنەمایانە ڕەها و بێ کەم و کوڕین. زەینی مرۆڤ تەواو و بێ کەم و کوڕی نییە.

٥ . ئەم بنەما بێ وێنانە لە هەموو شوێنێک جێگرن وە گرێدراوی زەینی مروڤ نین.

٦ . کەواتە پێویستە ئەم بنەمایانە لە ناو زەینێکی باڵای تەواو و بێ کەم و کوڕی هەبن.

٧ . ئەم زەینە هەر هەمان خوایە.

بە شێوەیەکی سادە دەکرێت ئەم بەڵگەیە بەمجۆرە ڕوونبکرێتەوە: بنەمارەهاکانی لۆژیک پێویستە بەرهەمی زەین بن وە لەبەر ئەوەی ئەم بنەمایانە ڕەها و گشتین، دەبێت بەرهەمی زەین و هۆشەکی ڕەها بووبن وە ئەم زەینە بێگومان خوایە.

بۆئەوەی سەلماندنێکی لۆژیکی ڕووبدات، پێویستە دوو مەرج لەبەرچاو بگیرێت. پێش گریمانەکان پێویستە دروست بن وە پێکهاتەکەی دەبێت بەجۆرێک بێت کە بەرەو ئەنجامێکی لۆژیکی بڕوات. لەڕووی پێکهاتەیی لەوانەیە ئەم لێکدانەوە لۆژیکیانە

بێتە بەرچاو؛ ئەگەر پێش گریمانەکان دروست بن ئەوا ئەنجامەکەش دروست دەردەچێت. بەڵام هەروەک لە بەشەکانی تری ئەم وەرزە دەبینن کە ئەم پێش گریمانانە دروست نین وە بەم شێوەیە ئەم بەڵگەیە ڕەتدەکرێتەوە.

## به هەڵەدابردنی هاوشێوەبوون (The Fallacy of Equivocation)

کێشەی «بەڵگەی بەرزتربوون» لەوەدایە کە بنەماڵۆژیکیەکان وەسفین descriptive وە نەک تەجویزی prescriptive. بە واتایەکی تر ئەم بنەمایانە تەنها بۆ وەسفی ئەو شتانەن کە ئێمە دەزانین ڕاستن وە هەن. جیهان خۆی لەگەڵ ئەم بنەمایانە ناگونجێنێت تەنها لەبەر ئەوەی کەسێک ئەوانی داهێناوە. ئەم بنەما ڕەهایانە، لەبەرئەوە هەن تاکۆ نموونە ڕاستیەکانی جیهان پێناسە بکەن. بۆ تێگەیشتن لە جیاوازی نێوان یاسایەکی وەسفی وە تەجویزی بڕوانە ئەم نموونەیە:

هێزی ڕاکێشانی زەوی یاسایەکی وەسفیە. ئیزاک نیوتۆن ئەم یاسایەی لە خۆی دروست نەکردووە بەڵکو ئەم یاسایە پێش دۆزینەوەی هەر هەبووە وە بەبێ گوێدان بەوەی کە مروڤ ناوێکی لەسەر دابنێت بەردەوام بووە لە بوونی خۆی وە بەردەوامیش دەبێت. هێزی ڕاکێشانی زەوی تەنها وەسفێکە لە شتێک یا حالەتێکی ئاسایی ناوسروشت کە لەلایەن زاناکان بەکاردەهێنرێت.

لەلایەکی تر یاسایی کۆنترول کردنی خێراییمان هەیە، کە یاسایەکی داڕێژراوە لە ڕێگەی مروڤ وە جێبەجێ دەکرێت وە زۆر بێ مانا دەبوو ئەگەر بەکارمان نەهێنابوایە. ئەگەر خێرایی ئۆتۆمبێل بۆ ئێمە سنووردار نەبوایە یاخۆد خەلک بەرپرس نەبوانە لە خێرایی لێخورینی ئۆتۆمبێلەکانیان ئیتر ئەم یاسایە وجوودی نەدەبوو.

بەهەمان شێوەش، بنەماکان و یاساڵۆژیکیەکان وەسفین. نەکەس دروستی کردوون وە نە لە لایەن هیچ کەسێک یا سەرچاوەیەک لەهیچ کتێبێک یا شوێنێکی تر نووسراون. ئەم یاسا وبنەمایانە تەنها لە ڕێگەی مروڤ بەکاردێت، بەردێک هەمیشە بەردە، چونکە ئەگەر شتێکی تر بووایە ئیتر پێی نەدەگوترا بەرد. لەبەرئەوەی کە بنەماڵۆژیکیەکان داهێنراو نین بۆیە بۆ دروست بوونیان پێویست بە هۆش و زەینێکی خودایی یا هەر زەینێکی تر ناکات. زەینی مروڤ دەتوانێت ئەم بنەمایانە بناستەوە بە بێ گوێدان بەوەی کە ئایا خوا یا کەسێکی تر بیریان لێ دەکاتەوە یان نە، وە

بەردەوام هەر هەبوونە وە هەر بەردەوامیش هەن.

لایەنگرانی بەڵگەی «بەرزتربوون» وەسفی بنەمایەکی لۆژیکی کە بۆ رووداو یا شتێک بەکار دێت لەگەڵ خودی رووداو و شتەکە تێکەڵ دەکەن. یەکسان کردنی بابەتێک لەگەل وەسفی بابەتەکە هەروەک ئەوە کە وێنەی ئۆتۆمبێلێک یەکسان بکرێت بە خۆدی ئۆتۆمبێلە راستەقینەکە. ئەگەرچی لەوانەیە وێنەکە وردەکاریەکانی رووکەش بە جوانی پێشان بدات بەلام ناکرێت سیفەتەکانی خۆدی وێنەکە بۆ ئۆتۆمبێلەکە بەکاربینین، بۆ نموونە وا لێکبدەینەوە کە ئۆتۆمبێلە راستەقینەکە شێوەی تەختە وە لە ناو دەست جێی دەبێتەوە. ئەم بابەتە بۆ بنەمالۆژیکیەکانیش بەکار دێت؛ "A=A" وەسفێکی شیاوی تێگەیشتنە وە یەکێکە لە سیفەتە فیزیاییەکان. خۆدی ئەم هاوکێشەیە بۆ ئەوەی بگوترێت، پێویستی بە هۆشێک هەیە، لەکاتێکدا کە خودی سیفەتە فیزیاییەکەی یەکسان بوونی A لەگەل A چ بگوترێت وە چ نەگوترێت وە چ لەلایەن مێشکەوە قابیلی تێگەیشتن بێت وە چ نەبێت هەربەردەوامە لە راستیەکەی خۆی لە ناو سروشتــدا.

ئەوەی باسکرا بەواتای ئەمەیە کە وەسفی چەمکەکان شیاوی تێگەیشتنن، بەلام ئەو بنچینانە کە وەسف دەکەین شیاوی تێگەیشتن نین. ئەوەی کە دەبێتە هۆی بەکارهێنانی ئەم بنەمایانە بەردەوامی لە هەبوونە، واتە بەردەوامن لە هەبوونیان بە بێ گوێ دان بە ناسینەوە و شیکردنەوەی لە لایەن مێشک و هۆشی کەسێکەوە. بەردێک هەمیشە هەر بەردە چونکە لە چوارچێوەی راستی یاسایی هەبوون دایە. وە ئەگەر هیچ زەینێک بۆ تێگەیشتن و ناولێنان و وەسف کردنی بەرد نەبێت ئەم بەردە هەر هەیە و لە جەوهەری هەبوونی هیچ ناگۆردرێت. بە واتایەکی تر پێویستە هۆش و مێشکێک هەبێت بۆ وەسفکردنی رووداو یا شتێکی ناو سروشت، بەلام هۆکاری دروست بوونیان نین.

لێکدانەوەی «بەرزتربوون» لەبەر ئەوەی بنەمالۆژیکیەکان فراوان دەکات دەکەوێتە داوی بەهەڵەدابردنی هاوشێوەبوون(٣). هەروەک لە هەنگاوی یەکەمی بیرۆکەی بەرزتربوون باس کرا، بنەماکانی تەواو و رەها بناغەی فیزیایی جیهانن، بەلام لە هەنگاوی دووەم لە لێکدانەوەکە (وەک نموونەی وێنەی ئۆتۆمبێکەکە) دەبنە وەسفەکانی هەمان بنەما ویاساکان. ئەم بنەما تەواو و رەهایانە هەن، بەلام لە

جەوهەرەوە شیاوی تێگەیشتن نین وە بۆ هەبوونیان پێویستیان بە هیچ زەینێک نییە. زەین و هۆشەکان تەنها بۆ بینین ، تێگەیشتن وە باس کردنی ئەم یاسایانەن. لەگەڵ ئەوانەش تێگەیشتنی ئێمە لەسەر ئەم یاسایانە بەهێچ شێوەیەک جێگیر و تەواو و بێ کەم و کوڕی نین.

## رەخنەکانی تر لەسەر بەڵگەی بەرزتربوون

تەنانەت ئەگەر وادابنێین کە لێدانەوەی بەرزتربوون دروست بێت، هێشتاش بۆشاییەکی زۆر هەن دەبێت پڕ بکرێنەوە بە بەڵگەو نیشانەکانی بوونی خوا. ئەگەر ئەمە قەبوڵ بکەین کە پێناسەکانی رەها پێویستیان بەهەبوونی زەینێکی رەهایە بۆ هەبوون، هێشتا دیارناکرێت کە ئەم زەینە رەهایە بە چ شێوەیەکە. واتە ئەم زەین و هۆشە بەرز و باڵایە کە لەپشت هەبوونی بنەمالۆژیکیان دانراوە، مەرج نییە خاوەنی ئەو سیفەتانە بێت کە بۆ خوا بەکاردەهێنرێت وەک چاکەخوازی، توانایی رەها، کاریگەری لە سەر گەردوون وە یان سەرچاوەی ئەخلاقیات بوون. لە بەڵگەی بەرزتربوون هیچ بەڵگەیەک نییە کە بسەلمێنێت کە ئەو زەینە گریمانەی بەرپرس لە بنەمالۆژیەکان، توانایی ئەنجام دانی کارێک زیاتر لە تێگەیشتنی ئەو یاسایانە هەبێت.

لەڕاستیدا بەم جۆرە ئەم بەڵگەیە ناتوانێت هیچ شتێک زیادبکات لە گفتوگۆوی وجوودی خوا وە یان هیچ هۆیەکی بەهێز پێشکەش بکات بۆ پەرەستینی خوا و هەبوونی پەیوەندی تایبەت لەگەڵی.

## سەرچاوەکان:

1) Slick, Matt. “The Transcendental Argument for the Existence of God.” CARM. Accessed September 16, 2014.
Kant, Immanuel and David Walford. “The Only Possible Argument in Support of a Demonstration of the Existence of God.” Theoretical Philosophy, 1755-1770. Cambridge: Cambridge University Press, 1992.
3) Bennett, Bo. “Equivocation.” Logically Fallacious: The Ultimate Collection of over 300 Logical Fallacies. EBookIt.com, 2012.

## وەرزی پازدە

# «باوەڕهەبوون بە خوا مانا وئامانج دەداتە ژیان، بێ خوا ژیان بێمـانـایـە»

ئایینـەکان، بەتایبەتـی ئایینەکانـی ڕێکخـراوی گـەورە، هـەردوو هەسـتی ئامانجـدار بـوون وە پەیوەست بـوون بـە کۆمەڵگا لـە ناو ئەندامەکانیـان دروست دەکـەن. بـە هەمـان شێـوە کـە لـە وەرزی دەوانزدەش ئامـاژە پێکـرا، کۆمەڵـە ئایینییـەکان دەتوانـن سوودێکی زۆریـان هەبێـت بـۆ کۆمەڵگا وە بـە شێوەیەکـی گشـتی دەکەوێنـە سـەنتەری شوناسـی فەرهەنگـی تـاک. بـەڵام ئـەم ڕاسـتیانە ئەمـە ناگـەیـنـن کـە ئیددیعاکانـی ئایینـەکان ڕاسـت بـن. لـە ڕاسـتیدا ئەمـە ئایینـەکان نیـن کـە مانـا دەبەخشـنە ژیانـی ئینسـانەکان، بەڵکـو خـودی ئینسـانەکانن کـە مانـا دروسـت دەکـەن بـە پێـی جیهـان بینـی سـەردەمی خۆیـان وە گـەڕان بـەدوای ئامانجەکانیـان. بـە بێ ئایینیـش دەتوانـن مانـا بدەنـە ژیـان و بەڕاستـی گـەڕان بـە دوای مانـای تایبـەت بـۆ ژیـان لـە دەرەوەی ئاییـن زۆر چێژبەخشـترە لـە گوێـڕایەڵی کوێرکوێـرانە لـە فەرمانـەکانی کەسێکـی ئایینـی لـە دەرەوەی دەروونـی خۆی.

## بانگـەشـە ئاییـنییەکان، بە بەڵـگە و شاهید هەژمـار نـاکرن

بیرۆکەیەکـی هاوبـەش لەنێـوان گشـت بەشـەکانی ئـەم کتێـبە ڕوونـە: باوەڕهەبـوون بـە شتێـک بەڵگـەی ڕاسـت بوونـی شـتەکە نییـە. بـە هەمـان شێـوە ئـارەزووی ڕاسـت بوونـی باوەڕێـک هیـچ کاریگـەریەکـی نییـە لەسـەر ئەگـەری ڕاسـت بـوون یـا هەڵـە بوونـی بابەتـەکە. لەوانەیـە مـن ئـارەزوو بکـەم دەوڵەمەنـد بـم، بـەڵام ئـەم ئـاواتە نابێـتە هـۆی زیادبوونـی پـارە لـە ناحیسـابی بانکـی مـن وە ئەگـەر مـن ئیددیعـای دەوڵەمەندبوون بکـەم ئـەوا پێـویستە بـە بەڵـگـە بسـەلمێنیم، ئەگینـە کـەس قسـەکەم بـاوەڕ نـاکات وە ئەگـەر دەربچێـت ڕاسـت نییـە لێـرەدا مـن یـان درۆزنـم یـان خەیاڵاتیـم.

باوەڕەکانـی ئایینیـش هـەر بەهەمـان شێـوەن، ئەگـەر باوەڕهەبـوون بـە شتێـک هـۆکاری ئارامـی وە چێـژوەرگرتنـی هەسـتی خۆویسـتی ئێمـە بێـت وە یـان ئامانـج دەبەخشـێتە ژیـان،

بەگرنگ هەژمار ناکرێت، چونکە ئەگەر بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی ئەم باوەڕانە نەبێت، ناکرێت ئەوان وەک شایەتی شوناسی گەردوون وە بوونەوەران بزانین.

کاتێک کەسێک دەڵێت: «بەبێ هەبوونی خوا ژیان بێمانا دەبێت» لەڕاستیدا مەبەستی ئەمەیە: «من دەمەوێت بڕوا بەوەی بکەم ژیان مانای خۆی هەیە وە بەبێ هەبوونی خوایەک ناتوانم هیچ مانایەک وێنا بکەم، بۆیە دەمەوێت ئەم باوەڕە بکەمە ناومێشکمدا کە خوا هەیە». لەکاتێکدا کە ئەم ئارەزووە نە قایلکەرە وە نە پێویست. بەبێ باوەڕە ئایینییەکانیش دەکرێت ژیان پربێت لە مانا وە تەنانەت پشت بەستن بە ئایین بۆ دۆزینەوەی مانا و ئامانج بە ژیان ئەگەری تێکچوونی دەروونی مروڤ زیادتر دەکات.

کاتێک ئێوە بەدوای متمانە و مانا لە سەرچاوەیەکی دەرەوەی دەروونی خۆتان دەگەڕێن، لەهەمان کاتدا مەترسی ئەوە دێتەئاراوە کە هەرهەمان سەرچاوە کە مانای بە ژیانی ئێوە بەخشیوە ڕۆژێک لە ڕۆژان ماندوو و بێزارتان بکات. هەروەها فەرهەنگی دینداری دەبێتە هۆی لێکدوورکەوتنەوەی تاکەکان ناو کۆمەڵگای مرویی بەدروستبوونی گروپە ئایدیولۆژییەکان. ئەندام و لایەنگرانی ئەم گروپانە، بێ لایەنی و ڕاست بینی خۆیان لە دەست دەدەن وە کاتێک کەسێک کردەوەکانی بەپێ باوەڕەکانی ڕێک دەخات، ئەم باوەڕانە دەتوانن ببنە هۆی کردوەوی کوێرکوێرانە وە مەترسی دار.

## ڕاستیەکی تاڵ باشترە لە درۆیەکی ئارام بەخش

ئایینەکان بەمەبەستی قایل کردنی لایەنگرانیان وە گەرەنتی کردنی گوێڕایەڵ بوونیان، بە بەردەوامی کارلەسەر تێکدانی دەروونیان دەکەن وە هەوڵ دەدەن بۆشاییەک لە ناویان دروست بکەن تاکۆ بە مەسیح، الله، یەهووە وە یان هەرخوایەکی تر پڕی بکەنەوە. بەخەلک دەگوترێت لە بنچینەوە خراپ و گونەحبارن وە تاکە ڕێگەی ڕزگاربوونیان ئەوەیە کە کونترۆلی ژیانیان بدەن بەدەست ئایینەوە. لەکاتێکدا کە ئەم قسانە هیچ بنەما و ئەساسی نییە، ئەکرێت بڵێین؛ ئایین تەنها لەبەرئەوە کێشە خەیاڵیەکان دەخوڵقێنن تاکۆ بتوانن ڕێگاچارە خەیاڵیەکانیان بفرۆشنە ئەوان.

ئەو هەست کردن بە داماویە کە لە ژینگەی ئایینی وەریدەگرین وە لەلایەن خودی ئایین داهێنراوە، ڕێگا خۆشکەرە بو سوودوەرگرتنی فێڵبازان و تەڵەبازانی ئایینی لە

خەلکی سادە و بێ هێز. باوەڕە هەڵەکان سەبارەت بە جیهان وەک بەڵێنی هەبوونی پاداشت بۆ ئیمانداران وە هەبوونی ئەشکەنجە بۆ گونەحکاران، دەکرێت ببێتە هۆی دروستبوونی چاوەڕوانی نائۆمێدانە لە ناو ئیمانداران وە لە ئەنجامدا هۆکاری سەرەکی بێ هێزبوونیان دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشە سەرەکیەکانی ژیانیان.

قەبوڵکردنی راستیەکان وە رووبەروو بوونەوە ی راستەوخۆ لەگەل کێشەکان بە گشتی باشترە لەوەی فێڵ لە خۆمان بکەین بە پەنابردن بۆ درۆیەکی هێمن کەرەوە. وەک برتراند راسل لە شوێنێک دەڵێت: «ڕازیبوون وە شادبوون ئەگەر لە بەرەنجامی فێڵ کردن لە خۆمان بێت کورت خایەن دەبێت، بەڵام هەرچەند کە راستی تاڵ بێت هەرباشترە یەکجار بۆ هەمیشە رووبەرووی ببینەوە بۆ ئەوەی لەگەلیدا رابێین وە ژیانمان بەپێی راستیەکان بەرێوە ببەین».

## ئێمە ئازادین لە خولقاندنی پێناسەکانی خۆمان

بەشێک لە جوانی وە سەرسۆڕهێنەر بوونی زیندووبوون، ئازادی لە هەڵبژاردن و دروست کردنی مانایە بۆ ژیان. لە جیاتی چارەنووسێکی لە پێشوەخت دیاریکراو وە یان هەبوونی دەستێکی رێپێشاندەری بەهێز کە ئامانجەکانتان لە ژیان دیار بکات، خۆتان دەتوانن ئازادانە مانا وە بەهای تایبەت بەخۆتان دروست بکەن لە رێگەی هەڵبژاردنی تایبەتی وە دۆزینەوەی رێگای بێ هاوتای خۆتان.

هیچ هێزێکی دەرەکی نییە بۆ سەپاندنی مانا بە رووداوەکانی ژیانتان وە هیچ بەڵگە و دەلیلێکیش نییە کە پێشان بدات کە ئەم رووداوانە خۆیان رێکخستووە بەپێی بەرنامەیەکی خوایی وە چارەنووسێکی دەست نیشان کراو. راستی ئەوەیە کە ژیان لە جەوهەر و زاتی خۆیدا هیچ مانایەکی پێشوەختی دیاریکراوی نییە. بە لەبەرچاو گرتنی فراوانی و گەورەیی گەردوون وە رۆلی بێ بەها و بچووکی ئێمە لەسەری، زۆر گەوجانەیە وابیربکەینەوە کە رۆلێکی گرنگمان هەیە لە جیهان.

نەبوونی مانایەکی دەرەکی لە ژیان دەتوانێت هەستی خۆشی ئازادی بکاتە دیاری بۆمان. لەجیاتی دیل بوون لەناو پەنجەکانی هێزێکی دەرەکی، ئازادین کە گەردوون باشتر بناسین وە بەدوای پرسیارە سەرەکیەکانی ژیان بگەرێین وە چێژ وەربگرین لە خۆشیە سادەکانی ژیان وەک سێکس کردن و نان خواردن. ئێمەی مروڤ ئەتوانین

بەهەڵبژاردنی ئامانجەکانی پربەها، هەوڵدان بۆ باشترکردنی ژیانی کەسانیتر، چێژ وەرگرتن لەو کاتە کورتەی لەبەردەستمانە، دروست کردنی پەیوەندی پۆزەتیڤ لەگەل خەلکانی تر وە خۆشەویستی خێزان و ئازیزانمان بۆ ژیان مانا بخۆلقێنین. هەموو ئەم کارانە وە زۆر کاری تر لەکاتێکدا کە شایانی کات دانانن پێویستیان بە هەبوونی هیچ خوایەک نییە.

# «خەڵکانێکی زۆر لە پێناو خوا و ئایین گیانیان لەدەست داوە، بە دڵنیاییەوە خوا هەیە.»

بە خوێندنەوەی ئایینەکانی جیهان، مێژوویەکی خوێناوی دەبینین. لە نێوان گروپەکانی جۆراوجۆری ئایینی بە بەردەوامی شەڕی ئایینی دروست بووە. «شەهیدەکان» گیانیان لەڕێی باوەڕەکانیان فیدا دەکرد. هەندێک جار مرۆڤەکان بەناوی ئایینەوە ئەشکەنجە دەکران وە دەکوژران وە هەندێک جاریش قوربانی دەکران لەڕێی خوا و خواکان، بۆ هێمن کردنەوەی خواکانی تووڕە.

ئەوەی بە خوێندنی مێژوو بۆمان روون دەبێتەوە ئەوەیە کە مێژوو پێش ئەوەی پێشاندەری بوونی خوا بێت، لایەنی توندوتیژی و خراپی زاتی ئینسانەکان پێشانمان دەدات. راستی ئەمەیە کە هەندێک لە ئینسانەکان هەمیشە ئامادەن ژیانیان لەڕێگەی باوەڕەکانیان فیدا بکەن بەبێ ئەوەی گرنگ بێت کە ئەم باوەڕانە ئایینین یان نە. لەدەست دانی گیان لە ڕێگای ئایین کارەسات و ناخۆشە بەڵام بە هیچ شێوەیەک نیشانەی پشتڕاست کردنی ویستی هیچ خوایەک نییە.

## خەڵك گیان فیدا دەکەن لە پێناو ئەو شتەی باوەڕیان پێیە

ئینسانەکان هەمیشە سەلماندوویانە کە ئامادەن گیانی خۆیان بخەنە مەترسی لە ڕێگەی جۆراوجۆر وەک مانگ گرتن لە خواردن، خۆسووتاندن، بەژداری کردن لە خۆپێشاندانی پر لە توندوتیژی وە...هتد بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی سیاسی یان ئایینی وە یان فەرهەنگی. بەڵام لەڕووی لۆژیکەوە بۆچی دەبێت کەسێک بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە مردن هەڵبژێریت یاخۆد مردن لە پێناو باوەڕەکان پێی ئاسایی بێت؟ بێگومان زۆربەی ئەم جیهان بینیانە لەسەر بنەمای سیستەمەکانی باوەڕمەندبوون داڕێژراون کە لە ناویاندا فیداکردنی گیان شێوەیەکە بۆ بێ بەها کردنی مردن بەرامبەر ئامانج و باوەڕەکان، یان ڕێگەیەکە بۆگەیشتن بە ئامانجەکان لە دەرەوەی ڕێکلام و فێرکردن. زۆرێک لەم جیهان بینیانە ئائینین هەروەک باوەڕهەبوون

بە زیندووبوونەوە کە دەبێتە هۆی بچووک هەژمارکردنی ئازار و ئەشکەنجە لە ژیانی سەرزەوی. هەروەها لەلایەن هەندێک خەلکی سێکولاریش ئەم جیهان بینییە دەکرێت هەبێت وەک ئەو باوەڕە کە تاکەکان دەتوانن بە بەژداربوون لە بزووتنەوەکانی کۆمەڵایەتی، میراتێکی هەمیشەیی لە دوای خۆیان بەجێ بهێلێن.

بیردۆزێک هەیە کە شوێن رەگەکانی ئەم عادەتە باوانە وە یان هەمان پەیوەست کردنی مانای پیرۆز و پربەها بە ئایدیۆلۆژییەکان وە پێشان دانی وێنەیەک لە لاوازی مردن، بە ناوی بیردۆزی بەرێوەبردنی توندوتیژی terror management theory (١). بە پێی ئەم بیردۆزە ئینسانەکان وەک تاکەبوونەوەر کە ئاگایان لە مردنیان هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ترسی بەرهەم هاتوو لەم ئاگاداربوونە هەندێک میکانیزم لەناو مێشکیان دروست دەکەن بۆئەوەی ناچارنەبن بەبەردەوامی لەگەل ئەم ترسە ئیفلیجکەرە بژین. بەم شێوەیە کە ئینسانەکان ئەم جۆرە لە جیهان بینی فەرهەنگی دروست دەکەن تاکۆ لە جیاتی ئەو ترسە، هەست بە گرنگتر بوون وە یان پابەند بوون بە شتێکی هەتاهەتایی بکەن. بەردی بناغەی بیروباوەڕەکانی ئینسانی لەبەر یەک ئامانجی تایبەت مردن پەسەند دەکات ئەویش؛ خۆی بە ئەندامی شتێکی گەورەتر لە خودی خۆی دەبینێت وە وادەزانێت کە مردن لە پێناو باوەڕەکانی رێگای هەمیشە مان و ژیانی هەتاهەتایی دوای مردنە.

ئەم بیردۆزە لەوانەیە روونکردنەوەیەک لەسەر ئەو گرۆپانەن کە تیاندا ئینسانەکانی عاقل و بە لۆژیک ئامادەن بە شێوەی کۆمەڵ خۆیان بکوژن. لە سالی ١٩٧٧ ، ٣٩ کەس لە ئەندامانی سەربەگروپێک بە ناوی دەروازەی بەهەشت the Heaven's Gate بەشێوەی کۆمەڵ خۆکوژیان کرد. ئەوان باوەڕیان وابوو کە بەم شێوەیە روحەکانیان دەتوانن بچێنە ناو یوفۆیەک UFO کە بۆ رزگارکردنیان لە کارەساتێکی پێش بینی کراوی نزیک هاتووە(٢). لە سالەکانی ٨٠ ی زایینیش کەسێک بە ناوی جیم جۆنز Jim Jones خۆی وەک مەسیحی بەڵێن دراو دەناساند وە بووە هۆی خۆکوژی ٩٠٠ کەس(٣). ئەمە کە ئەم خەلکە گیانی خۆیان کردە قوربانی باوەڕەکانیان نابێتە بەڵگەی راست بوونی ئیدیعاکانی دامەزرێنەرانی ئەم گروپانە، بەڵکو تەنها دەتوانێت نیشانەی کاریگەری هەست کردن بە پابەندبوون بە شتێک گەورەتر لە خودی کەس بێت وە هەروەها نیشانەی ئەوەیە کە مردن لە فەلسەفەی ئەم سیستێمە ئایدیۆلۆژییانە زۆر گرنگە.

## ڕاستی شەڕە ئایینییەکان

بەڕوونی دەردەکەوێت کە ئەم ئارەزووی شەهیدبوونە لە ناو ئینسانەکان، فاکتۆرێک بووە بۆ شەڕەکانی ئایینی کە سوودێکی زۆری لێوەرگیراوە. شەڕ دیاردەیەکی ئاڵۆزە وە بەگشتی بۆ ڕوودانی پێشمەرجەکانی زۆر پێویستن. تەنانەت لەوانەیە شەڕەکانی بە ناو پیرۆز holy war بە بیانووی جۆراوجۆری دەرەوەی ئایین بێت وەک تۆڵەسەندنەوە، سیاسەت، داگیرکاری و دەست گرتن بەسەر بەرژەوەندیەکانی وڵاتان وە وڵاتانی دەوروبەر وە .. هتد. بەهەرحال ئایین ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە کۆکردنەوەی شەرکەرەکان وە هاندانیان بۆ شەڕکردن(٤). ئەگەر هۆکاری شەڕ ئیلاهی بێت، کۆکردنەوەی شەڕکەری گیان فیداکەر زۆر ئاسانتر دەبێت. لەوانەیە ئینسانەکان ئامادە نەبن لە پێناو دەستکەوتی ماددی گیانیان بخەنە مەترسی بەڵام ئەگەر بڕوابکەن کە لەڕێگەی شەڕکردن و مردن پلەیان بەرز دەبێتەوە لە ئایدیۆلۆژیەکانیان وە یان بەپێی ویستی خوایەک ڕەفتاردەکەن، ئەوکات مەیلیان زیاتر دەبێت بۆ ئەم کارە. بە هەمان شێوە ئەگەر ئینسانەکان باوەڕیان هەبێت کە مردنی سەرزەوی دەست پێکی ژیانێکی هەمیشەیی وە خوشبەختانەیە ڕازی کردنیان بۆ گیان فیداکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجێک ئاسانتر دەبێت. چونکە بەپێی باوەڕەکانیان مردن کۆتایی ژیان نییە وە لە ڕاستیدا ئیتر مردن بێمانایە. (عند ربهم یرزقون*)

لە شەڕی نێوان دوو ئاییندا، بەلای کەم دەبێت یەکێکیان هەڵە بێت. بە لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە هەر ئایینێک سیستەمی فیکری تایبەت بە خۆی هەیە، مومکین نییە هەردوو ئایینەکە دروست بن. وە لەبەرئەوەی کە هەموو لایەنەکانی ناو شەڕ قوربانیان هەیە، ناتوانین هیچ نیشانەیەک لە چاودێری یان پشتگیری خوا لە یەکێک لە لایەنەکانی شەڕ بدۆزینەوە. ئیماندارانی ئایینەکانی زۆر جیاواز، گیانیان لە سەر باوەڕەکانیان لە دەست داوە. پێناسەی شەهادەت لە ئایینەکانی هیندو، ئیسلام، مەسیحیەت وە ڕێنماییەکانی ئایینەکانی تر هەن وە هەموو ئەم ئایینانە لەسەر ئەوە پێداگیری دەکەن کە تەنها ئەوان ئایینی ڕاستن. مومکین نییە هەموو ئایینەکان ڕاست بن، کەواتە زۆر لە شەهیدەکانی ڕێگای ئەم ئایینانە گیانیان بە بەفیڕۆ داوە. کاتێک ئینسانەکان لە ژێر کاریگەری باوەڕهەبوون بە زیندووبوونەوە وە پاداشتی هەمیشەیی دونیایەکی تر فریو بخۆن ئامادەن کە ژیانیان بەهەدەر بدەن وە گیانیان

بکەنە قوربانی. ئێمەی مروڤ کاتێک هیچ بەڵگە و شایەتێک لەسەر ژیانی دوای مەرگ نییە پێویستە بەهای زۆری ژیانی ئێستای خۆمان وەک تاکە هەڵی بەختەوەری بناسین. بەفێرودانی ئەم ژیانە لەبەرئیددیعا بێ بنەماکان وە ئەفسانەکانی کۆن تراژیدیەکی تەواوە.

## سەرچاوەکان:


1) Routledge, Clay. “Understanding Self-Sacrifice: Suicide as Self-Transcendence.” Psychology Today. January 19, 2011. Accessed September 21, 2014.

2) Zennie, Michael. “New Age Followers Still Waiting for Aliens to Beam Them up 15 Years after Heaven›s Gate Cult Suicides Left 39 People Dead.” Mail Online. March 26, 2012. Accessed September 21, 2014.

3) Hall, John R. “The Apocalypse at Jonestown (with Afterword).” In gods we trust (1981): 269.

4) Suicide Terrorist Database - Flinders University- Australia. Terrorism Research & Analysis Consortium.



# وەرزی حەڤدە

## «بە بەراورد بە ئایینەکان، بێخودایی خەڵکانێکی زۆری بە کوشتن داوە، کەواتە هەڵەیە.»

کاتێک توندۆتیژیەکانی پەسەندکراو وە فەرمانکراو لە ئایینەکانی رەسمی بە بیری ئیمانداران دەهێنینەوە، ئەوان بەپەلە وەڵام دەدەنەوە کە بێ باوەران ئەگەر توندۆتیژتر نەبن لە ئایینەکان، ئەوا باشتریش نین. لە راستیدا هەندێکیان دەڵێن کە بێ باوەڕی رەگی زۆربەی توندۆتیژی و کارەساتە مرووییەکانی ئەم سەردەمە بووە وەک رژیمەکانی ژۆزێف ئێستالین وە مائۆ زدۆنگ. ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئەو بەڵگەیە کە لە وەرزی چووارەم باسمان کرد زۆر یەکدەگرێتەوە؛ رەگی ئەخلاقیات لەبوونی خوا دایە، کەواتە دەوڵەتێکی سێکولار هیچ ئەخلاقیاتێکی نییە.

هەرچەندە ئەم قسەیە دروستە کە ئێستالین وە مائۆ دوو رێبەری دڕندە و گەندەڵ بوون کە دژی ئایینیش بوون، بەڵام ناتوانین بڵێین کارە خراپەکانیان لە بەرهەمی بێخودایی بووە وە یا خود هەموو رەفتار و کردارەکانیان بەگشتی ببەستینەوە بە بێخودایی. هەروەها ئەم بۆچوونە بە تەواوی هەڵەیە کە بەجۆرەک بێخوداکان تەنها بەرپرسی ستەمکاری بزانین. هەموو مێژوو پڕە لەو ئایینانە کە بەرپرسی راستەوخۆی کوشتار و توندۆتیژی بوونە(١). لەگەڵ ئەمەشدا ئەم پەیوەندیە راستەوخووە لەگەڵ رێبەرەکانی ستەمکاری سێکولار بەدینەکراوە. ئەگەر ئەم ستەمکارە سێکولارانە هاوشێوەی شتێک بن، بێگومان هاوشێوەی دەمارگیرەکانی ئایینین، بەم شێوەیە کە خۆیان بە شێوەی خوا لە ئایینی کەسایەتی خۆیان حوکم دەکەن.

### بێخودایی هیچ مەکتەب و بنەمایەکی دیاریکراوی نییە

دەتوانین شوێن پێیەکانی توندوتیژی لەناو رێنماییەکانی ئایینەکانی ئیسلام و مەسیحیەت بدۆزینەوە، لەبەر ئەوەی توندۆتیژی بەشێکی جیانەکراوە لە ئایدیۆلۆژیەکانی ئەم ئایینانەن(٢). ئەگەرچی شەڕ و توندۆتیژی لەژێر ئاڵای خوا هەمیشە بۆ ئامانجەکانی جودا لە ئایین بوونە وەک دەستکەوتنی سەرچاوەکانی

سیاسی وە فراوان کردنی قەڵەمرەو، بەڵام بۆ ئەم مەبەستانە سوود لە ئایین وەرگیراوە بۆ ئەوەی بیانووەک بێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە، وە بۆ ئەوەی مەبەستە راستەقینەکان پەردە پۆش بکات وە بە پیرۆز پێشان بدات وە خەلک هانبدات بۆ شەڕکردن لەکاتێکدا کە ئەگەر وا نەبوایە کەس ئامادە نەدەبوو ژیانی بۆ ئامانجی ماددی بخاتە مەترسی (٣). ئینسانەکان لە سەرتاسەری مێژوو بە ناوی ئایین شەهید و قوربانی بوونە وە شەڕەکانی پیرۆز بەپێی بنەمای ئەم ئایینانە روویان داوە.

بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەم راستیە سادەیە لە بێخودایی ئایین نییە، ئیتر ناکرێت سەبارەت بە بێخوداییش هەمان شت بگووترێت. بێخودای واتە باوەڕنەبوون بە خوا. باوەڕنەبوون بە خوا بە هێچ شێوەیەک خاوەنی بنەماکانی دەمارگیری دەسەڵات، یان کتێبی یاساکان وە ئایدۆلۆژی ناوەندی نییە. بەراورد کردنی ئایین و بێخودایی وەک بەراوردکردنی سێو و پورتەقالە. بە سوودتر دەبێت ئەگەر بێخودایی لەگەل خواپەرەستی یا هەمان باوەڕ بەخواهەبوون بەراورد بکرێت. هەرچەند هەندێک لە خواپەرەستان باوەڕەکانیان توندڕەوی تێدایە بەڵام باوەڕهەبوون بە خوا بە تەنها ناتوانێت بەس بێت بۆ روودانی شەڕ و توندۆتیژی. چەند شەڕ رووداوە تەنها لەبەر خواپەرەستی؟ بۆ روودانی شەڕ سەڕەرای باوەرهەبوون بە خوا، پێویستە باوەڕەکانی دەمارگیرانەش هەبێت.

هیچ کەسێک تەنها بەهۆی خواپەرەستی یا بێخودایی دەستی نەکردووە بە کوشتنی بە کۆمەڵی خەلک. بۆ روودانی ئەم کارەساتانە پێویستە بنەما دۆگماتیکەکان هەبن. بۆ خواپەرەستەکان، ئایینەکانی وەک مەسیحیەت یان ئیسلام ئەم باوەڕە دەمارگیرانانە بەرهەم دەهێنێن وە بەم رێگایە بیانووی هەرکارێک دەدرێتە دەست باوەڕداران. رژیمە تۆتالیتەرە سێکۆلارەکان وە ئایینەکان لەم شتەدا هاوبەشیان هەیە؛ باوەڕهەبوون بەوەی کە کۆمەڵێک ئایدیۆلۆژی درۆستن، چونکە دەسەڵاتدارەکان پشتڕاستیان دەکەنەوە وە لەگەڵ ژێر پرسیاربردنی ئەم باوەڕانە لەوانەیە ئاکامێکی پرمەترسی وە تەنانەت کارەساتی لە دواوە هەبێت.

کەواتە ئەم قسەیە لۆژیکیانە نییە کە بێخوودایی توندوتیژی زیاد دەکات یان پەسەندی دەکات وە یان دەسەڵاتدارەکانی ستەمکار لە ژێر کاریگەری بێخوداییەوە دەستیان بە خوێنی خەلکی بێتاوان سوڕکردووە. نەئەم کارە خراپانە وە نەهیچ کارێکی

تری باش یا خراپ بەگشتی نابێت ببەسترێتەوە بە بێخودایی، وە لەڕاستیدا لەوانەیە دوو بێخودا بێجگە لە باوەڕنەبوون بە خوا کە تاکە خاڵی هاوبەشی هەموو بێخوداکانە، هیچ بۆچوون و بیرۆکەیەکی تر هاوشێوەیان نەبێت.

ئەمە واتای ئەمەیە کە لەوانەیە هەندێک لە بێخوداکان بێ بەزەیین ، دڵ ڕەقن وە یان توندوتیژی بەکار دەهێنن بەڵام زۆر لە بێخوداکانیش هەن میهرەبان و خوێن گەرم و ئارامن. دەکرێت بێخوداکان کەسایەتی جۆراوجۆریان هەبێت. بۆ نموونە؛ هەندێک کەس حەزیان لە یاری گۆڵف نەبێت وە لەناویان دا چەند کەسێک هەبن کە ڕەفتاری خراپیان هەبووە، لەوکاتە ئەمە نابێتە بەڵگەی ئەوە کە ئەوەی حەزی لە یاری گۆڵف نەبێت کەسێکی خراپە وە یان ئەوەی حەزی لە یاری گۆڵفە کەسێکی باشە. ناکرێت ڕەخنە لە گشت بێخوداکان بگیرێت تەنها لەبەر هەڵسوکەوتە خراپەکانی چەند کەسێکی تایبەتی بێخودا. ئەگەر هەوڵ بدەن کە بڕیارتان سەبارەت بەخوا لەسەر بنەمای ڕەفتارەکانی تایبەتی بێخودایەک کە دەناسن بدەن، دەبێت بزانن کە لێکدانەوەیەکی ناتەواو و هەڵەتان بەکار هێناوە. هەروەها کەس ناتوانێت بڵێت هەموو باوەڕداران دڵ ڕەق و خراپن بەڵام بێگومان تندوتیژی و شەڕکردن لە قووڵایی تانوپۆی زۆر لە ئایدیۆلۆژیە ئایینەکان تەنیوە.

کەواتە بۆچوونەکانمان سەبارەت بەخوا وە یان هەرباوەڕێکی ئایینی تر پێویستە لەسەر بنەمای ئەو بەڵگانە تاقیبکرێنەوە کە بۆ ئەم جۆرە بانگەشانە پێشکەش دەکرێت وە نەک بەپێی ڕەفتارەکانی کەسانێک کە لەوانەیە تەنانەت ئەم جۆرە باوەڕانە قەبوڵ بکەن یان نە.

## ئایینی کەسی

ئەمە ڕاستە کە ڕژیمەکانی ستەمکار و شیوعی وەک مائۆ وە ئیستالین دژی ئایین بوون وە لەژێر دەسەلاتی ئەمانە ڕێ لە باوەڕەئایینییەکان دەگیرا وە سزادەدران، بەڵام ئەم کردەوەیانە پێش ئەوەی پەیوەندی بە بێخودایی هەبێت لەبەر ئەوە ئەنجام دراون چونکە ئایینەکان وەک ڕکابەری بەهێز و مەترسیدار هەژماردەکران بۆ پلانەکانی ستەمکاری ئەم دەسەڵاتدارانە. ڕژیمەکانی تۆتالیتەر لەسەر ستوونی ترس و دەمارگیری بینا دەکرێن نەک لەسەر ئەساسی ئازادیەکانی تاک بەتایبەتی ئازادی قسەکردن و پرسیارکردن،

وە بەم شێوەیە لە زۆر رووەوە هاوشێوەی سیستەمە ئایینییەکانن. بە واتایەکی تر ئەم رێبەرە دیکتاتۆرانە دەبنە دامەزرێنەری جۆرێک لە ئایین وە خۆیان لەسەر تەختی دەسەڵات وەک خوایەکی نوێ رەفتار دەکەن. وەک سەم هەریسSam Harris کە دەڵێت: «کێشەی شیوعیەت وە فاشیزم رەخنەگرتنی رادەبەدەر لە ئایینەکان نییە، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە بە شێوەیەکی رادەبەدەر هاوشێوەی ئایینەکانن».

ئەم ئایینە تایبەتیانە لە بێ باوەڕیەوە دروست نەبوونە وە وتنی ئەم قسەیە کە کردەوەکانیان بەهۆی بێخوودابوونیان بووە کەمێک گەمژەییانەوە. لە راستیدا زۆرێک لە وڵاتانی بێ ئایین وە ئازاد وەک دانیماک و سوئید (٤) لە نێوان ئارامترین وە پێشکەوتووترین وڵاتەکانی جیهانن (٥). لەگەڵ ئەوەشدا لێرە مەبەست ئەوە نییە بڵێین کە بێخودایی بەدڵنیاییەوە هۆکاری شادبوون و پێشکەوتنی زیاتری وڵاتانە بەڵام ئەوەی کە روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە توندۆتیژیەکان وە جینوسایدەکان بەرەنجامی خودی بێخودایی نین، هەر وەک ئایین کە زامنی پێشکەوتن و ئاشتی خوازی هیچ قەومێک نییە.

ئایینەکانی جیهان یاسا و کتێبە پیرۆزەکانی خۆیان هەیە کە بەپێی ئەوان راست و هەڵە وە چۆنییەتی رەفتارکردن بۆ پەیرەوانیان دیاردەکەن وە لەبەر ئەمەش مەعقولە کە ئایینێک بە بەرپرسی رێنمایی و ئامۆژگارییەکانیان بزانین. لە بەرامبەردا بێخودایی نەدەقی هەیە وەک دەقە ئایینییەکان وە نە سەرچاوە، نە رێوەڕەسمی هەیە وە نە هیچ بنەمایەک، نە رێگایەکی هەیە وە نە هیچ رێنماییەک وە نە بەرنامەی کردارەکان وە نە هیچ رێبەر و کەسی پیرۆزیشی هەیە. بەهەرحال دەکرێت ئایینێک یان پەیرەوانی ئایینێک لە سەر بنەمای ئامۆژگاری و رێنماییەکانی ئایینەکە هەڵبسەنگێنین، بەڵام ناتوانین بێخودایی بەرپرسی کردارەکانی هەندێک بێخودا بزانین چونکە بێخودایی هیچ فەلسەفە و دۆکتۆرینێکی تایبەتی خوی نییە.

## سەرچاوەکان:

1) Hitchens, Christopher. God is not great: How religion poisons everything. Random House LLC, 2008.
2) Ellens, J. Harold. The Destructive Power of Religion: Violence in

Judaism, Christianity, and Islam. Westport, Conn.: Praeger, 2003.
3) Juergensmeyer, Mark. Terror in the Mind of God: The Global Rise of Religious Violence. Vol. 13. Univ of California Press, 2003.
4) Zuckerman, Phil. "Atheism: Contemporary Numbers and Patterns." In The Cambridge Companion to Atheism (Cambridge Companions to Philosophy). New York: Cambridge University Press, 2007.
5) State of Global Well Being. Gallup, 2013.



## وەرزی هەژدە

# «کاتێک پێویستت بە خوا هەبێت ئەوکات باوەڕی پێ دەهێنی.»

بەپێی باوەڕێکی باو و گشتی کە لای زۆر لە باوەڕداران هەیە، کاتێک بێخوداکان دەکەونە ژێر فیشارێکی زۆری دەروونی لەکۆتاییدا پەنا بۆ خوا دەبەن. هەندێک رستەی دووبارە هەن بۆ ئەم دیاردەیە وەک: «هیچ بێخودایەک لە ناو سەنگەردا بێخودا نییە» یان «لە کاتێکدا کە تەیارە خەریکی کەوتنە خوارەوەیە هیچ بێخودایەک ئیتر بێخودا نامێنیت». بیروکەی پشت ئەم قسانە ئەوەیە کە تائەوکاتەی ژیان بەدڵی تو دەچێتە پێشەوە بێخودابوون ئاسانە بەڵام کە رووبەڕووی ئەزموونێکی سەخت و ناخۆش دەبی ئەوکات باوەڕ بە خوا دەهێنی یان بەلای کەم ئارەزوو دەکەیت خوایەک هەبێت.

هەرچەند لەوانەیە لەناو هەندێک کەس حالەتی واڕووبدات، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەمە شتێکی گشتگیر نییە لەناو بێخوداکاندا. سەرەڕای ئەوەشدا، بوونی دیاردەی «هەڵگەڕانەوە لە پێش مردن» deathbed conversions وە ئەزموونەکانی هاوشێوە بەڵگەنین لەسەر بوونی خوا بەڵکو تەنها نیشانەی ئەم راستیەیە کە ئینسانەکان لە کاتی ترس و ژاندا یان لەکاتی خەیالاوی بووندا بێ ئەندازە نالۆژیک دەبن.

ترس لە مردن لەوانەیە هۆکارێکی سەرەکی بێت بۆئەوەی هەندێک کەس لەناچاریەوە وە بۆ هەبوونی کەمێک ئارامی دەروون وە یان بۆ کەمکردنەوەی دڵەراوکی زۆر، باوەڕە نامەعقول و نالۆژیکیەکان قەبوڵ دەکەن. هەموومان وەک ئینسان لە ژیان هەستەکانی بنچینەیی وە هاوشێوەمان دێتە پێش، وە لەم رووەوە پێویستی بە سەرچاوەیەکی ئارامکەرەوە شیاوی تێگەیشتنە. کەواتە ئەم داماویە بۆ خوا نییە بەڵکو داماویەکە بۆ گەیشتن بە ئارامی دەروون وە کەم کردنی نیگەرانییەکان.

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە کە ترس ئینسانەکان بۆ لای خوا رادەکێشێت تەنها یەک مانای هەیە: بانگەشە ئایینییەکان بە شێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای ترس دامەزراون وە هیچ نیشانەیەک لە لۆژیک و بەڵگەی هەست پێکراو لەم بانگەشانە بەدی ناکرێت. لە بنەڕەتدا خواپەرەستان بەم جۆرە لێکدانەوە و قسانە بەجۆرێک

ناراستەوخۆ نالۆژیک بوونی خۆیان ئاشکرا دەکەن.

## ئایا بە راستی لە سەنگەرەکان هیچ کەسێك بێ خودا نییە؟

زۆربەی بێخوداکان لە رێگەی گفتوگۆی لۆژیکی وە بیرکردنەوە و خوێندنی زۆر باوەڕیان بە خوا لە دەست داوە، زۆر ئەستەمە ئەم جۆرە بۆچوونانە بەشێوەیەکی کتوپڕ بگۆڕدرێن. باوەرهێنانەوە بە خوا لەلایەن بێخودایەک بەشێوەی کتوپڕ وەک باوەرهێنانی کەسێکی پێگەیشتووە بە بوونی بابانوئێل. سەبارەت بە بێخوداکان تەنها شتێک کە دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕینی بۆچوونیان سەبارەت بەبوونی خوا، بەڵگە و نیشانەی لۆژیکی و راست و زانستین لە سەر بوونی خوا نەک لە ژێر کاریگەری حالەتێکی هەستی کە بەهۆی فیشاری دەروونی، مردن وە یان کارەساتێک دروست بووە.

حەوت ساڵ دوای مردنی زانای گەردووناس وە پێشکەشکاری بەناوبانگی بەرنامەکانی زانستی کارل سیگان Carl Sagan، خێزانەکەی ئەن درویان Ann Druyan سەبارەت بە ئەو وت:

«کاتێک کە هاوسەرەکەم مرد، بەهۆی ناوبانگی وەک بێخودا، زۆر خەلک دەهاتنە لای من وە پرسیاریان دەکرد ئایا کارل لە دواساتەکانی ژیانی هیچ گۆڕانکاری بەسەر باوەڕەکانی هات وە ئایا باوەڕی بە ژیانی دوای مردن هێنا؟ ئەوان هەروەها بە بەردەوامی دەیانپرسی ئایا پێم وایە دوبارە دەیبینمەوە؟

کارل بە ئازایەتیەکی بێ وێنە رووبەڕووی مردن بووە وە هیچ کات لە خەیاڵەکان لەدوای شوێنێک بۆ پەنابردن نەگەڕا. تراژیدیەکە ئەوەبوو کە دەمانزانی دوای مردن ئیتر هەرگیز یەکتر نابینینەوە. هیچ کات چاوەڕوانی ئەوەم نەکردووە لە دوبارە لەگەڵی دەبم، بەڵام ئەوەی بەلای من زۆر بە نرخە ئەوەیە کە لە ماوەی بیست ساڵ ژیانی هاوبەشمان بە جۆرێک ژیاین کە بە روونی سوپاسگوزاری ئەم دەرفەتە کورت و پربەهایەی ژیان بین. ئێمە هیچ کات مردنمان بچووک نەکردەوە بەم باوەڕە کە مردن شتێک بێت بێجگە لە جودایی کۆتایی. هەموو ئەو ساتانەی ژیاین وە پێکەوە بووین بۆمان وەک موعجیزە وابوو. موعجیزە نەک بەواتای شتێکی دەرەوەی سروشت یان شتێک کە قابیلی تێگەیشتن بێت. شێوەی رەفتاری کارل لەگەڵ من وە

ڕەفتاری من لەگەڵ ئەو، بەو جۆرەی ئێمە چاودێری خۆمان و خێزانەکەمان دەکرد، تا ئەو کاتەی زیندوو بوو وەک موعجیزە بوو. بۆ من ئەمانە زۆر گرنگترن لە بینینی دوبارەی ئەو. من بڕوا ناکەم دوبارە یەکتر ببینینەوە، بەڵام ئیمە یەکترمان بینی، ئێمە یەکترمان لە ناو کاکێشانەکاندا دۆزیەوە وە ئەمە سەرسوڕهێنەر بوو(١).

ڕۆژنامەنوس و ڕەخنەگری ئەدەبی کریستۆفر هیچن Christopher Hitchens پێش مردنی لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤیزیونی لەگەل ئەندەرسۆن کوپەر Anderson Cooper لە کەنالی CNN گووتی کە ئەگەر گەڕانەوەی پێش گیان دان بۆی ڕوو‌بدات ئەوە بەهۆی وەهمەوە دەبێت. هەروەها وتی لەوانەیە لە دواساتەکانی پێش مردن کۆنترولی مێشک لە دەستی خۆیدا نەمینیت وە بەجیاواز ڕەفتاربکات بەڵام لەوەی دڵنیابن کە مێشکم هەر ڕەفتارێکی هەبێت نوێنەر کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆم نابێت.

کوپەر: کاتێک لەساتێکدا گومان دەکەیت، خوا پەیدا نابێت؟ .. چونکە بۆمن زۆر سەرنجراکێشە کە تەنانەت لەو کاتەی کە بە تەنیای وە هیچ کەسێک سەیرت ناکات، لەوانەیە لە ساتێکدا بتەوێت باوەڕ بە خوا بهێنی وە ڕێگری لە زەرەری زیاتر بکەیت.

هیچنز: ئەگەر وام لێبێت واتای ئەوەیە کە زۆر نەخۆشم. لەوانەیە هۆش و ئاگام لەدەست دابێت بەهۆی دەرمانەکان و ئێشەکان وە ئاگام لەو شتە نییە کە دەیڵێم. ئەوانە پێت دەڵێم لەبەرئەوەی ئەگەر دوای مردنم هەندێک پروپاگەندەی وات گوێ لێبوو بە واتای باوەڕهێنانی من نییە، چونکە بەهەرحال ئەم شتانە زۆر ڕوودەدەن وە ئیمانداران حەزیان لە بەڵاوکردنی ئەم پرۆپاگەندانەیە. ئەزانی من ناتوانم بڵێم ئەوەی ئەوکات لەوێیە من نیم وە یان کارەکی وا ناشیرین ئەنجام نادەم، بەڵام هەر ئەوەندەت پێ دەڵێم تاکاتێک کە من خاوەنی عەقلی سەلیم بم هەرگیز. من زۆر دڵنیام لەم بابەتە.

کوپەر: کەواتە ئەگەر چیرۆکێک باس بکرێت لەکاتی مردنت...

هیچنز: باوەڕ مەکە. پشت گوێت بخە(٢).

زانای زیندەوەرزانی وە چالاکوانی بێخودایی ریچارد داوکینز Richard Dawkins لە چاوپێکەوتنێک لەگەل بیل ماهێر Bill Maher دەڵێت:

«کاتێک بزانم مردنم نزیکە، ئامێریکی دەنگ تۆمارکردن لە تەنیشت خۆم دادەنێم. چونکە کەسانی وەک من دەبنە قوربانی پروپاگەندە و چیرۆکی ناڕاستی خەلکانی نەیار، ئەوان دەڵێن کە پێش مردنیان باوەڕیان هێنا و پاڕانەوە، لەکاتێکدا کە ئەمە دروست نییە»(٣).

## ئەو مێشکەی خەریکی مردنە، جێی متمانە نییە

کاتێک مێشک رووبەڕووی فیشاری دەروونی زۆر، ژان، لەدەست دانی خوێن، کاریگەری دەرمانەکان وە هۆکارەکانی تر دەبێتەوە، رەفتارێکی جیاواز لە حالەتی ئاسایی لە خۆی پێشان دەدات. بۆنموونە زۆر لە نەخۆشەکان دوای ئەوەی لە ژووری نەشتەرگەری دێنەدەرەوە وە هێشتا لەژێر کاریگەری دەرمانی بێ هۆشین، قسەی بێمانادەکەن، لەوانەیە باوەڕبکەن کە دوختورەکەیان دەیەوێت بیانکوژێت یان هەندێک شت دەبینن کە بوونیان نییە(٤). ئەم راستیە کە هەندێک لەو وەهمانە پێکهاتەی ئایینییان هەیە سەیرنییە. ئەفسانەکانی ئایینی لە هەموو شوێنێک هەن وە زۆربەی ئینسانەکان هەر لە منالّیەوە لەژێر کاریگەری ئایینەکان گەورە دەبن. چیرۆکەکانی بەم جۆرە دەکرێت بەئاسانی لە ئاستی ناوشیاری مێشکەوە وە بەبێ گوێدان بە باوەڕە لۆژیکیەکان و وشیاری کەسەکە، خۆیان دەربخەن.

خواپەرەستان پێداگیری لەوەی دەکەن کە فراوان بوون وە بەربڵاوی ئایینەکان لەجیهان دەبێت وەک بەڵگەی بوونی مەیلێکی گشتگیری جیهانی بۆ باوەڕهەبوون بەخوا بناسرێتەوە. بەڵام راستی زۆر ئاڵۆزترە لەمە، وە بێ گومان تێکەڵاوبوون لەگەڵ فەرهەنگەکان رولێکی زۆر گرنگی بینەوە. هەروەها پێکهاتەی مێشکی مرۆڤیش لەم بابەتە رۆلی خۆی هەیە بەم جۆرە کە مێشک نموونەکان لە ناو دەنگەکانی بە رێکەوت دەدۆزێتەوە بە پەیوەست کردنی هۆکارەکان بە رووداوەکانی بێ هۆ، هەول ئەدات روونکردنەوەیەک بۆیان پەیدا بکات(٥). ئینسانەکان خاوەن ئارەزوو و پاڵنەرەکانی سروشتی فراوانن بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە پێویستە هەموویان قەبوڵ بکرێت. جێگای سەرسوڕمان نییە کە مێشکی ئێمە هاوشێوەی یەکتر ئیش دەکات. مەیلی ئێمە بۆ باوەڕ هەبوون خوایەکی گەورە، پێش ئەوەی پەیوەست بێت بە بابەتی بوونی خوا، زیاتر دەبێتە هۆی ئاشنابوون لەگەڵ پێکهاتەی مێشکی ئێمە

وە مەیلی سروشتی ئینسانەکان بۆ تێگەیشتنی جیهانی دەوروبەر، هەرچەندە لەوانەیە ئەم تێگەیشتنە هەستیە بەپێی بەڵگەکانی قابیلی سەلماندن بێت یاخۆد بەپێی باوەڕە دەمارگیرەکانی کۆن بێت.

## ئیمان هیچ کاریگەریەك لەسەر راستییەکان نییە

هەروەک چەندین جار باسی ئەم بابەتەکرا، باوەڕهەبوون بە شتێک نابێتە بەڵگەی راست بوونی شتەکە. گوڕینی بۆچوونی کەسێک لەسەربوونی خوا، ئەگەری راست بوونی بانگەشە ئایینییەکان بەهیچ شێوەیەک زیادناکات. پێداگیری کردن لەسەر ئەمە کە بێخوداکان لە کۆتاساتەکانی پێش مردن باوەڕ بەخوا دەهێنێن وە یان ئەم قسەیە کە بۆچوونەکانی خەلک لە کاتەکانی کارەسات یا قەیران هەڵدەوەشێنەوە، زۆر نابەجێ و بێ مانایە.

هیچ کەس نابێت لە باری نائاسایی خۆی لە کاتی نەخۆشی یان دواساتەکانی پێش مردن وە یان گەڕانەوە لەباوەڕ لە حالەتەکانی قەیران شەرم بکاتەوە، چونکە ئێمەی مروڤ کاتێک لەژێر فیشارێکی زۆری دەروونی یا هەرەشە داین لەوانەیە کۆنترولی مێشکمان لە دەست بدەین وە ئەگەر لەکاتی رووبەروو بوونەوە لەگەل مردن، نەخۆشی وە یان کارەساتێک شتێکی سەیرمان وت وە یان کارێکی نائاساییمان کرد، نابێت لەسەر بۆچوونەکانمان هەژمار بکرێت. سەرەڕای ئەمانەش بەکارهێنانی بە مەبەست لە رەفتارەکانی کەسێک کە بەهۆی کارەساتێک یا حالەتێکی تایبەت لاواز بووە، بۆ بڵاوکردنەوەی ئامانجێکی ئایینی، دوور لە ئەخلاقە.

## سەرچاوەکان:

1) Druyan, Ann. “Ann Druyan Talks About Science, Religion, Wonder, Awe... and Carl Sagan.” Skeptical Inquirer 27, no. 6 (2003): 25-30.
2) Christopher Hitchens. “Author Hitchens Talks Cancer and God.” CNN. August 5, 2010. Accessed September 25, 2014.
3) Richard Dawkins. “Real Time with Bill Maher.” New York, NY: HBO. April 11, 2008.

4) Dobson, Roger. "How Having an Operation Can Send You Delirious: Terrifying Post-surgery Hallucinations Strike up to Half of the Over-65s." Mail Online. September 10, 2012. Accessed September 25, 2014.
5) Shermer, Michael. The Believing Brain: From Ghosts and Gods to Politics and Conspiracies – How We Construct Beliefs and Reinforce Them as Truths. St. Martin›s Griffin, 2012.

## وەرزی نۆزدە

# «مروڤە ژیرەکان و هەندێك زانای بە ناوبانگ وەك فلان زانا ئیمانیان بەخوا هەبووە، کەواتە دەبێت خوا هەبێت.»

هەندێک لە خواباوەڕان کاتێک کە ڕەخنە لە ئایینەکانیان دەگیرێت، ئەم ڕستەیە وەک هێلی پێشەوەی بەرگری بەکار دەهێنین: «فلان کەس زۆر زیرەکتر و عاقلترە لە من وە باوەڕی بە خوا هەیە، ئیتر من کێم کە بۆچوونەکەی ڕەتبکەمەوە؟» ئەمە مەیلێکی سروشتیە کە خەلک بۆچوونەکانی بەرپرسەکانیان زیاتر پەسەند بکەن لە خەلکی ئاسایی. ئێمە هەر لە منداڵیەوە بەم شێوەیە رادەهینرێین کە دەبێت ڕێز لە بەرپرسەکان وە گەورەکان بگرین. ئێمە فێر دەکرێین کە باوک و دایکمان زیاتر لە ئێمە تێدەگەن وە پێویستە هەمیشە گوێڕایەلیان بین. لە قوتابخانە فێردەکرێین گوێڕایەلی ماموستاکانمان بین. یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی باش بەرێوەچوونی کۆمەڵگا متمانە و پشت بەستنی خەلکە بە بەرپرسەکان چونکە زانیاریان زۆرترە(١).

بێگومان متمانەکردن بە بەرپرسەکان تا رادەیەک پێویستە چونکە بە هەرحال ماموستاکان وە دایک و باوکان لە چاودێری کردنی منداڵان باشتر لەخۆیان تێدەگەن وە بێگومان تەنها کاتێک دیسپلین و یاسا لە وڵاتێک جێگر دەبێت کە هاوڵاتیان ڕێز لە تواناییەکان و ڕێنماییەکانی پۆلیس و دەسەڵاتداران بگرن. سەرەرای ئەمانەش مەیلی سروشتی قەبوڵکردنی ئەو شتانەی پێمان دەگوترێت لەوانەیە ببێتە هۆی جۆرێک لە تەمەڵی مێشکی مروڤ، بەڕادەیەک کە ئیتر خەلک زەحمەتی بیرکردنەوە وە بڕیاردان لە بارەی ژیانیان نەدەن بە خۆیان وە یاخۆد لە بیروبۆچوونەکان و باوەڕەکان و ئیدیعاکان ورد نەبنەوە وە بەئاسانی پەسەندیان بکەن.

هەمووکات پسپۆرەکان ڕاست نین. تەنانەت ئینسانەکانی بلیمەتیش تووشی هەڵە دەبن وە بۆیە ئەگەری هەبوونی باوەڕی هەڵە سەبارەت بەخوا لەناو ئەوانیش هەیە. ئەندازەی زۆری زیرەکی و بەمێشک بوونی کەسێک بەڵگەی ڕاست بوونی قسەکانی

نییە. دەکرێت کەسێکی زۆر زیرەک لە لێکدانەوەی نیشانە و بەڵگەکانی سروشتی لاواز بێت وە پەیڕەوی لە باوەڕەکانی هەڵە بکات.

## مرۆڤە ژیرەکانیش تووشی هەڵە دەبن

هەندێک جار ئێمە زیرەک بوون لەگەڵ زانا بوون تێکەڵ دەکەین. کاتێک بە کەسێک دەگوترێت بەمێشک و زیرەک کە لەرێگەی هۆشەوە زانیاریەکان بە خێرا شی دەکاتەوە، لەکاتێکدا کە زانیاری و باوەڕەکەی دەکرێت هیچ پەیوەندی بە هۆشەکەی نەبێت. بەپێچەوانەوە دەکرێت کەسی زیرەک کۆمەڵێک بەڵگەی ئالۆز بۆ بەرگری کردن لە باوەڕەکەی بخاتە روو، تەنانەت ئەگەر باوەڕەکانی هەڵە بن. بۆ نموونە سێر ئارتور کۆنان دۆیل Sir Arthur Conan Doyle کە زانای فیزیا و نووسەری چیرۆکە بەناوبانگەکانی شێرلۆک هۆلمز بووە، باوەڕی بە هەبوونی پەری هەبووە. مێژووناسی زانست مایکل شێرمر دەنووسێت: «ئینسانەکانی زیرەک هەندێک جار باوەڕیان بە شتی سەرسوڕهێنەر هەیە، چونکە ئەوان لە پێشاندانی باوەڕە بێ بنەماکانیان بە شێوەی لۆژیکیانە، بەهێزترن لە کەسانی تر.»

## پشت بەستن بە دەسەڵات (Appeal to authority)

«پشت بەستن بە دەسەڵات» بەهەڵەدابردنێکی لۆژیکە کە بەگشتی بەم شێوەیە دەگووترێت:

کەسێک بە ناوی A سەبارەت بە بابەتی Z پسپۆرە.

A سەبارەت بە Z گووتی X.

کەواتە X راستە.

ئەمە بەهەڵەدابردنە چونکە بۆچوون یان ئەنجامی بەدەست هاتوو لە لایەن کەسی A لە راستیدا هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر راستی وە بۆچوونەکانی پسپۆرەکان هەمیشە ١٠٠٪ راست نین(٢). هەرچەندە بۆچوون یا تەفسیری کەسێکی پسپۆر لە بوارێکدا بە شێوەیەکی گشتی لە خەلکی ئاسایی زیاتر جێگای متمانەن وە نزیکترە لەڕاستی، چونکە هیچ نەبێت ماوەیەکی درێژ لێکۆڵینەوەی کردووە لەسەر بابەتەکە، بەڵام لەگەل ئەوەشدا تەنها لەبەر ئەوەی کەسێک پسپۆرە لە بابەتێکی تایبەت

نابێتە بەڵگەی پەسەندکردنی بۆچوونەکانی بەچاوی داخراو. پسپۆڕبوونی کەسێک ئەمە ناگەیینێت کەبۆچوونەکان ولێکدانەوەکانی کەسێک خۆی لە خۆیدا متمانەی زیاتری هەبێت، چونکە پسپۆڕەکانیش وەک هەموو ئینسانەکان لەوانەیە هەڵە بکەن.

بە واتایەکی سادە، راستیەک تەنها لەبەر ئەوەی کەسێک وادەڵێت راست نییە. ئەگەری راست بوونی دۆزینەوە گرنگەکانی زانستی کاتێک پەسەند دەکرێن کە بتوانرێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەلایەن کەسانی تر تاقی بکرێنەوە وە پشتڕاست بکرێنەوە. واتە سەرچاوەیەکی زانستی کاتێک پەسەندە کە زاناکان بتوانن بەپێی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکان، راپۆرتێکی پوخت و ورد فەراهەم بکەن.

کەواتە پشت گوێ خستنی بەڵگەکان بۆ رەتکردنەوە ویان پشتڕاست کردنی بابەتێک وە پەسەندکردنی بانگەشەیەک تەنها لەبەر ئەوەی پسپۆڕێک دەڵێت وە پشتڕاستی ئەکات، دژ بە «رێگەی زانستی»یە scientific method. لێرەدا مەبەست لە ئاماژەکردن بەو بەهەڵەدابردنە بێ نرخ کردنی باوەڕەکان و ئەنجامە بەدەست هاتووەکانی پسپۆڕەکان بەگشتی نییە. بەلام هەرکاتێک کە دروستی وە راست بوونی ئیددیعایەک تەنها پشت ببەستێت بە کەسێک یا خۆد لایەنی ئیددیعاکەر، ئەوا بەدڵنیاییەوە پێویستە بەهەڵەدابردنی لۆژیکی بەبیر بهێنرێتەوە.

ئەگەر پسپۆڕێک هیج بەڵگەیەکی پێی نەبێت بۆ پشتڕاستکردنی ئیددیعاکەی وە یان ئەگەر ئیددیعایەکەی قابیلی تاقیکردنەوە وە لێکۆڵینەوە نەبێت، نابێت متمانەیەکی زیاتر بدرێت بەو بۆچوونە لە بۆچوونی هەر ئینسانەکی ئاسایی دیکە.

## بێ خودایی، خویندەواری وە ئەقل

باوەڕهەبوون تەنها پەیوەندی بەهۆش و عەقلەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە زانیاریەکانی بەردەست کەسێک وە چۆنییەتی تەفسیرکردن و بەکارهێنانی ئەم زانیاریانە. بێخودایی بەگشتی کاتێک دەردەکەوێت کە کەسێک کۆمەڵێک پرسیاری زۆر مەعقول لەخۆی دەکات وە رەخنەکانی سەر باوەرەکەی دەناسێتەوە. بەڵام ئەو کەسەی هیچ کات بیری بۆلای ئەم گۆمانانە نەچووە وە هیچ کاتێک بۆی رێکنەکەوتووە کە باوەڕەکانی خۆی بباتە ژێر پرسیارەوە، جودا لە ئەندازەی هۆش و زیرەکی، لەوانەیە هەرگیزیش بیر لە بێخودانی نەکاتەوە. بەم شێوەیە نابێت باوەڕهەبوون بە خوا بە

نیشانەی نەزانینی کەسێک لەقەڵەم بدرێت.

بەدڵنیاییەوە نکۆڵی لەوەی ناکرێت کە بە درێژایی مێژوو ئینسانەکانی زۆر بلیمەت و زیرەک ژیاون کە باوەڕیان بە خوا هەبووە. لەگەڵ ئەمەشدا روون و ئاشکرایە کە ئامارەکان بە گشتی ئاماژە بە هەبوونی پەیوەندیەکی راستەخۆ لەنێوان هۆش و بێخودایی دەکەن(٣). هەرچەند ئەم بابەتە بەستراوە بەکۆمەڵێک هۆکارەوە وە تاڕادەیەک گرێدراوی هەڵومەرجەکانی کۆمەڵایەتی- ئابوریە وە بەشێوەیەکی گشتی بەرەنجامی ئاست بەرزی هۆش نییە. سەرەڕای ئەمەش وێنا کردنی ئەم راستیە زۆر قورس نییە؛ زۆربەی بێخوداکان لەرێگەی گومانکردن وە بیرکردنەوەی رەخنەگرانە گەیشتوونەتە ئەم شوێنە وە بێگومان ئەمەش پەیوەستە بە ئاست بەرزی هۆشەوە. تاقیکردنەوەی رەخنەگرانەی بانگەشەکانی ئایینی ئەم دەرفەتە دەرەخسێنێن کە تاک بتوانێت لە ناوەڕوکی ئەم بانگەشانە ورد ببێتەوە وە لەگەڵ بەهەڵەدابردنەکانی جەوهەری ئەم بانگەشانە زیاتر ئاشنا ببێت، بۆیە لەوانەیە هەر بەم هۆیەوە بێت کە بێخودایی لە نێوان زاناکان باوترە لە خەلکانی ئاسایی(٤). هەڵبەت ئەم ئامارانە بە هێچ شێوەیەک بوونی خوا نە رەتدەکەنەوە وە نە دەیسەلمێنێن، بەلام بەلای کەم دەبێتە هۆی پووچەڵ کردنەوەی ئەو لێکدانەوەیە کە هەوڵی سەلماندنی بوونی خوا دەدات بە پشت بەستن بە خواپەرەستی کەسانی عاقل و زیرەک.

لە کۆتاییدا ئاستی هۆش و زیرەکی بێخودایان یان خواباوەڕان بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بەڕاستی بوون یا نەبوونی خواوە نییە، چونکە ئەگەر پەیوەندی هەبوایە ئەوکات بوونی بێخوداکانی بلیمەت بەهەمان ئەندازەی ئیددیعای بوونی خواپەرەستانی بلیمەت و عاقل، شیاوی قەبوڵکردن دەبوو. ئەمە لەکاتێکدایە کە دروست بوونی هەردوو بۆچوون لە یەک کاتدا مومکین نییە. بە بێ بەڵگە و نیشانە هیچ هۆیەک بۆ قەبوڵکردنی ئیددیعای هیچ کەسێک نییە، هەرچەندە کە لەوانەیە ئەم کەسە پسپور بێت، بلیمەت بێت وە یان خاوەنی ئاستێکی بەرزی خوێندەواری بێت.

## سەرچاوەکان:

1) Cialdini, Robert B. “Authority.” Influence: The Psychology of Per-

suasion. Rev. Ed. ; 1st ed. New York: Harper Business, 2006.2) Moosa, Tauriq. “The Dangers of Being Smart.” Big Think. June 13, 2012. Accessed September 26, 2014.
2) Bennett, Bo. “Appeal to Authority.” In Logically Fallacious: The Ultimate Collection of over 300 Logical Fallacies. EBookIt.com, 2012.
3) Lynn, Richard, John Harvey, and Helmuth Nyborg. “Average intelligence predicts atheism rates across 137 nations.” Intelligence 37, no. 1 (2009): 11-15.
4) Masci, David. “Scientists and Belief.” Pew Research Centers Religion Public Life Project. November 5, 2009. Accessed September 26, 2014.

## وەرزی بیست

# «لە راستیدا چۆن دەکرێت لە بابەتێك زور دڵنیا بین؟»

توندڕەوی لە گومانکردندا extreme skepticism جۆرێکە لە گومانکردنی فەلسەفی کە باوەڕهەبوون بە هێچ شتێک قەبوڵ ناکات(١). توندڕەوێکی گومانکەر لە دژایەتی کەسێکی بێخودا دەڵێت: «ئێمە ناتوانین بوون یا نەبوونی هیچ شتێک بسەلمێنین» وە هەندێک کەس سوود لەم لێکدانەوەیە وەردەگرن بۆ ئەوەی ئەگەرەکانی بوون وە نەبوونی خوا بە یەکسان پیشان بدەن. لەحالەتی مامناوەندی، توندڕەوێکی گومانکەر ئەم پرسیارە بەرز دەکاتەوە کە ئایا بەڕاستی دەکرێت هیچ بۆچوونێکی تایبەتمەند بسەلمێنرێت وە یان بەشێوەیەکی بێ لایەنانە بەدروست هەژمار بکرێت. وە لە توندڕەوترین حالەت ئەم شێوەیە لە گومانکردنە بەگشتی بەرەو ڕەتکردنەوەی جیهانی ماددی بە تێکرا دەڕوات. ئەم گێژاوە فەلسەفیە بۆ هەزاران ساڵ لە ناو فەلسەفەدا هەبووە(١).

## چۆن دەکرێت ئێمە لە بابەتێك دڵنیا بین؟

پێش ئەوەی روون بکەینەوە کە بۆچی ناکرێت ئەم لێکدانەوەیە دژبە بێخودایی بە کاربهێنرێت، باشتر وایە تێبگەین کە مانای گومانکردن بە وردی چییە لەم بابەتەدا. هەندێک کەس بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەدەستهێنانی زانستی تەواو مەحاڵە بەهۆی سنوورداربوونی ئێمەی مروڤ لەهەستەکان و ئەزموونەکانمان، کە لەکۆتاییدا لەناو مێشکدان. ئێمە راستیەکانی دەوروبەرمان لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە وەردەگرین وە لە ڕێگەی مێشکمانەوە لەبارەیان بیر دەکەینەوە وە ئەمە مەحاڵە دڵنیابین لەوەی کە ئەم هەستانە بە تەواوی جێگای متمانە بن.

بۆ نموونە ڕەنگی شین بهێنینە بەرچاوتان. ئێمە بە شێوەی زانستی دەزانین کە ڕەنگەکان لە ڕەنگدانەوەی درێژی شەپۆلێکی تایبەتیەوە دروست دەبن وە دوای بەرکەوتنیان بە تەنێک تیشک ئەدەنەوە وە ئێمە دەتوانین درێژی ئەم شەپۆلانە ئەندازە

بگرین تاکۆ بزانین کە ئایا ئەم رەنگە بەڕاستی شینە یان نە. بەڵام بەدڵنیاییی رەها ناتوانین بڵێین ئەو رەنگەی کە ئێمە لە مێشکمان دا بە رەنگی شین دەناسینەوە هەرهەمان رەنگی شینە کە کەسێکی تر بە شین ناوی دەبات. چونکە ناتوانین بە چاوی کەسێکی تر شتەکان ببینین، ناتوانین دڵنیا بین لەوەی کە رەنگەکان بە دیدی ئەو بە چ شێوەیەک دەبینرێت.

لەڕاستیدا لەوانەیە کە ئێمە هەر وجوومان نەبێت وە شتێک بەناوی راستی بوونی دەرەکی نەبێت. لەوانەیە کە ئێمە تەنها کۆمەڵێک مێشکی ناو قاڵبەکان بین کە بەستراوین بە شێوە کۆمپیوتەرێکەوە وەک فیلمی بەناوبانگی ماتریکس The Matrix. هەموو ئەو شتانەی دەزانین و دەبینین و ئەزموونیان دەکەین لەوانەیە لەکۆتاییدا درۆبن. بەوجۆرە کە لۆژیکی ئەم لێکدانەوەیە پێشانمان دەدات، ئێمە هیچ رێگەیەکمان نییە کە بزانین ئایا بەڕاستی ئێمە کۆمەڵێک مێشکی ناو قاڵبین بۆ تاقیکردنەوە یا نە؛ هەروەها هیچ رێگەیەک نییە بۆ ناسین و تێگەیشتنی هیچ شتێک سەبارەت بە جیهانی خۆمان. لەبەرئەوەی کە ئەم بانگەشەیە بەهیچ شێوەیەک قابیلی تاقیکردنەوە وە لێکۆلینەوە نییە، سەڵماندنیشی مەحاڵ دەبێت وە بەم جۆرە هیچ هۆیەک بۆ بڕوا کردنی دروستی ئەم لێکدانەوەیە نییە. ئێمە تەنها دەتوانین لەو راستیەی دەناسین بژین وە نەک لە راستیەکی گریمانی کە هیچ رێگەیەک بۆ سەلماندنی نییە. ئەگەر بە پێچەوانەوە رەفتار بکەین بێگومان شێتانەیە.

بۆ نموونە وادابنێن کەسێک پێتان بڵێت کە دەعبایەک لە ژێر تەختی نووستنی ئێوە دەژیت. ئێوە هیچ کاتێک ناتوانین لەهەبوونی دڵنیابن، هەروەها لەبەرئەوەی کە نابینرێت هێچ دەنگێک یان شوێن پێیەکیش لە خۆی بەجێ ناهێڵێت. لەم حالەتەدا ئێوە نابێت بیر لەبوونی دەعبا بکەنەوە وە بەجۆرێک رەفتار بکەن کە ئەو لەژێر تەختەکەتان دەژیت، چونکە هیچ رێگەیەک بۆ سەلماندنی بوونی ئەم دەعبایە نییە وە هەبوونی ئەم دەعبایە، بە لەبەرچاو گرتنی دژایەتی ئەم بانگەشەیە لەگەل مودێلە زانستیەکان کە زۆر بەوردی بەرەنجامەکان پێش بینی دەکەن وە دیاردەکانی جیهان روونده‌کەنەوە، ئەگەرێکی دوور لەڕاستیە. لەبەرئەوە ناکرێت ئەم دەعبایە، کە بەهیچ جۆریک نە رەتدەکرێتەوە وە نە دەسەلمێنریت، لە دەعباکانی ترکە ئەوانیش بوونیان نییە جیا بکەینەوە، بۆیە دەبێت بە جۆرێک بژین کە گوایە هیچ دەعبایەک لە

دونیا نییە، وە ئەمە باشترین ڕێگەیە.

ئایا ئێوە وشیارن، یاخۆد ئەمە بەس خەوێکە کە لە ناویدان؟ لەوانەیە هێشتا لەسەر تەختەکەتان بن. لەوانەیە کاتێک کە لەخەو هەڵدەستنەوە تەنانەت بەبیرتان بێتەوە کە ئێوە ئەو کەسەش نین کە لەناو ئەم پەردەیە لە خەونەکەتان ڕۆڵی ئەوتان دەگێرا. لەوانەیە بەخەبەربێنەوە، ناو و ڕەگەز وە تەنانەت نەتەوەتان جیاواز بێت. تەنانەت لەوانەیە مروڤ نەبن وە یان لەوانەیە تەنها کەسایەتیەک بن لەناو یارییەکی کۆمپیوتەری پێشکەوتوو وە یان لەوانەیە لەناو خەونی کەسێکی تر دابن، وە کاتێک ئەم کەسە لەخەو هەستێتەوە وە یان کومپیوتەرەکە بکۆژێنرێتەوە، ئیتر ئێوەش بوونتان نابێت. بە هیچ جۆرێک ناتوانن بسەلمێنن کە هیچ کام لەم بانگەشانەی سەرەوە دروستکراو بێت. ئایا ئەمە لۆژیکی دەبێت کە بڕیارەکانی ژیانمان بەپێی ئەم بانگەشانە یا هەر بانگەشەیەکی تر، کە قابیلی ڕەتکردنەوە و سەلماندن نین، بدەین؟

سەبارەت بە جیهانی خۆمان پێویستمان بەدڵنیایی تەواو نییە چونکە دەتوانین بەپێی ئەو زانیاریانەی بەردەستمانن بژین وە باشترین بڕیارەکان بدەین تا ئەو رادەیە کە زانیاریەکان ڕێگەمان پێدەدەن، بەدڵنیاییەکی گونجاو وە نەک دڵنیایی تەواو. ئەم ئەندازەیە دڵنیابوونە بۆ ئێمە بەسە تا بتوانین بەپێی ئەو کارەکانی ڕۆژانەمان ڕاپەرینین. زانست بەهیچ شێوەیەک بانگەشەی ئەمە ناکات کە سەبارەت بە جیهان گەیشتووتە دڵنیایی تەواو بەڵکو ئەو مۆدێلانە ئامادە دەکات کە دەتوانن بەپێی بەڵگەکانی بەردەست، گونجاوترین ڕوونکردنەوە بخەنەڕوو. ئەگەر بەڵگەکانی نوێ بدۆزرێنەوە ئەوا ئەم مودێلانەش دەکرێت بگۆڕدرێن. بانگەشە ئایینییەکان دەبێت وەک بابەتە زانستیەکان قابیلی لێکۆڵینەوەی ورد بن، ئەم بانگەشانە پێویستە شیاوی تاقیکردنەوە، دوبارە کردنەوە وە ڕەتکردنەوە بن. ئەگەر هیچ ڕێگایەک بۆ ڕەتکردنەوەی بانگەشەیەک نەبێت کەواتە نابێت بە جۆرێک بژین کە گوایە ئەم بانگەشانە ڕاستن.

## دروست بوونی باوەڕەکان شیاوی هەڵسەنگاندنن

ئێمە هیچ چارەیەکمان نییە بێجگە لەوەی کە لەگەڵ ڕاستیەکان دا بژین وە دەبێت پەیرەوی ئەو یاساکانە بکەین کە لەسەری حوکم دەکەن بەوجۆرەی کە وەریاندەگرین. تەنانەت ئەگەر ڕاستیەکان تەنها لاسایی کردن بن، تاکە هەڵبژاردنێکە

کە لەبەردەستمانە وە بەم شێوەیە ئێمە باوەڕەکانمان سەبارەت بە جیهان بەپێی ئەو شتەی دەبینین، دادەڕێژین. ئێمە بۆ بڕیاردان بە پشوودرێژی دانانیشین تاکۆ دڵنیایی رەها بەدەست بێت بەڵکو لە سەر بنەمای ئەو زانیاریانە بڕیارەکانمان دەدەین کە ئەزموونەکانمان ئەتوانن لە یاسا زاڵەکانی گەردوون بەدەست بهێنن.

کارل ساگان لە سەردەمێک گووتی: «بانگەشە نائاساییەکان پێویستیان بە بەڵگەی نائاساییش هەیە». ئەگەر ئێوە ئێستا بانگەشەیەک بکەن کە دژبە تێگەیشتنی ئێستای ئێمە سەبارەت بە جیهان نەبێت ئاستێکی سنووردار لە زانیاری بۆ سەلماندنی بەسە. بۆنموونە ئەگەر بڵێن خۆر لەکاتژمێر شەشی بەیانی سبەی دەردەکەوێت، ئەتوانم بڕوا بە قسەکەتان بهێنم. بە لەبەرچاو گرتنی شوێنی جوگرافیایی وە مانگ و وەرزەکە ئەتوانێم لێکبدەمەوە کە ئایا ئەم قسەیەتان بە پێی راستیەکان دروستە یا هەڵە. بەڵام ئەگەر ئێوە بڵێن کە رۆژ سبەی دەرناکەوێت وە گورگێکی زەبەلاح قووتی دەدات، ئەوکات چاوەڕوانی بەڵگەکانی زۆر زیادتر دەکەم. بەپێی هەموو ئەو شتانە کە سەبارەت بە گەردوون دەبینم وە دەزانم بۆم دەردەکەوێت کە ئەگەری روودانی ئەمە زۆر لاوازە چونکە دژبە زۆربەی یاسا زاڵەکانی گەردوون دەبێت. بۆئەوەی بتوانم بڕوا بەم بانگەشە مەحاڵە بکەم پێویستم بە بەڵگەکانی زۆر بەهێز دەبێت، بە پێچەوانە ئەم گریمانە زیاتر نزیکە بەم راستیە کە یان درۆ ئەکەن یان شێتن.

ئەم قسەیە کە ئێمە لەکۆتاییدا توانای تێگەیشتنی بوون یا نەبوونی خوامان نییە هیچ پەیوەندیەکی بەبابەتی سەلماندنی بوونی خوا نییە. بێ هێزبوون لە ناسین و تێگەیشتنی بابەتێک ئەگەری دروست بوونی بابەتەکە زیاد ناکات. بە پێچەوانەی جۆرەکانی توندرەوی گومان کردن، لە گومان کردنی زانستی دا ئەگەری دروست بوونی بانگەشەیەک بەپێی ئەندازەی بەڵگەکانی پشت راستکەری بانگەشەکە هەڵدەسەنگێنین. بەم جۆرە بە سوودوەرگرتن لەم شێوازانە دەتوانین ئەگەری دروست بوونی بانگەشەکان بەراورد بکەین. بانگەشەکانی وەک خوا، بابانۆئێل و یان جنۆکە وە ... هتد، کە شیاوی رەتکردن و سەلماندن نین، بە قەد ئەو بانگەشانەی کە بەڵگەکانیان جێگای متمانەن وە شیاوی تاقیکردنەوە و پشتڕاست کردن و دووبارە کردنن، ئەگەری دروست بوونیان زۆر نین(٢).

دووبارە بەبیر دەهێنینەوە؛ شێوازە زانستیەکان لە هەر شێوازیکی تر سەقامگیرتر و

یەکپارچەترن وە توانیویانە بە سەرکەوتوویی روونکردنەوەیان هەبێت سەبارەت بە زۆر لە دیاردەکانی جیهان و پیش بینی زۆر وردیان هەبووە لەسەر جیهان. ئەم بابەتە باوەڕهەبوون بە سەقامگیربوونی یاساکانی ناو سروشت پشتڕاست دەکاتەوە وە بە روونی دیارە لە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی لە سەدەی پێشوو.

## من راستیەکەی تۆ رەت دەکەمەوە وە راستیەکەی خۆم لە جیاتی دادەنم

ئەمە نوکتەیە بەناوبانگەی ئادەم سەواج Adam Savage لە پرۆگرامی تەلەویزیونی MythBusters بەبیرتان بهێنێنەوە: «من راستیەکەی تۆ رەتدەکەمەوە وە راستیەکەی خۆم لە جیاتی دادەنم»(٣). ئەگەرچی ئەم قسەیە وەک گاڵتە بەکارهێنا بەڵام جەوهەر و مانای دەروونی ئەم قسەیە دەتوانێت ئەو ئینسانانە بگرێتەوە کە باوەڕیان بەو توندڕەویە لە گومانکردن هەیە کە لەم کتێبە باسکرا: ئەگەر ئێمە بەڕاستی ناتوانین هەموو شت تێبگەین کەواتە ئیتر ئەگەری دروست بوونی هەر شتێک هەیە.

هەرچەند لەوانەیە لە رووی فەلسەفیەوە ئەم جۆرە گفتوگۆیانە بەسوود بن بەڵام ئەم باسانە ئەگەر وەک لێکدانەوەکان بۆ بابەتی بوونی خوا بەکاربێن زۆر لاوازن. ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە بە دروست هەژمار بکەین، ئیتر ناتوانین لەوەش دڵنیابین کە خودی لێکدانەوەکەش دروست بێت چونکە دڵنیابوون لە بنچینەکانی ئەم لێکدانەوەیەش لاواز دەکات.

هەموو ئەم یاریە فەلسەفیانە تەنها بۆ مەبەستی بەلاڕێدا بردنی هۆشی ئێمەیە وە بۆ سەرپۆش دانانە لەسەر ئەم راستیە کە خواپەرەستان ناتوانن بوونی خوایان بسەلمێنن. بێخوداکان بێگومان ناچارنین بەرگری بکەن لە باوەڕنەبوونیان بە خوا وە بەهەمان شێوە پێویست ناکات وەڵامی هەموو پرسیارەکانی سەبارەت بە گەردوون بزانن بۆ ئەوەی واز لە باوەڕ هەبوون بە خوا بهێنن. خواپەرەستان بە گووتنی ئەمە کە باوەڕیان بە خوا هەیە بانگەشەیەکی نائاسایی دەخەنەڕوو وە ئەم بانگەشەیە پێویستی بە بەڵگەی نائاساییە. هەروەک لەم کتێبەدا پێشان درا ئەم بەڵگانە بوونیان نییە. هیچ کام لەو بەڵگانە کە خواپەرەستان بۆ سەلماندنی بوونی خوا بەکاردەهێنن قایلکەر نین.

# سەرچاوەکان:

1) Dancy, Jonathan, Ernest Sosa, and Matthias Steup, eds. A Companion to Epistemology. 2nd ed. Wiley-Blackwell, 2010.
2) Kurtz, Paul. The New Skepticism. Prometheus Books, 1992.
3) Savage, Adam. "Explosive Decompression/Frog Giggin›/Rear Axle." MythBusters. Discovery Channel. 11 Jan. 2004.

# «گەڕان بە دوای خوا»

هۆی نووسینی کتێبی «بۆچی خوا نییە» لەلایەن ئارمین نەوابی چییە؟ ئارمین کە پێشتر موسڵمان بووە، دامەزرێنەری ڕێکخراوی کۆماری ئەتائیستی (بێخودایی) Atheist Republic. کۆماری بێخودایی گروپێکە لەگەڵ زیاتر لەیەک ملیون فالۆوەر کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر گەشەدەکات لە سەرتاسەری جیهان. شوێنێکە کە ئەتائیستەکان دەتوانن بۆچوونەکانیان ئاڵۆگۆڕ بکەن لەگەڵ یەکتر وە بەژداری گفتوگۆوکان و دیبەیتەکان بکەن لەگەڵ بێخوداکانی تر وە یان خواپەرەستان. وەک بێخودایەک وە کەسێک کە پێشتر موسڵمان بووە، بابەتی خوا هۆکاری سەرقاڵ بوونێکی زۆری مێشکی ئارمین بووە وە کاریگەریەکانی ئەم بابەتە بەشێکی زۆر گرنگی ژیانی ئەویان پێک هێناوە. هەوڵەکانی ئەو بۆ نزیکبوون بە خوا وە دۆزینەوەی ڕێگای ڕزگاربوون تاڕادەیەک نزیک بوو ببێتە هۆکاری گیان لەدەستانی. ئەم بەشە لە کتێب چیرۆکی بەسەرهاتی ئارمینە بە نووسینی یەکێک لە هاورێیەکان وە هاوکارانی لە کۆماری بێخودایی بەناوی محمدسەواج Mohammad Savage.

## مێشـکێکی کراوە

ئارمین لە کۆماری ئیسلامی ئێران لەدایکبووە وە گەورە بووە. ئەو هەر لە تەمەنی زووەوە لە ژینگەیەکی ئیسلامی ئامۆژگارییەکانی ئایینی بە تەواوی فێربووە وە هەروەکو لەسەر هەموو موسڵمانەکان واجبە ڕۆژی پێنج جار نوێژی دەکرد. لەگەڵ گەورە بوونی لەو شتانە دەترسا لە هەرموسڵمانیکی باوەڕمەند دەبوایە بترسێت؛ دۆزەخ، گوناح، شەیتان، تووڕەیی خوا وە...هتد، هەروەها ئەگەری چوونە دۆزەخی دایک و باوک تەنها شتێک بوو کە تەنانەت لەچوونە دۆزەخی خۆی زیاتر لێی دەترسا، کە لە مێشکی تازەپێگەیشتووی ئەو ئەگەرێکی زۆر بەهێز بوو چونکە دایک و باوکی وەک ئەو بە ڕێک و پێکی پێنج فەرزە نوێژیان جێبەجێ نەدەکرد.

ئارمین لە تەمەنی هەرزەکاری لە وانەکانی ئایینی وە لەرێگەی ماموستا ئایینییەکان فێر کرا کە ئەگەر کوڕێک پێش تەمەنی پانزدە ساڵ بمرێت ئەوا لە هەموو حاڵەتێکدا راستەوخۆ دەچێتە بەهەشت وە ئەم یاسایە کچانیش دەگرێتەوە بەو جیاوازیە کە بۆ ئەوان تەمەنی نۆساڵ کۆتا دەرفەتە. ئەم بیرۆکەیە لە مێشکی ئارمین مایەوە وە بەهۆی ئەو ترسەی ئایین لە دەروونی چاندبوو، لە بیرکردنەوە سەبارەت بەم بابەتە نقوم ببووە.

مێشکی بێ ئەزموونی ئارمین وەڵامەکەی دۆزیەوە: یەک رێگەچارە هەیە کە بەدڵنیاییەوە ئەنجامی دەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە کە زۆربەی موسڵمانان بۆ بەدەست هێنانی دەژین وە ئامادەن گیان لەسەر دابنێن. ئەو بەهیچ جۆرێک بیری بۆ ئەمە نەچوو کە ئەی بۆچی هیچ کامە لە هاوپۆلەکان یاخۆد گەورەکان بیریان لێ نەکردبووە وە سوودیان لەم کورتە رێیە بێ وێنەیە وەرنەگرتبوو. ئەو نەیدەویست وەک مەڕ تەنها بەدوای کەسانی تر بکەوێت لە ژیانێکی دوور و درێژ وە رێگابدات کە خۆشیەکانی ئەم ژیانە ئەم دەرفەتە زێڕینە لە گەنجە هەرزەکارەکە وەربگرن. هەنگاوەکانی دواتر وەک رۆژ بۆی روونبووە. لە تەمەنی چواردە ساڵیدا خۆی یەکلاکردەوە وە لە پەنجەرەی نهۆمی سەرەوەی قوتابخانەکەی خۆی فرێدا خوارەوە.

ئەو دەیویست بەم شێوەیە خۆی بکوژێت وە لەم رێگەیە داهاتووی خۆی گەرەنتی بکات کە چوونە بەهەشت بوو. پێویست ناکات بڵێم کە پلانەکەی بەو شێوەیە کە ئەو دەیویست نەچووە پێش وە خوشبەختانە ئارمین لەم رووداوە رزگاری بوو. بەڵام ئەم کارە بووە هۆی بەجێمانی برینەکانی زۆر سەخت؛ دەستێک و دوو پێی شکان وە زیان گەیشتە بڕبڕەی پشتی لەگەڵ چەندین برینی تر کە دەبوایە بۆ ماوەیەکی درێژ بەرگەیان بگرێت. دوای ئەم رووداوە بۆ ماوەی حەوت مانگ گرفتاری کورسی ئیفلیجەکان بوو وە تەنانەت دوای رزگاربوونی لەم کورسیە تا چەندین مانگ نەیدەتوانی بەبێ یارمەتی لە سەر پێیەکانی بڕوات.

ئارمین دوای هەوڵە خۆکوژیە سەرنەکەوتووەکەی، پێش ئەوەی بەهۆی زیانە فیزیاییەکانی جەستەیی وێران ببێت، بەهۆی کاریگەریەکانی ئەم کارەی لەسەر دایک و باوکی ئەشکەنجە دەبوو. ئاگاداربوونی لەو ئێش و برینە قوڵە دەروونییە

کە ئەو بۆ دایک و باوکی دروست کردبوو بووە هۆی ئەمە کە ئیتر خولیای ڕێگەی ئاسانی چوونە بەهەشت فەرێوی نەدات وە لەجیاتی تەنانەت زیاتر لە پێشوو بچێتە ناو ئایین وە ڕێگایەکی باشتر بدۆزتەوە بۆ نزیک بوون لە خوا ئەویش بوون بە موسڵمانێکی گوێڕایەل.

ئەو زیاتر لە جاران نوێژ و دوعای دەکرد و بە وردی ئیسلامی دەخوێندەوە وە هەموو هەوڵی خۆی ئەدا کە باشترین موسڵمان بێت. هاوکات بە بەردەوامی داوا لە دایک و باوکی دەکرد تا ئەوانیش ڕێنماییەکانی ئایین بەرێکی جێبەجێ بکەن. هیچ ڕۆژێک نەبوو داوا لە دایکی نەکات کە لەگەڵی بەژداری نوێژەکانی ڕۆژانە بکات.

لەکاتێکدا کە ئەم خوێندن و لێکولینەوانەی ئارمین یارمەتی دەدا کە زیاتر ئاشنا ببێت لەگەل ناوەڕوک و وردەکاریەکانی ئیسلام بەڵام لە هەمان کاتدا کەم کەم دەبووە هۆکاری دروست بوونی بیرۆکەکانی نەخوازراو و زۆر ناخۆش. هەرکات وەڵامی پرسیارەکی سەبارەت بە ئایین یا خوا دەستی دەکەوت لە لایەکی تر دەیان پرسیاری تر شوێنی پرسیاری یەکەمی دەگرتەوە وە بەم شێوەیە ئەو بەرەو لێکۆلینەوەیەکی درێژ و بێ ئەنجام دەچووو. هەرچی زیاتر دەچووە ناو بابەتەکان، پرسیار و گومانی زیاتر دروست دەبوون وە زیاتر و زیاتر سەری لێدەشێوا. ئەو دەستی کرد بە پرسیارکردن سەبارەت بە خودی خوا وە مەرام و مەبەستی خوا وە دادپەروەرییەکەی. بۆ نموونە بۆچی خوایەکی چاکەخواز دەبێت بەندەکانی خۆی تەنها بەهۆی باوەڕهەبوون بە ئایینێکی هەڵە (کە لە کۆمەڵگا و دایک و باوک وەریانگرتووە) لە ڕێگەی دۆزەخەوە ئەشکەنجە بدات؟

ئەم جۆرە پرسیارانە بێگومان بەهای قوڕسیان هەبوو. هەرکات ئارمین سەبارەت بە خوا گومانی دەبوو هەست دەکرد کە پەنجە سارد و ترسناکەکانی گوناحێکی قورس دڵی داگیردەکەن. دواتر ئەو توانی خۆی قایل بکات کە پرسیارکردن و گومانکردن لە زاتی خوا هەرگیز کارێکی نادروست نییە بەهۆی ئەو تێنوویەتیەی هەبوو بۆ زانین، وە بە ئاگاداربوون لەوەی کە لە ئایینەکەی هاندەدرێت بۆ لێکۆلینەوەی زانستی ئیسلامی زیاتر. بەو بوێریەی کە بە هۆی ئەم هەستە ئامانجدارە نوێیە بە دەستی هێنابوو، دەستی کرد بە خوێندنەوەی هەرشتێک کە دەتوانێت زانیاری بداتێ سەبارەت بە ئایینەکانی تر، تەنانەت ئەو ئایینانەی لەناوچوونە. کونجکاو بوون بۆ

وەرگرتنی وەڵامی ئەم پرسیارە کە بۆچی بە پێی ئایینی ئیسلام (کە گوایە ئایینی میهرەبانی و چاکەخوازیە) ئایینەکانی تر ئەوەندە خراپ وێنادەکرن کە تەواوی لایەنگران و پەیڕەوانی ئەم ئایینانە مەحکومن بە ئاگری هەتاهەتایی دۆزەخ. ئەمە زیاتر هانی دا تاکۆ لە ڕێگەی لێکولینەوە و خوێندنەوەی دوور و درێژ وە بیرکردنەوەی قوول بگاتە ئەم ئەنجامە کە بەدوای ئەگەرەکانی تر بچێت کە زیاتر لەڕاستیەوە نزیک بن؛ ئەویش ئەو ئەگەرە کە لەوانەیە لەڕاستیدا ئایینەکان دروستکراوی دەستی ئینسانەکان بن.

لەبەرئەوەی ئارمین بەجۆرێک فێرکرابوو کە لەو بیرۆکانەی ناو مێشکی دەسووڕانەوە بترسێت، هەست بە ئازارێکی دەروونی زۆر دەکرد. ئەشکەنجە دەروونییەکان زۆرجار وەک خەوی ناخۆش دەردەکەوتن کە لەناویاندا دەروازەکانی دۆزەخ بەڕووی دەکرانەوە. ڕۆژەکانیش لە بیر ۆ خەیاڵەکانی ناخۆش نقووم دەبوو، خەیاڵی ئەوە کە جنۆکەکان دەهاتن بەهۆی بیرکردنە خراپەکانی ئەشکەنجەی بدەن.

لەبەرئەوەی کە ئەو موسڵمانێکی باوەڕمەند بوو دەیزانی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیانە کە لەناو مێشکیدا بوون نە تەنها حەرامن تەنانەت زۆر شەیتانین. ئەو وایدەزانی کە خوا ئاگادارە کە چی لەناو سەری دەگوزەرێت وە هەست دەکرد خوا لێی نائۆمێد بووە. کاتێک بۆی دەردەچێت کە گوایە خەریکە باشترین هاوڕێ، چاودێر وە دروستکەری خۆی بەجێدێلێت تووشی خەموکی و پشێوی دەبوو. هەرچەندە کە ئەو زۆر ترسا بوو، بەڵام ئەم گومانانە ئیتر وازیان لێی نەهێنا وە جێگرتر و بەهێزتر دەبوون وە ئەمە بووە هاندەرێک بۆ ئارمین تاکۆ لێکۆلینەوە زیاتر بکات وە زیاتر بیر بکاتەوە.

هەرئەندازە کە بۆچوونەکانی سەبارەت بە خوا و ئایین زیاتر بەرەو تێگەیشتنێکی دروستکراوی مێشکی مروڤ دەچوو وە کەمتر بۆلای سەرچاوەیەکی ئیلاهی، گومانەکانی بەهێزتر و بەهێزتر دەبوونەوە، بۆیە ئەو بڕیاریدا ڕووبەڕوویان ببێتەوە چونکە ئیتر توانایی بەرگەگرتنی نەبوو لەبەرامبەر گەشەکردنی ئەو گەردەلوولە دەرونییەی خۆی. هەوڵیدا گومانەکان پشت گوێ بخات وە هەوڵیدا خۆی بەوەی قایل بکات کە دەبێت بەلای کەم خودی خوا ڕاست بێت، بە واتایەکی تر هەروەک زۆربەی باوەڕداران هەوڵ دەدا خۆی فەریو بدات. ئەو تەنها پێویستی بە بەڵگەو نیشانەی هەبوو بۆ تێگەیشتنی هۆکارەکانی گرنگ و سەرەکی باوەڕەکانی، بە

جۆرێک کە قابیلی سەلماندن و متمانە بن وە نەک ئەفسانەکانی ناو چیرۆکەکانی پێش سەدان ساڵ. ئارمین باوەڕی هەبوو کە هەرکات بتوانێت ئەم هۆیانە تێبگات بێگومان ئیمانەکەی لە هەمیشە توندترو بێگەردتر دەبوو.

دوای ئەوەی بە هێچ جۆرێک نەیتوانی هیچ بەڵگەیەکی زانستی و پتەو بدۆزتەوە، هەوڵێکی زۆریدا کە بوونی خوا لە ڕێگەی لێکدانەوەکان و بەڵگەکانی لۆژیکی و فەلسەفی بۆ خۆی بسەلمێنێت، بە تاقیکردنەوە و خوێندنەوەی پێناسەکان و بیردۆزەکانی فەلسەفی و فیکری. بەهەرحال کاتێک بۆی دەرکەوت کە هەموو ڕێگاکان، بەڵگەکان و لێکدانەوەکان بۆ سەلماندنی بوونی خوا زیاتر لە گاڵتەجاری دەچن، بە تەواوی هەستی بە نائۆمیدی دەکرد. پڕبەدڵ نوێژی دەکرد وە لە خوا دەپاڕاوە یارمەتی بدات. داوا لە خوا دەکرد نیشانەیەک، شتێکی تایبەت بۆی بنێرێت یان لە دەروونی دروست بکات کە بتوانیت ئارام ببێتەوە. هەڵبەت کە هیچ کات وەڵامی دوعاکانی وەرنەگرت. هەموو ئەم ڕووداوانە لە ساڵەکانی سەرەتایی ژیانی بوون وە لە کۆتاییدا لە تەمەنی هەژدە ساڵی بە ناچاری هەموو باوەڕەکانی لە دەست دا. ناخۆشترین هەستی ئەوکات ئەوە بوو کە لەلایەن کۆمەڵگا، وڵاتەکەی، ماموستاکانی وە کەسانی نێزیکی فێل لێکراوە، خیانەت لێکراوە وە بەکاریان هێناوە. لە دەروونەوە شکابوو، تووڕە بوو وە هەستی بە خەمۆکی دەکرد. ئەو شتێکی زۆری کردبووە قوربانی، تەنانەت دەکرێت بڵێن هەموو ژیانی کرابوو قوربانی وە هەموو ئەوانەش بەهۆی هەندێک چیرۆکی مناڵانە.

بێگومان ئینسانەکان هەندێک جار دوای وازهێنان لەو ئایینەی کە هەموو تەمەنیان باوەڕیان پێ هەبووە وە لەگەڵیان بووە تووشی گومانکردنی کاتی دەبنەوە وە ئارمینیش لەمە جودا نەبوو: «لەوانەیە من هەڵە بم، لەوانەیە لە راستیدا زۆر نەخۆش بم وە ئاگام لە خۆم نییە، لەوانەیە هەولە خۆکوشتنەکەم شتێکی زیاتر لە ئێسقانەکانمی شکاندبێت، لەوانەیە زیان بەمێشکمی گەیاندووە، ئایا ئەوەندە خۆویستم کە وابیربکەمەوە کە ئەوەی من تێگەیشتووم تەنها من دەزانم وە هیچ کەسێکی دەوروبەرم نازانێت؟« ئەمە کۆمەڵێک بیرکردنەوەی باو لە لایەن ئارمین بوون کە بەدرێژایی کاتەکانی دۆزینەوەی خۆی سەرقاڵیان بوو. ئارمین تەنها بێخودایەک نەبو کە دەیناسی. هەروەک هەمووجار کە هەمیشە بوێر و زیرەک بوو، ئەم جارەش ئارەزووی دەکرد

کە بتوانێت ئینسانەکانی زیاتری ئاشنا بکات لەگەڵ بۆچوونەکانی و ئەو ڕێگە سەرسوڕهێنەرەی ئەوی گەیاندبوو ئەم خاڵە.

بۆ کەسێک کە تازە دەبێتە بێخودا، ژیان لە وڵاتێکی ئیسلامی بەرەنجامەکەی تەنها بوون و گۆشەگیری دەبوو. ئەو تامەزرۆی ئەوە بوو کە خەلکانی تریش لەگەل بۆچوونەکانی ئاشنا بکات، لەبەر ئەوە بوو بە ئەندامی Orkut (تۆڕێکی کۆمەڵایەتی لە پێش دروستبوونی فەیسبووک Facebook) وە هەر لەوێ بەردی بناغەی ئەو شتە دانا کە دواتر ناوی گۆڕا بۆ کۆماری بێخودایی. جودا لە ترسەکانی سەرەتایی، کاتێک کارابوونی ئەو کەسانەی ئەندامی گروپەکەی بینی سەری سوڕمابوو وە سەرسام و خوشحال بوو بە بینینی ئەو هەموو کەسە کە لە سەرتاسەری جیهانەوە ئاسانی لەگەڵ یەکتر گفتوگۆویان دەکرد. بەهۆی دۆزینەوەی ئەو هەموو خەلکەی وەک خۆی بێخودا شانازی بە خۆی دەکرد وە زۆر خوشحال بوو. بیرۆکەی شێتانەی باوەڕنەبوون بە خودا ئیتر بۆی بە شێتانە هەژمار نەدەکرا.

ئارمین دەیویست گروپێکی گەورەتر لە خەلک پێک بهێنێت وە پەیوەندی لەگەل بیسەرانی زۆرتر دروست بکات. ئەو دەیویست بێخوداکان بدۆزێتەوە وە دەربارەی خوا و ئایین لەگەل هەرکەس کە حەزی لەو بابەتە بێت گفتوگۆو بکات. بەڵام گرنگتر لە هەموویان مەبەستی ئەوەبوو کە خەلک تێبگەیینێت لە هەلبژاردنەکی تریش هەیە کە زیاتر جێگای متمانەیە. بێگومان یەکێک لە گەورەترین ستەم و نادادپەروەریەکانی وڵاتان و کۆمەڵگاکانی داخراوی ئایینی ئەمەیە کە شانسی هەڵبژاردن بەهیچ کەسێک نادرێت وە هەر لە لەدایک بوونەوە تا گەورە دەبن تەنها یەک هەڵبژاردەیان هەیە ئەویش ئەوەی کۆمەڵگا دەیەوێت. وە ئارمینیش یەکێک بوو لەو قوربانیانە.

نارەزایەتی ئارمین لە سنووورداربوونی پەیوەندیەکان وە نەبوونی هیچ ڕێگایەکی بەربڵاو بۆ ئامانجەکانی، بووە هۆی دامەزراندنی گروپی کۆماری بێخودای لە ساڵی ٢٠١١. ئامانجی سەرەکی لە دروستکردنی ئەم گروپە بریتی بوو لە رەخساندنی دەرفەتی ئاشنابوون لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی بێ باوەڕ بۆ هەموو تاکێک، وە بانگهێشتیان بکات بوو ئەوەی ئەگەر دەیانەوێت بەژداربن لە شیکردنەوە و گفتوگۆو لەسەر بابەتەکانی جۆراوجۆری پەیوەست. هەروەها دەیویست گروپێک دابمەزرێنێت کە یارمەتیدەر بێت بۆ بێخوداکان لە وڵاتان و کۆمەڵگا داخراوەکان تاکۆ کەمتر هەست

بە تەنهابوون و گۆشەگیری بکەن وە کەمتر ناچار بن شەرمەزاری بۆچوونەکانیان بن. ئارمین دەیویست کە ئەم بێخودایانە بزانن کە کەسانی تری وەک ئەوانیش هەن وە تەنانەت کەسانێک هەن کە ئامادەن گوێ لە ئەوان رابگرن وە پشتگیری و رێنماییان بکەن.

## بابەت و گفتوگۆوی زیاتر

تەرکیزی سەرەکی ئەم کتێبە بە گشتی لەسەر مانا و پێناسەکانی خوایە وە نەک لەسەر ئایینێکی دیارکراو یا تایبەت. من لە داهاتوویەکی نزیک دوو کتێبی تر بڵاودەکەمەوە کە تایبەتن بە ئایینەکانی ئیسلام و مەسیحیەت وە خستنەڕووی رەخنە سەرەکیەکان لە ئامۆژگارییەکانی ئەم دوو ئایینە فراوانە. ئەگەر حەزتان کرد دەتوانن لە هەر فرۆشگایەکی ئۆنلاین کە پێتان خۆش بێت یاخۆد لە Googlereads نووسینێکی کورتی راستگۆیانە سەبارەت بە بۆچوونەکانتان یا هەر شتێک کە رەخنەتان هەیە یان پێتان وایە دەبێت زیاد بکرێت لەسەر ئەم کتێبە بۆمان بنووسن، یەکێک لەم دوو کتێبەی سەرەوە هەرکات ئامادەکرا بە بێ بەرامبەر بۆتان دەنێرین. بۆچوونەکانی پوخت و کورتی ئێوە یارمەتیدەر دەبێت تاکو ئەم کتێبە وە بابەتەکانی داهاتوومان بگەیەنینە دەست ئەوانەی سوود لێیان وەردەگرن.

هەرچەند هەوڵمان دا کە بابەتەکانی ئەم کتێبە کورت و تەواو بن بەڵام هێشتا دەکرێت لەسەر هەر وەرزێک زیاتر گفتوگۆ بکرێت. ئەگەر کەسێک ئارەزووی هەبێت سەبارەت بە یەکێک لە بابەتەکانی ئەم کتێبە راستەوخۆ لەگەل من گفتوگۆ بکات دەتوانێت لە رێگەی ماڵپەڕی خوارەوە پەیوەندیمان پێی بکات تاکو کاتێک دیار بکرێت بو گفتوگۆی دەنگی یا ویدیویی.

WhyThereIsNoGod.com

هەروەها پێشنیار دەکەین ئەندامی گوڤاری دەنگ و باسی کۆماری بێخودایی بن تاکو چیرۆکەکان و بابەتەکانی بەسوودی گروپی کۆماری بێخودایی بگاتە بەردەستتان.

پێشوازی لە هەموو بیروڕا و پرسیاری ئێوە دەکەین لە ماڵپەری خوارەوە:

ArminNavabi.com



ئارمین قورئان ماچ دەکات
لە یەکەم ڕۆژی ساڵێ نوێی خوێندن
لە تەمەنی ١١ یان ١٢ ساڵ

## وشـــەکان

| | |
|---|---|
| Begging the question | بەهەڵەدابردنی لێکدانەوەی بازنەیی |
| Argument from ignorance | بەهەڵەدابردنی گفتوگۆ لە نەزانییەوە |
| patternicity | نموونە خوازی |
| White noise | دەنگی سپی |
| Geocentrism | باوەڕهەبوون بەوەی کە زەوی چەقی گەردوونە |
| Self-replicating | خۆ - زیادکەر |
| Placebo | پلاسبۆ |
| Anecdotal evidence | بەڵگەکانی وەک چیرۆک |
| Feedback loop | ئەلقەی راوبۆچوون |
| Ad Hoc Arguments | بەڵگەهێنانەوەی هەڕەمەکی |
| Gnostic atheist | بێخودای رەها (تەواو)، دڵنیابوون کە نەبوونی خوا |
| Agnostic atheist | گومان هەبوون لە بوونی خوا (دڵنیا نەبوون) |
| Divinity | خوایی، ئیلاهی |
| God of gaps | خوای کەلێنەکان |
| Religious trauma syndrome | سەندرۆمی زەرەری ئایینی |
| Polytheist | چەند خواپەرەست |
| Monotheist | یەکتاپەرەست |
| Deist | داداربەوەڕ |
| Terror management theory | بیردۆزی بەرێوەبردنی توندۆتیژی |
| Cult of personality | ئایینی کەسی |
| Deathbed conversion | هەڵگەرانەوە پێش مردن |
| The appeal to authority | پشت بەستن بە دەسەڵات |
| Existence | هەبوون، وجوود |
| Claim | ئیددیعا، بانگەشە |

## وەرگێڕانی ئەم کتێبە پێشکەشە بە:

### گشت بێخوداکانی کوردستان

پەیوەندی بە وەرگێڕ لە ڕێگای ئەم ئیمەیلەوە:
bnarisarneel@gmail.com

بۆچی خوا بوونی نییە • ئارمین نەوایی • وەرگێڕانی: کەمال ئەحمەد • ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

# WHY THERE IS NO GOD

ARMIN NAVABI
Translated by: KAMAL A. AHMAD

زۆر لە ئێمە لەناو ژینگەی ئایینیدا گەورە بووینە و دواتر دەستمان کردووە بە پرسیار کردن و گومان کردن سەبارەت بەو باوەڕو کردار و رەفتارانەی کە لە لایەن خێزان و کەسە نزیکەکانمان و بەگشتی کۆمەڵگا فێرکراوین و دۆزینەوەی زمانی دەربڕینی گومان و بۆچوونەکانمان کارێکی ئاسان نییە. بابەتە جۆراوجۆرەکانی ئەم کتێبە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ زیادبوونی ئەزموونی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و هەستی گۆمانکردنتان بەهێزتر دەکەن. ئاشنابوون لەگەڵ بەڵگەکان و دژەبەڵگەکان لە سەر بابەتی بوونی خوا ئاسۆیەکی فراوانتر و تێگەیشتنێکی قووڵتر فەراهەم دەکات و هاندەرە بۆ خوێندنەوەی زیاتر لەسەر ئایینەکانیان. ئەگەر ئەم سەرچاوەیە بەکاردە هێنن تەنها بۆ زیادکردنی زانیارییەکانتان بە مەبەستی ئامادەبوونی زیاتر بۆ گفتگوکان یا خۆد بە ئامانجی وردبینی و شیکردنەوەی پێناسەی خوا و ئایین لە دیدێکی رەخنەگرانەوە، ئەم کتێبە بۆ بیست لێکدانەوەی باو سەبارەت بە سەلماندنی بوونی خوا وەڵامی پوختی ئامادەکردووە و بەپێی توانا لەگەڵ سەرچاوەی زیاتر ئاشنا دەبن بۆ خوێندنەوەی زیاتر.

Atheist Republic
ISBN 978-91-985822-3-9
9 789198 582239